# دوارۆژ



گۆڤارێکی
فیکری - سیاسیی
سه ربه خۆیه

ژماره : 2
ته مموزی : 1994

ژمارە : 2

تەمموزی : 1994

# گۆڤاریکی فیکری - سیاسیی سەربەخۆیە

## دوارۆژ

خاوەنی ئیمتیاز : فاروق مستەفا ڕەسول
سەرنووسەر : محەمەد ئەمین حەسەن
سکرتێر نووسین : فوئاد قەرەداغی

| لەم ژمارەیەدا : | ل |
|---|---|
| . پەیامی دوارۆژ | 3 |
| . چارەسەرکردنی کێشەی دەسەلات شەڕی ناوخۆیی دەبڕێنێتەوە | 13 |
| . بەرەو چارەسەرکردنی قەیرانی حوکم لە کوردستاندا | 19 |
| . هەلسەنگاندنی باری ئێستاو پێشبینیو ئەرکی دوارۆژ | 23 |
| . دەربارەی چەپەکانو حزبەکانی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد | 29 |
| . وێنە ڕاستگۆکان یان سەرمایەداریی بەبێ ڕووپۆش | 85 |
| . شەنو کەوی زاراوەکان | 103 |
| . دیداری دووەم | 111 |
| . ڕاگەیاندنێك دەربارەی هەلگیرساندنی شەڕی ناوخۆیی لە کوردستاندا | 133 |

ئەدرەس : سلێمانی - بەرامبەر کارگەی جگەرە - نووسینگەی دوارۆژ.
تەلەفون ٢٤٣٥٨

* 1000 دانەی لێ چاپکراوە
* لە چاپخانەی پەروەردەی هەولێر چاپکراوە 1994 .
* نرخی ( 20 ) دینارە .

# پەیامی گۆڤاری دواڕۆژ

**دەستەی نووسەران**

مایەی خۆشحاڵیو شانازییەکی بێ ئەندازەیە بۆمان، لە ماوەیەکی ئێجگار کورتدا، گۆڤارەکەمان لە بازاڕدا نەماو تەواوی دانەکانی بەدەستی خەڵکی گەیشتن. ئەم بە پیرەوە هاتنو سەودا سەرییەی خەڵکی بۆ بەرهەمی فیکریو سیاسی، لەلایەك نیشانەی بۆشاییو پێداویستییەکی ڕۆشنبیرییەو، لەلایەکی دیکەوە بۆ ئەو ڕێبازە فیکرییەی ( دوا ڕۆژ ) بۆ خۆی هەڵبژاردووە، نیشانەی خۆشەویستی فیکری سۆسیالیستی و هیوای هەمیشە زیندووی مرۆڤە چەوساوەکانە بە دوا ڕۆژێکی سۆسیالیستی، کە تەواوی ئەو کوێرەوەریو مەینەتییانەی سەرمایەداری بەسەر ئەم دنیایەیدا هێناوە، کۆتایی پێبهێنێ.

کارێکی ئاساییە خوێنەران لە نێوانی وتارەکانی یەکەم ژمارەوە گۆڤارەکە هەڵبسەنگێنن. وتارەکان بۆ خۆیان چەند مەسەلەیەکی گرنگی فیکریو سیاسییان هەژاندو ڕووبەڕووی کاردانەوە (رد الفعل)ی جیا جیا بوونەوە. دەستخۆشیو پیرۆزبایی گەرم لە دەستەی نووسەرانو رەخنەی دۆستانە لە وتارەکان، باڵی زاڵو شێوەی سەرەکی کاردانەوەکان بوون. ئێمە لەگەڵ پێزانینو ڕێزی بێ پایانمان بۆ هەموو ئەو خوێنەرە هێژایانەی

هەڵوێستی پشتگیرییان لە گۆڤارەکە دەربڕی، سوپاسی رەخنە لێگرەکانیشمان دەکەین‌و ئەوەندەی لەم سەروتارەدا بوار هەبێت بەڕاشکاوی پەیامی فیکری‌و سیاسی‌و شێوازی کارکردنی گۆڤارەکەیان بۆ روونەکەینەوەو لە ژمارەکانی داهاتووشدا دوورو درێژ لەمەڕ گشت ئەو کێشانەی ئاڵۆزی لە تێگەیشتن‌و لێکدانەوەیاندا هەیە دەنووسین.

١) دوارۆژ، گۆڤارێکی ئایدیۆلۆژی-سیاسییەو لەبەر تیشکی تیۆری سۆسیالیزمی زانستی‌ی (مارکس، ئەنگلز، لینین) دا لێکدانەوەکانی بۆ ئەم جیهانەو کێشەکانی مرۆڤایەتی دەخاتە ڕوو. کێشەی بنەڕەتی‌و سەرەکی ئەم جیهانە لە ناکۆکی کارو سەرمایەدا دەبینێت‌و گشت کێشەکانی دیکەی دنیا بە ڕسکاوی ئەم ناکۆکییە دەزانێت، بۆیە هەموو چەمکە فیکری‌و سیاسییەکان بەو پێودانگە هەڵدەسەنگێنێ‌و لەو ڕوانگەیەوە دەیانبینێت. مەسەلەی (عێراقێتی، کوردستانی، خاکی یەکگرتووی نیشتمانی عێراق، سنووری پیرۆز، دەوڵەت...هتد) بە ڕەها (مطلق)یی سەیر ناکات بەڵکو بە ناکۆکییە سەرەکییەکەی دنیاو ناکۆکییە جۆراو جۆرەکانی دیکەی، لە ئاستی کوردستان‌و عێراق‌و ناوچەکەو جیهان، دەبەستێتەوە، چونکە گەشەکردنی واقیع‌و بەرەو پێشەوە چوونی حەرەکەتی مێژوو لەسەر قاڵبە داتاشراوە ڕەها (مطلق)کان‌و چەمکە تەقدیسکراوەکان ڕاناوەستن‌و ئەوەی بەڕەهایی بمێنێتەوە تەنها جووڵانەوەیە! ئەمە ڕاستییەکی تیۆری‌و پراکتیکی سەلمێنراوەو، مێژووی فیکرو سیاسەتی حیزب‌و ڕێکخراوو دەوڵەتەکان لە سەرانسەری ئەم جیهانەدا، چ لە رابردوودا بێت یان لە ئیمڕۆدا، بەردەوام ئەم ڕاستییە دووپات دەکاتەوە. لەم گۆشە نیگایەوە عێراقێتی ئیمڕۆ بە ئەنگی نازانین، هەروەک سنووروخاکی یەکگرتووی عێراقیش تەقدیس ناکەین؛ یەکێتی‌و پەیوەندی‌ی هاوخەباتی‌و یەکگرتوویی تێکۆشانی کرێکاران‌و زەحمەتکێشانی گەلانی عێراق بەبەردی بناغەی سەرکەوتن بەسەر فاشیزم‌و، بەدەستە بەری بەدیلێکی دیموکراتی‌و سۆسیالیستی بۆ دوارۆژی عێراق دەزانین، هەروەک چەوساندنەوەی نەتەوایەتی‌و سیاسەتی ناسیۆنالیستانەی بۆرژوا شۆڤێنیزمی عەرەب دژی گەلی ستەمدیدەی کورد وەک ڕەگێکی چەوساندنەوەی چینایەتی کرێکارانی عێراق‌و لاوازی بزوتنەوەکەیان‌و چەواشە بوونی فیکری‌و سیاسی‌و فریوخواردن بە ڕێبازە ناسیۆنالیستی‌و مەزهەبییەکان تێدەگەین.

٢) لە دیدگایەکی نەتەوەییەوە رەخنەیەکمان دەربارەی ناولێنانی ڕاپەڕین بە ((ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلانی عێراق)) ئاراستەکراو گازاندەی ئەوەشیان لێکردین کە لە سەر وتاری ژمارەی پێشوودا باس لە ((ئەودابڕانەی نێوان بەشێکی کوردستانو بەشەکانی ناوەڕاستو خوارووی عێراق)) دەکەین.

بۆ ئێمە راستگۆیی پرنسیپێکی ئایدیۆلۆژیو رەفتارێکی سیاسییە، بۆیە ناکرێت بە پێچەوانەی واقیعەوە قسە بکەین. راستی لە ویستو خواستی ئێمە بڵندترەو نابێت راستییەکان بە قوربانی سیاسەتی ڕۆژ بە ڕۆژو خاترو خۆتری سیاسی بکرێن. ئێمە ناتوانین وەك راستییەك سەرانسەری بوونی ڕاپەڕین بشارینەوە. ئەوە بوو یەکەم پریشکی ڕاپەڕین لە شاری بەسرەوە کەوتەوەو لە ماوەی هەفتەیەکدا زۆربەی ناوچەکانی عێراقی گرتەوە؛ کاتێکیش ڕاپەڕین لە کوردستاندا دەستییێکرد، هێزە سەرکوتگەرەکانی رژێم بەیارمەتی ئەو هێزە پیادەو زرێپۆشەی گاردی کۆماریی عێراق، کە هاوپەیمانەکان ڕێیاندان خۆیان بە عێراقدا بکەنەوە، بەبەر چاوی زەقی هێزە هاوپەیمانەکانەوە، کە ئەوکاتە چەندین بنکەو مۆڵگەیان لە نزیك شارە ڕاپەڕیوەکانەوە هەبوو، شارە ڕاپەڕیوەکانی خوارووی عێراقیان لە خەڵتانی خوێن هەڵکێشابوو. دیارە ئەو راستییەش دەسەلمێنین کە ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان ڕۆڵێکی کاریگەرتری دیوەو لە سایەی ئەوڕاپەڕینەوە خەباتی دژە دیکتاتۆرییەت بوارێکی گونجاوو لە بارتری بۆ هەڵکەوتووە. ئەگەر لە سیاسەتی حزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقیو کوردستانیو پەیوەندییەکانیشیان چ لە نێو کۆنگرەی نیشتمانی عێراقو چ لەدەرەوەی کۆنگرە بکۆڵینەوە، جێدەستی عێراقیێتی ڕاپەڕینی دوای تێکشکانی عێراق لە جەنگی کەنداودا بە ئاشکرا دیارەو ناتوانرێت پەردەپۆش بکرێت. هەر ئەم سیاسەتو پەیوەندییانەش راستی دابڕانی نێوان بەشێکی کوردستانو بەشەکانی ناوەڕاستو خوارووی عێراق دەسەلمێنن. ئەم دابڕانە واقیعێکی بەرجەستەیەو نکوولی لێناکرێو تەنانەت ستراتیژی نوێی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە پێکهێنانی عێراقێکی فیدرالی دیموکراتدا، شەرعییەتی چەسپاندنی ئەو دابڕانە سەپاندی. لەبەر ئەوە (دابڕان) وشەیەکە راستگۆیی تێدایەو بە هۆی ئەم زاراوەیەوە خۆمان لە تەفرە خواردن بە وشەی (رزگاری) پاراستووە، کە لەلای ئێمە واتایەکی فراوانتری لە فیدرالیزم هەیەو واقیعی سیاسی ناوخۆو سیاسەتی نێودەوڵەتیش جارێکانە واتا فراوانەکەی بە ژێرەوە کردووەو ئەو خواستە دێرینەی جەماوەری خەڵکی ستەمدیدەی کوردی سڕکردووە.

٣)هەندێك لەو رەخنانەی لێمانگیراوە پەیوەندی بە درێژیی وتارەكانو زاراوەی نێو نووسینەكانەوە هەیە.

بە بۆچوونی ئێمە كورتیو درێژی وتارەكانو زمانی نووسینو زاراوە سیاسییەكان پەیوەندییان بە گەلێك هۆكارەوە هەیەو، سروشتو ئەركی گۆڤارەكە هۆكاری سەرەكییانەو بە ناچاری شێوەیەكی دیاریكراوی بەسەردا دەسەپێنێت، لەوانە:

١/٣ درێژی وتارەكان لەگەڵ ئەركی گۆڤارەكەدا گونجاوە. ئەم گۆڤارە وەك گۆڤارێكی فیكریو سیاسی جێگەی لێكۆڵینەوەو توێژینەوەیە نەك وتاری رۆژنامەیی كورت یان وتاری هاندانی سیاسی (التحريض السياسي)، كە رۆژنامەكان پێی هەڵدەستنو لەگەڵ سروشتی ئەو رۆژنامانەدا دەگونجێنو بۆ ئەركی ئەوان پتر شیاون.

گۆڤاری دوا رۆژ، بۆ هەواڵ پەخشكردنو هاندانی سیاسی نەهاتۆتە كایەوە. ئەركی خۆی لە هاوبەشیكردنی خەباتی ئایدیۆلۆژیو سیاسی كۆمەڵدا لە رێی توێژینەوەو لێكۆڵینەوەو وتاری زانستییەوە دەبێت. گیانی بابەتییانەی زانستو دەستپاكیی زانستییانەو سەربەخۆیی هەڵوێستو لێكدانەوەو دەرەنجامەكان مەبەستێتیو دەستكەوتی حزبیو لایەنداری لەبەرنامەی كاریدا نییە.

٢/٣ ئەگەر چی ئەو زاراوانەی لە نووسینەكاندا بەكار هاتوون بەو خوێنەرانەی لە دەساڵی رابردوودا موتابەعەی بەرهەمی فیكریو سیاسی بزوتنەوە سیاسییەكانی ناوچەكەو كوردستانیان بە زمانی كوردی كردووە، نامۆ نینو گرفتێكیان لە تێگەیشتندا بۆ دروست ناكەن، بەڵام بۆ ئاشنا بوونی جەماوەری گۆڤارەكە لە داهاتوودا هەوڵدەدەین گشت زاراوەكان لە شوێنی خۆیاندا لە نێو دوو كەوانەدا بەزمانی عەرەبی بنووسین، یان لە پەراوێزدا واتاكانیان شیبكەینەوە.

٤) بۆچی وتارەكان بیرو بۆچوونێكی سیاسییان، لەسەر ئەو كێشانەی لە

ماوەی ئامادەکردنو چاپ کردنی گۆڤارەکەدا ڕوویانداوە، تێدا نییە؟ ئەمە پرسیارێکی ڕەخنەبیە، سەبارەت بە بێدەنگی یەکەم ژمارەی گۆڤارەکە لە ئاستی لێدانی (پەکەکە)و هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی ڕووسیاو ڕەشەکوژی لە بۆسنەو جەنگی ناوخۆیی‌و وێرانبوونی ئەفغانستان و دەستدرێژی بۆ سەر گەلی صۆمال، لێمان دەکرێت. هاودەنگ لەگەڵ ئەم ڕەخنەیەدا گلەیی ئەوەشمان لێدەکرێت کە لەسەر شۆڕشی ئۆکتۆبەرو یادی مەرگی لینین هیچ شتێکمان نەنووسیوە.

دیارە بۆ تاکە ژمارەی گۆڤارێك بڵاوکردنەوەی ئەم هەموو بابەتانە لە توانادا نییەو دەبێت لانی کەم دەورەیەکی ساڵە وەختی تەواو بەسەر گۆڤارەکەدا تێبپەڕێت تا کەمو کووڕی لەم بوارانەدا دەستنیشان بکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێین:

١/٤ گۆڤارەکە پێشوازی لە هەر لێکۆڵینەوەیەکی زانستی‌ی پشتبەستوو بە مەنهەجو ئایدیۆلۆژی سۆسیالیزم دەربارەی ئەو کێشانەو هەر ڕووداوو بۆنەیەکی سیاسی‌و چینایەتی کرێکاریی دەکات.

٢/٤ کاتێ ئێمە ڕێبازی سۆسیالیستی بە ڕێڕەوی خۆمان دەزانین ئیتر ئەوە ڕوونە هەڵوێستمان لە یەکەیەکەی ڕووداوەکانی ئەم جیهانە چی دەبێت. بەڵام مولزەم نین دەمودەست وەك حزبی سیاسی هەڵوێستی لێوەرگرینو بەیاننامەی لەسەر دەربکەین؛ ئەوەندەی ەکرێتو بۆ گۆڤارەکە بشێت، بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوەو هاندانی توێژینەوەی زانستییانەیە لە سەریان. لەگەڵ ئەوەشدا لە چەند دێرێکدا هەڵوێستی خۆمان بەم شێوەیە دەخەینە ڕوو:

ا) ئیمڕۆ (پەکەکە) سازدەرو ڕێکخەرو ڕابەری ڕاچەنینی هەقخوازانەی نەتەوایەتی گەلی ستەمدیدەی کوردە لە تورکیا پاش ئەوەی زیاتر لە نیو سەدەیە بە ئاگرو ئاسن، بە پیسترین شێوازی فاشستیانە، بوونی نەتەوایەتییان پێشێل دەکرێت.

(پەکەکە) نوێنەری ڕاستەقینەی هەستی نەتەوایەتی‌و بەجەرگی‌ی بەرهەڵستیکردنو ستراتیژی نەتەوایەتی ڕوونە لە ئاستی کێشەی نەتەوایەتیداو ئیمڕۆ لە شەڕێکی دەستەو یەخەدا بەرامبەر دوژمنە دێرینەکانی

گەلی کورد دەجەنگێت. خەباتی ئەم قۆناغەی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد تا ڕادەیەکی بەرچاو بە چارە نووسی خەباتی ڕەوای پەکەکەوە بەستراوەتەوە، بۆیە پشتگیری کردنی خەباتی سیاسیو چەکدارییان تا بەدەستهێنانی تەواوی داواکارییە نەتەوایەتییەکانیان، دەبێت لەبەرنامەی پەیوەندیو هاوخەباتیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانو ناوچەکەدا بێت.

ئێمە نەک هەر پشتگیری خەباتی گەلی ستەمدیدەی کورد لە کوردستانی باکوور (تورکیا) دەکەین بەڵکو لێدانی خەباتی چەکداری لە باکوورو دژایەتی کردنی (پەکەکە)، بەهەر بیانوویەک بێت، مەحکووم دەکەینو سیاسەتێکی لەم جۆرە نەک هەر هەڵەیەکی سیاسیی (تاکتیکیو ستراتیژی) گەورەیە بەڵکو ڕاستەو ڕاست بە پێچەوانەی بەرژەوەندیی ڕاستەقینەی بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی نەتەوایەتی گەلی کوردییەوە دەبینین.

ب) رەشە کوژی خەڵکی بۆسنەو شەڕی نەتەوایەتی لەکۆمارەکانی یۆگۆسلاڤیای جارانو وێرانبوونی ئەفغانستانو داگیرکردنی صۆماڵ بەناوی یارمەتی مرۆڤ دۆستانەوەو تۆپبارانی پەرلەمانی ڕووسیاو...هتد، بە ئیفرازاتی سیستەمی نوێی جیهانیی ئیمپریالیستەکانو دیموکراسیی بۆرژوازی دەزانینو سەرومڕ هەمووی مەحکووم دەکەین. لە ئاوێنەی ئەو ڕووداوانەدا چارەی دزێوی سیستەمی سەرمایەداری جیهانی دەبینینو مەشروعییەتی سۆسیالیزمو خەباتی سۆسیالیستی بۆ هەڵتەکاندنی بنەماکانی سەرمایەدارییو ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لەم جیهانەدا خۆی دەسەلمێنێتەوەو لە دەروونماندا رەگ دادەکوتێت.

ج) دەربارەی بۆنە سیاسییەکانی چینی کرێکارو یادی سەرکردەو رابەرو ڕووداوەکانی مێژووی بزوتنەوەی سۆسیالیستی لە جیهاندا، بە پێی بواروتوانا دریغی ناکەینو خوازیاری ئەوەین لە داهاتوودا بتوانین بۆ هەر بۆنەیەک ژمارەی تایبەتی یان پاشکۆیەکی تایبەتی دەربکەین. دیارە خودی گۆڤارەکەش، لەنێوانی وتارەکانیەوە، لە خزمەتی ئەو قوتابخانە فیکریو سیاسییەدا دەبێت کە رابەرانی مەزنی پرۆلیتاریا مامۆستای وانە تیۆرییو پراکتیکییەکانی بوون.

ە) هەندێ رەخنەی دیکەمان ئاراستە کراوە، لێرەدا ئاماژەیان بۆ

دەکەینو وەڵامدانەوەی تێروتەسەلیان، بۆ ئەو وتارانەی لە ژمارەکانی داهاتووی گۆڤارەکەدا بڵاودەکرێنەوە، هەڵدەگرین.

١/٥ ڕەخنەیەک دەربارەی هەرەسهێنانی شۆڕەوی دەڵێت: ((ئێمە چیمان لە هەرەسهێنانی ((دەوڵەتە سۆسیالیستەکان)) داوە؟

- لە وەڵامدانەوەی ئەم ڕەخنەیەدا دەڵێین: ((ئەگەر)) بۆ هەندێ کەسی بێ خەبەر لەم دنیایە مەسەلەی هەرەسهێنانی شۆڕەوی گرنگ نەبێت؛ ئەوا بۆ سۆسیالیستەکانو بزوتنەوەی سۆسیالیستیی کرێکاران لە جیهاندا بایەخێکی زۆری هەیە. بۆیە ئەو بەشەی بۆ ئەم بابەتەمان تەرخان کردووە درێژەی دەبێتو هەڵبەت بە درێژیش ئەم ڕەخنەیە لە کاتو شوێنی خۆیدا وەڵام دەدرێتەوە.

٢/٥ ڕەخنەیەکی دیکە دەڵێت: ((بابەتەکان کۆننو باس لە جیهانی گۆڕاو ناکەنو زیاتر ستالینییەت بەسەریاندا زاڵە)).

- پێوانەی کۆنو نوێ لەهەڵسەنگاندنی فیکردا چی‌یە؟ ڕەنگە ئەگەر مشتومڕێک لەسەر ئەم لایەنە سازبکرێت بتوانین ئەوە نیشانی ئەو برا ڕەخنەگرانە بدەین، کە فیکری سۆسیالیستی کرێکاران، واتە سۆسیالیزمی زانستی مارکس، لە گشتێتی خۆیدا، لەبنەما ماتریالیستیو دیالێکتیکی خۆیدا کۆن نابێتو لەگەڵ هەر پلەیەکی خۆ ڕێکخستنەوەی سەرمایەداریدا حەقیقەتەکانی ئاشکراتر دەبنو ڕێگای ڕزگاری بەشەرییەتی چەوساوە زیاتر ڕۆشن دەکەنەوە. ئەگەر کەسێک وتارەکانی یەکەم ژمارەی گۆڤارەکە بابەتییانە بخوێنێتەوە -بە مەرجێک شارەزایی لە مارکسیزمدا هەبێت- ئەوا بۆی دەردەکەوێت کە هەموو وتارەکان نوێنو لەگەڵ چەمکەکانی سۆسیالیزمی ڕەسمیو باوی دەیان ساڵەی پێشوودا جیاوازنو «ستالینییەت» وەک ئەوان ناوی دەبەن! لەو وتارانەدا جێی نەبۆتەوە. ئەگەر وانییە، فەرموویان لێ دەکەینو با بەبەڵگەوە بە قسە بێن.

٣/٥ ڕەخنەیەکی دیکە لە بابەت ناکۆکی نێوان وتارەکان لێمان گیراوە. واتە یەک هێڵی ڕاستەو ڕاست لە وتارەکاندا نییە. بۆ نموونە دەڵێن: «ڕووکار (اتجاه)ی ناراستە کردنی دیدارەکە لەگەڵ ڕووکار (اتجاه)ی وتارەکانی دیکەدا ناگونجێ».

-بە بیرو ڕای ئێمە، ئەم رەخنەیە بەڵگەی بە هێزییە بۆ گۆڤارەکە نەك لاوازی‌و نیشانەی هێڵێکی راستە لە چۆنیەتی ئاراستە کردنی گۆڤارێکدا کە لە خزمەتی بزوتنەوەی سۆسیالیستی ئیمرۆدا بێت.

ئێمە تەنها مەرجێکمان بۆ وتارەکان هەیە ئەویش سەنگەربەندی سۆسیالیستییەو ئیتر نووسەر لەو سەنگەرەوە چۆن دەڕوانێت ئازادەو کەس دەست ناهێنێتە ڕێگای‌و ڕێی پێناگیرێت.ئێمە گۆڤارەکە وەك سەکۆیەکی ئازادی فیکری سۆسیالیستی دەخەینە خزمەتی هەموو ئەو پێنووسە مولتەزیمانەی دوا رۆژی چەوساوەکانی دنیایان مەبەستەو مشووری ژیانی بێ چەوساندنەوەیان دەخۆن.

ئێمە حزب یان ڕێکخراوێکی سیاسی نین تا هەر یەکێکمان دەنگدانەوەی سیاسەتی حزب بێت‌و سیاسەت چۆنی ویست ئاوەها قسە بکەین بۆیە ئازادانە دەدوێین‌و هەر یەکەمان بیرو بۆچوون‌و رادەی تێگەیشتنی خۆمان، بە جیا، لە توێی گۆڤارەکەدا دادەڕێژین.

٤/٥ رەخنەیەك لە ڕاستەوە، چ ڕاستەوخۆ و چ ناڕاستەو خۆ، یەخەی پێگرتین دەربارەی وتاری «جەنگی کەنداو‌و گەمارۆدانی ئابووری لەسەر عێراق». کرۆکی رەخنەکە ئەمە بوو: «راگەیاندنی حزبەکانی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردو حکومەتی هەرێمی کوردستان‌و ڕای گشتی ئاراستە کراو لە کوردستاندا پشتگیری هێشتنەوەی ئابلۆقەی ئابووری لەسەر عێراق دەکەن کەچی ئەم وتارە بە پێچەوانەوە دژی ئابلۆقە ئابوورییەکە رادەوەستێت. کام هەڵوێستیان ڕاستەو ...چۆن؟

- وەڵامدانەوەی ئەم رەخنەیە پێویستی بە چەند لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، عەسکەری‌و ...هتد هەیەو لە چەند دێرێکدا ناتوانرێت هەمەلایەنەو چڕو پڕ پێشکەش بکرێن، بۆیە تەنها ئەو راستییە بەرەخنە لێگرەکانمان دەڵێین کە گەمارۆدانی ئابووری لەسەر عێراق، لەبنچینەدا، ئابلۆقە نییە لەسەر رژێمی فاشیی عێراق، ئابلۆقە نییە لەسەر چینی فەرمانڕەوا، ئامانجی برسیکردنی دیکتاتۆرو کاربەدەستانی دەوڵەت‌و

لاواز کردنی دامودەزگا سەرکوتکەرەکانیان نییە؛ ئابڵووقەدان لە ناوەڕۆکی خۆیدا بۆ سەر گەلانی عێراقە، بۆ برسیکردنی کرێکارانو زەحمەتکێشانی سەرانسەری عێراقە، بۆ لووت لەزەویدانو چۆک پێدادانی گەلانی عێراقە لەبەردەم دێوی سەرمایەی بە خۆدا هاتووی دوای جەنگی سارددا، بۆ زامنکردنی تا هەتایی عێراقی نەوتو سامانە سروشتییەکانە وەک وڵاتەکانی دیکەی ناوچەکە، تا ساتێک زیاتر سووڕانەوەی چەرخی ماشێنی سەرمایە درێژە بکێشێ، بۆ پێکهێنانەوەی هاوسەنگییە نێو دەوڵەتییەکانە لە باروتۆخی ڕێکخستنەوەی جیهانی دوای جەنگی کەنداوو ململانێی جەمسەرە ئابوورییە گەورەکانی جیهانی سەرمایە لەناوچەکەدا؛ بۆ سەپاندنی سیاسەتی هەیمەنەی سیستەمی نوێی جیهانییەو...هتد.

بۆیە ئەم سیاسەتە مەحکوومەو شان بەشانیشی سیاسەتی ئابڵووقەدانی دووسەرە یان چەند سەرەی کوردستانیش مەحکوومەو دەبێت ئەم ڕاستییانە بەڕاشکاوی باس بکرێنو کورتبینانە بۆیان نەڕوانرێت.

لە کۆتاییدا، لەگەڵ دووەم ژمارەی گۆڤارەکەماندا، جارێکی دیکە سوپاسی ئەو براو دۆستە خۆشەویستانە دەکەین کە ڕەخنەیان لێگرتووینو بواری دەربڕینی هەڵوێستمان لەسەر گەلێک مەسەلەی زیندوو بۆ ڕەخساندین. لەمەو دواش، هەر لەسەر هەمان ڕێڕەو، ڕەخنەی خوێنەرانی گۆڤارەکە جێگای ڕێزی تایبەتی دەبێتو هەمیشە سنگی کراوەی لەبەردەمدا دەبێت.

هیواداریین لەم ژمارەیەدا توانیبێتمان چمکێکی دیکەی پەیامی گۆڤاری (دواڕۆژ) مان پێگەیاندبن.

# چارەسەرکردنی کێشەی دەسەڵات شەڕی ناوخۆیی دەبڕێنێتەوە.

## دەستەی نووسەران

پێڕۆژ

لە سەرەتای مانگی ئایاری ئەمساڵەوە، بۆ جارێکی دیکە، ئاگری شەڕی ناوخۆیی سەرانسەری ئەو ناوچانەی کوردستانی گرتەوە کە لە سایەی راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ دا لە چنگ رژێمی فاشی بەغدا رزگار کران. بۆ جارێکی دیکە زامەکانی شەڕی ناوخۆیی چەند دە ساڵێکی بەر لە ڕاپەڕینی بەسوێ هێنایەوەو دەرفەتی دەستێوەردانی هێزە ئیقلیمییە نەیارەکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کوردی رەخساندو دەستکەوتەکانی راپەڕینی بەرگەورەترین مەترسی خستو بەرەو ڕووی چارەنووسێکی نادیاری بە کێش کرد. هیواو ئامانجەکانی گەلی ستەمدیدەی کوردی دایە بەر ڕەشەبای هاتو نەهاتەوەو ئەزموونی دەسەڵاتی تا ئێستای هەرێمی تا لێواری مەرگ راپێچ کردو بە بنبەستی ئێجگارەکی گەیاند.

جەماوەری خەڵکی مارانگازی کوردستان، بە جیاوازی چینو توێژە کۆمەڵایەتییەکانیەوە، بە جیاوازی جیاوازی حزبو رێکخراوو گروپە سیاسییەکانیەوە، هەر لە سەرەتای هەڵگیرساندنی ئاگری شەڕەوە دەنگی نارەزایەتییان بەرزکردەوەو تێکرا خودی شەڕەکە یان مەحکووم کردو بە شێوەی جۆراو جۆری دەربڕینی نیگەرانی کەوتنە خۆ، لە پێناوی کوژاندنەوەی شەڕو سەپاندنی ئاشتیدا، بزوتنەوەیەکی سیاسی دژە شەڕیان بەرێ خست. چەندین لیژنەو کۆمیتەی دژە شەڕو ئاشتیخوازیان پێکهێنا،

سەدان بروسکەو یاداشتو کۆبوونەوەو چاوپێکەوتنیان سازکردو خواستو ئیرادەی ئاشتیپەروەرانەی خۆیان بەسەرکردایەتی هەردوو حزبە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان گەیاندو، لە بەرامبەر ئۆباڵی مێژوویی ئاکامەکانی ئەم شەڕەیاندا راگرتن. داوای شەڕ راگرتنو چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەکانیان لێکردن، تا سەرەنجام دەنگی زوڵاڵی ئاشتیو فشاری نارەزایەتی جەماوەر هەلومەرجی راگرتنی شەڕی خولقاندو ڕێگەی دانیشتنو وتووێژ لە هەر دوو لاوە گیرایە بەر. بەمەش جەماوەر ئامێکی تێگەڕایەوەو هەوری ڕەشی ڕۆژانی شەڕ تروسکەیەکی بەرەو رەوینەوە تێکەوت، ئەگەر چی هێشتا مەترسی لە گۆڕێدایەو تاووتووکردنی کێشەکە لە سەرەوە بۆی دەروانرێو دەمـ نی چارەسەرکردن بۆ ڕەگو ڕیشەکەی نەبراوە.

لە ڕاستیدا ئەم شەڕە نەگریسەی ئارامیی لە دوا کەسانی شەریفی ئەم گەلە بەشمەینەتە برسیو ڕەشوڕووتە هەڵگرتبوو، نە قارچک ئاسا هەڵتۆقیوەو نە هەڵەی بەڕێکەوتی رەفتاری ئەم یان ئەو لێپرسراوی حزبیو عەسکەری هێناوییەتە کایەوە، بەڵکو پێشینەیەکی سیاسی ئاڵۆزکاوی هەیە کە نزیکترین مێژووی بۆ سەردەمی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان دەگەڕێتەوە، کاتێ پرۆسەی کێبەر کێی هەڵبژاردنو مەسەلەی وەرگرتنی دەسەڵات لە کوردستانی دوای ڕاپەڕیندا هاتە ئاراوە.

ئەگەر لە سەردەمانی خەباتی شاخو بەرەهەڵستیی چەکدارانەی ڕژێمدا کێبەرکێ لە پێناوی دەسەڵاتدارێتی نێو بزوتنەوە چەکدارییەکەدا بوو بێت، ئەوا لە هەلومەرجی دامەزراندنی حکومەتێک بۆ بەڕێوەبردنی ناوچە رزگارکراوەکان، بووە کێبەرکێیەکی گەرم لە پێناوی دەسەڵاتی سیاسیدا. جیابوونەوەی حزبەکانی بەرەی کوردستانیو هاوبەشیکردنیان لە پرۆسەی هەڵبژاردندا بە لیستی جیاجیا، ململانێی سیاسی ئەو حزبانەی لە پێناوی حوکمڕانیدا بەرجەستەکرد. ئەنجامی هەڵبژاردنیش بەو شێوەیەی ڕاگەیەندرا، هیچ لایەنێکی قایل نەکرد، بەڵام بەهۆی بارودۆخی سیاسی ئەو کاتەوە، بە ناچاریو نابەدڵی، ملیان بۆدا. بۆیە ئەو ئەنجامە کەلێنێکی سیاسی گەورەی دروست کردو مێنژێژی پەیوەندییەکانی نێو دوو لایەنە سەرەکییەکەی پەرلەمانی کردو، هەڵپەی دەنگ کۆکردنەوەو چاوبڕینە بردنەوەی دەسەڵاتی لە هەڵبژاردنی داهاتوودا لێکەوتەوە. کەواتە لێرەوە کێشە دێرینەکە قۆناخێکی نوێی ململانێی دەست پێکردو بنەمای گرژیو ناتەبایی بەردەوامو ئەشونمای

فاکتەرەکانی بەیەکدا دانو شەڕێکی خوێناوی وەك ئەم شەڕە ناوخۆییەی دارشت.

لەم باری سەرنجەوە، کێشەی سەرەکیو ماکی ململانێی چەکداری، کێشەی دەسەڵاتە. لەبەر ئەمە، لەمەر هەوڵێکی (جیددی)دا کە بۆ بنبڕکردنی ئەم شەڕە ناوخۆییە بدرێت، دەبێت چارەسەرکردنی مەسەلەی دەسەڵات لە یەکەم ریزدا دابنرێت، چونکە بێ چارەسەرکردنێکی ریشەیی قەیرانی حوکمڕانی، مەترسی پێکدادانو شەڕی ناوخۆیی لە دوا رۆژدا هەر دەمێنێ.

بەڕای ئێمە گونجاوترین رێگا چارەیەك بۆ ئەم قەیرانە دەبێت لەم پرنسیپانەوە سەرچاوە هەڵگرێ:

١) سەلماندنی ئەوەی کە جەماوەر سەرچاوەی دەسەڵاتە. واتە گەڕانەوە بۆ جەماوەری کوردستانو سەرپشك کردنیان لە چۆنایەتی ئەو سیستەمە سیاسییەی بۆ خۆیانی هەڵدەبژێرن.
٢) سەلماندنی ئازادییە سیاسییەکان بۆ هەموو حزبو رێکخراوو گروپە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکان بەبێ جیاوازی.
٣) سەلماندنی حوکمڕانیی مەدەنیو دوورخستنەوەی هێزی چەکداری حزبەکان لە دەستتێوەردانی کاروباری سیاسی هەرێم.

بۆ ئەوەی ئەم پرنسیپانەش لە چارەسەرکردنی بارودۆخی ئاڵۆزی ئیمڕۆی کوردستاندا جێگەی خۆیان بگرن، دەبێت هەرچی زووە هەنگاو بۆ پیادەکردنو پەیڕەوکردنی ئەم ئیجرائاتانە هەڵگیرێت:

أ- هەڵوەشاندنەوەی شێوازی نیوە بە نیوەی حوکمڕانی لە هەموو ئاستە جیا جیاکانداو لە پێشی هەموویانەوە پەرلەمانو ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان؛ کە لە راستیدا ئیفرازاتەکانی شەڕی ناوخۆیی بە کردەوە کارەکانیانی پەککستوونو شەرعییەتیانی خستۆتە ژێر پرسیارەوە، چونکە سروشتی شەڕ تەواوی یاساکانی حوکمڕانی خستە پەراوێزەوەو(منطق)ی چەك شوێنەوارییانی گرتەوە. لەسەرێکەوە، هەر حزبە دەسەڵاتی نیوەکەی دیکەی حکومەتە ناوکۆییەکەیانی لە پارێزگایەك لەکار خستووە، لە سەرێکی دیکەوە، چ پەرلەمانو چ

حکومەتی هەرێم لە پێکدادانەکانی شەڕی ناوخۆییدا بە پێی دابەشبوونی حزبییان بوونە لایەنداری حزبەکانیانو ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەشێکی نەپساوەی هەردوو لایەنەکەی شەڕ بوون. ئەو ڕێژەی دەنگە پەرلەمانییەی لەمەو دواش بۆ حەسم کردنی کێشەکان پێویست بن لەسایەی سیستەمی پەنجا بە پەنجادا بە دەست نایەتو کێشەکان هەروا بە هەڵواسراوەیی دەمێننەوە.

ب ـ هەرچی زووەو بە پەلە کۆنگریسێکی گشتی لە هەموو حزبو ڕێکخراوو گرووپە سیاسییەکانو نوێنەرانی چینو توێژە کۆمەڵایەتییەکانو شەخسییاتی بێلایەن پێکبهێنرێت تا بڕیاری چارەنووسی دەسەڵاتو بەڕێوەبردنی کوردستان بداتو ڕێگای چارەسەرکردنی کێشەکان دابنێتو وەک دەسگایەکی باڵای یاسایی کاتی جێی پەرلەمانی ئێستا بگرێتەوە .

ئەرکی گرنگو بەپەلەی ئەم کۆنگریسە دەبێت بریتی بێت لە :

١) دامەزراندنی حکومەتێکی ئیئتیلافی کاتی لە نوێنەری هەموو حزبو ڕێکخراوو گرووپو کەسانی بێلایەن بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارە حکوومەتییەکان.
٢) بەڕێوەبردنی دەسگا حکومەتییەکان لە پارێزگاکاندا بە کەسانی لێوەشاوەو لێهاتوو بسپێردرێت بێ گوێدانەئینتیمای سیاسییان یان بێلایەنییان.
٣) دانانی ماوەیەکی دیاریکراو بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی نوێ.
٤) ڕێوشوێنی سەرژمێرکردنی خەڵکی کوردستاندا بنێتو سەرپەرشتی سەرژمێرکردنەکە بکات.
٥) یاسایەکی هەڵبژاردن بڕیار بداتو ئیستیفتای بۆ بکات، بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنێکی دامەزراندن (مجلس تأسيسي) کە ئەرکی دانانی دەستوورو یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانێکی نوێ لە ئەستۆ بگرێت.

ئێمە بە پیرەوەهاتنی جێبەجێکردنی ئەم پرۆسێسە داوا دەکەینو بە ڕێگا چارەیەکی واقیعیو کردەوەییو بەردی بناغەی چارەسەرکردنی کێشەی دەسەڵاتی دەزانین. دڵنیاشین لەوەی بە چارەسەرکردنێکی وەها دەتوانرێت زەمینەی بنبڕکردنی شەڕی ناوخۆیی خۆش بکرێت.

هەواڵنامەی کتێب

دیارە ئەم چارەسەرکردنە کارێکی سیاسی پڕ مەسئوولییەتو بە دەنگەوە هاتنی لایەنە سیاسییەکانو سازدانی رای گشتی جەماوەرو بەرز بوونەوە بۆ ئاستی بەرژەوەندی بالآی مەسەلەی رزگاری نەتەوایەتی کوردو زامنکردنی ئاوو هەوایەکی دیموکراتیو پەیڕەوکردنی پرنسیپەکانی ئازادی سیاسییان دەوێتو؛ بە هەوڵی دڵسۆزانەو خۆنەویستی گشت لایەنە سیاسییەکان لە لایەکو، تێکۆشانی بێوچانی بزووتنەوەی دژە شەڕی ناوخۆیيو لیژنەو کۆمیتەکانی خەبات لە پێناوی ئاشتیو ئازادیدا لە لایەکی دیکەوە، قابیلی وەدیهاتنەو، هیچ چارەسەرێکی سیاسی نییە لە تواناو ئیرادەی گەلی ستەمدیدەی کورد، لە پێناوی ژیانی سەروەریو ئازادیدا بەدەر بێت.

# بەرەو چارەسەرکردنی قەیرانی حوکم لە کوردستاندا

## فاروق مستەفا رەسول

دواڕۆژ

لەو بەیاننامەیەدا، کە لە شوێنێکی دیکەی ئەم گۆڤارەدا بڵاوکراوەتەوە، راو بۆچوونی خۆمان دەربارەی هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆیی لە کوردستاندا باس کردووە؛ ئەو شەڕەی کە لە سەرەتای ئایاری ئەمساڵەوە دەستی پێکردووەو تا ئێستاش جگە لە هەندێ رێککەوتنی لەرزۆك بۆ راگرتنی، هیچ چارەسەرێکی بەجێو پشت بەستوو بە لێکدانەوەی وردی واقیعەکەی بۆ دانەڕێژراوەو مەترسی سەرهەڵدانەوەو ئاگر کەوتنەوەیەکی نوێی بنبڕ نەکردووە.

سەرجەمی حیزبو رێکخراوە سیاسییەکانو خوازیارانی ئاشتی لە رۆشنبیرانو کەسانی بێلایەنو دڵسۆزانی گەلەکەمان هەوڵێکی زۆریان لە پێناوی شەڕ راگرتندا داو کۆششێکی بێ وێنەیان لەگەڵ هەردوو لایەنە ناکۆکەکە دا کرد تا بەرەو رێگای چارەسەرکردنێکی دیموکراسییانە بیانبەن.

ئیمڕۆش کە ئەم چەند دێڕە دەنووسین نوێنەرانی هەردوو لایەن (پارتیو یەکێتی) بەرەو فەرەنسا بەڕێ کەوتوون تا لەوێ بە چاودێری فەرەنساییەکان بە ئەنجامێکی نوێ بگەنو رێکەوتنی نوێ، بۆ ئاشتیو تەباییو بەڕێوەبردنی کاروباری کوردستان، مۆر بکەن.

ئێمە، کە دەنگمان خستە پاڵ دەنگی ئاشتیخوازانی گەلەکەمانو لە ریزی

پێشەوەی بەشدارانی هەوڵو کۆششی چەسپاندنی ئاشتیدا راوەستاینو دەنگی بەرزو دیارمان هەبوو، ئەوەندەی پێمان کرا لە پێناوی ئارامکردنەوەی باری ئاڵۆزی کوردستاندا کردمان، ئێستاش داواکارین هەردوو حزبی خاوەن دەسەلات تەنها رێگای دیموکراسیی گفتوگۆ بگرنو دڵنیاین کە شەر بە ئەنجامێکی زیانبەخشیان دەگەیەنێتو ئەوە هەر رێگای دیموکراسییە کە ئاکامێکی بەسوود بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان بە دەستەوە دەدات.

ئێمە باوەرمان وەهایە، کە تەقینەوەی ئەم ناکۆکییە کۆنەی نێوان ئەم دوو رێبازەی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە کوردستانی عێراقدا، بەر ئەنجامی سەرنەکەوتنی هەردوو لایان بوو لە حوکمکردنی کوردستاندا، ئەنجامی حەتمی حوکمی نیوە بە نیوەو هەوڵدانی هەر لایەنێکیان بوو بۆ دەستگرتنی تەواو بەسەر دەسەلاتی حوکمرانی کردنی کوردستاندا.

ئەزموونی پەرلەمانو حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە لە رووی مێژووییەوە دەستکەوتێکی گەورە بوو بۆ گەلی کورد، لەژێر باری ململانێی تەسکی حیزبایەتیدا شێوەیەکی نامۆی بە حوکمرانیی ئەم دوو ساڵەی کوردستانی عێراق دابوو، کە لە جیهانی ئیمرۆ دا وێنەی نەبوو.

وەزارەتەکان لەسەر هیچ پلانو رەنگ رشتنێکی رادە کەمیش نەدەرۆیشتن... پرۆژەی ئاوەدانکردنەوەی کوردستانی کاولکراوی دەستی بەعس بە ئەنجام نەگەیشت. بنەمای ئابووری هەڵتەکێنراو ئەو تۆزە پیشەسازییەی بۆمان بەجێ مابوو پەکخراو کوردستان هیچ چەشنە گەشەکردنێکی ئابووری بەخۆیەوە نەبینی، بەڵکو رۆژ لە دوای رۆژ، بە بەرژەوەندیی حیزبایەتی، بنچینە زانستیو ئابوورییەکانی بەلاوە دەناو ئابووری بە قوربانی بەرژەوەندی دواکەوتوانەی حیزبایەتی کراو تا دێت روو لە پووکانەوەیەو سەدان کەندو کۆسپ لە رێگای گەشەکردنی ئابووریو بەرێوەبردنی کاروباری ئاساییدا دانراوەو هەر پارێزگایەک بۆ خۆی بۆتە دەوڵەتێکو ئەوی دیکە بە هیچ نازانێ.

لەبەر ئەمە، جەماوەری گەلی ستەمدیدەی کورد خوازیارن ئەم دوو حیزبە کێشە ئاڵۆزکاوەکانی ژیانی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتی بە رێگای دیموکراسیی راستەقینە چارەسەر بکەنو ئاسایشو ئارامیو نانو کارو

دەرمان‌و خوێندن‌و کار گوزارییە کۆمەڵایەتییەکان لە شوێنی ململانێ‌و بەشکردنی هەموو شتێک دابین بکەن.

شێوەی حوکمی تاکە حیزبی ئەم ناوچە یان ئەو ناوچە، کە یەکێک بوو لە ئاکامەکانی شەڕی ناوخۆیی‌و خۆی بەسەر باری ئێستای کوردستاندا سەپاندووە، پێویستی بە لێکۆڵینەوەی تەواو هەیەو بۆ جارێکی دیکە پێداگرتن لەسەر پاراستنی ئازادییە سیاسییەکان دەکاتە ئەرکی هەموو ئەوانەی مشووری دوا ڕۆژێکی ئاسوودەو گەشەدار دەخۆن.

ئەو گرێ سەرەکییەی بێباوەڕی کە لە هەڵوێستی هەردوو لایەنە شەڕ کەرەکە لە لایەکەو، لە ناو حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستاندا لە لایەکی ترەوە پەیدابووە وەک بەرئەنجامی بەیەکدانی چەکدارانەی بەردەوام؛ هەر بە کۆبوونەوەی هەموو لایەنەکان لەگەڵ دەیان حیزبو ڕێکخراوو کەسایەتی نیشتمانی‌و سیاسی‌ی خاوەن توانای جیاجیاو بێلایەن، دەڕەوێتەوە لە ڕێگای بەستنی کۆنگرەیەکی نیشتمانی فراواندا بۆ لێدوانی بارودۆخەکەو بڕیاردان لە سەر دامەزراندنی حکومەتێکی ئیئتیلافی کاتی کە کاری یەکەمی ئامادەکردنی هەلو مەرجێکی لە بار بێت بۆ هەڵبژاردنێکی گشتی‌و لەو ماوە (انتقالی) یەدا کاروباری کوردستان بەڕێوەبەرێت.

کوردستانی عێراق پێویستی‌ی بە دەستوورێک هەیە شێوەی حوکمڕانی‌و پەیوەندی‌یەکانی حزبو دەوڵەتو پەیوەندی ناو هێزە سیاسییەکان بە شێوەیەکی یاسایی‌ی پێشکەوتنخوازانە ڕێک بخات. لەبری شەڕی وەزیرو جێگرو گومرگو بازرگانی‌ی حیزبەکان، ئەنجومەنێکی ناوەندی بەرنامە ڕێژکردنی ئابووری‌ی کوردستان پێویستە.

حکومەتێک پێویستە کە میزانییەی ئاشکرای هەبێ‌و سەرچاوەی داهاتەکانی‌و شێوەی خەرج کردنیان بەردەمی جەماوەر بخات. حکومەتێکی تەواو یاسایی‌و ڕێکخراوی لەو چەشنە دەتوانێت بەسەر گیروگرفتەکاندا زاڵ بێتو قەیرانەکان نەهێڵێت.

ئێمە لە کاتێکدا یەکێتی ریزەکانی هەموو حیزبو ڕێکخراوە نیشتمانپەروەرەکانی کوردستان بە جیاوازی شوێنی چینایەتی‌و فیکرییانەوە

بۆ بەرەو پێشەوە چوونی گەلی کوردو زامنکردنی مافی چارەنووسی بە پێویست دەزانین؛ لە هەمان کاتدا بە پێویستی دەزانین ئاماژە بۆ پەیوەندیی دەسەلاتدارانی کوردستان بە دەرەوەی ولاتەوە بکەینو بۆ مێژوو ئەو حەقیقەتەیان پێ بلێین کە یەکێتی ناوەوەو پشت بەستن بە هێزی لەبن نەهاتووی جەماوەر گرنگترە لە هاوپەیمانێتی دەوڵەتەکانی رۆژئاواو دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان. ئێمە لەو باوەڕەداین کە بەهێزکردنی بەرەی ناوخۆ فاکتەری سەرەکییەو هەرگیز لە شکاندن نایەتو تەنها بەوە سەربەخۆیی بڕیاری سیاسیی بزوتنەوەی کورد دەپارێزرێتو لە گەمەی هێزە نێو دەوڵەتیو ئیقلیمییەکان رزگاری دەکات.

# هەڵسەنگاندنی باری ئێستاو پێشبینیو ئەرکی دوارۆژ لە نامەیەکی پیرۆزباییدا

دوارۆژ

مایەی شانازیمانە کە یەکەم نامەی پیرۆزبایی بەبۆنەی دەرچوونی گۆڤاری دوارۆژەوە لەلایەن کەسایەتییەکی ناسراوو، ڕۆشنبیرێکی سیاسی گەورەو، تێکۆشەرێکی دێرینی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی عێراقەوە، ئاڕاستەمان بکرێت؛ ئەویش هاوڕێ دکتۆر ئیبراهیم عەلاوی، سکرتێری حیزبی شیوعیی عێراق (قیادەی مەرکەزی)یە.

ئێمە وێرای ڕێزلێنانو سوپاسی بێ پایانی ئەو هاوڕێ هێژایەمان، بە پێویستمان زانی تەواوی نامەکەی بڵاو بکەینەوەو هەڵسەنگاندنو پێشبینییەکانی بۆ باری ئێستای عێراقو جیهانو ئاسۆی دوارۆژ، بەرچاوی خوێنەرانی خۆشەویستی گۆڤاری دوارۆژ بخەین.

دەستەی نووسەران

بڕایانی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری شکۆداری دوارۆژ

لەگەڵ دەرچوونی گۆڤاری دوارۆژ لەسەرەتایساڵی ١٩٩٤ دا، سڵاوو پیرۆزبایی خۆمتان پێڕادەگەیەنم. خوازیاری سەرکەوتنو پێشکەوتنی گۆڤارەکەتانم لە ئەنجامدانی پەیامە پیرۆزەکەیدا، بە هەڵگرتنی ئاڵای بیری پێشکەوتنخوازانەو داکۆکیکردن لە مەسەلەکانی گەلی عێراق بە گشت نەتەوەو لایەنەکانییەوە، بەتایبەتی، مەسەلەی گەلی تێکۆشەری کورد. ئەم دەستپێشخەرییەتان مایەی خۆشحاڵیو پشتگیریی شەیدایانی ئازادیو پێشکەوتنو سۆسیالیزمو لایەنگیرانی مەسەلەی ڕەوای گەلی کورد دەبێت.

دوارۆژ لە بارودۆخێکی مێژوویی تایبەتیو، لەوەرچەرخانێکی گرنگی ڕەوتی گشت مرۆڤایەتیدا، دەردەچێت.

هەواڵنامەی کتێب

ئاشکرایە ئەم چەند ساڵەی دوایی، هەرەسهێنانی سیستەمی سۆفیەتیو قەیران (ازمە)ی بیری سۆشیالیستیو، شڵەژانێکی گشتی لەو سیستەمە سیاسیو ئابوورییەی لە کۆتایی هەردوو جەنگی جیهانی یەکەمو دووەمەوە بەسەر جیهاندا زاڵبوو، بەخۆوە دی. دیارە ئەم ڕووداوانە، بەشێوەیەکی زۆر توندوتیژ، لە عێراقدا، پتر لەهەر وڵاتێکی دیکە، لە جەنگی ئەم دواییەی کەنداوو، لە ئاکامەکانیداو، لە ئەنجامە ڕاستەوخۆکانی بارو دۆخی نوێی جیهاندا ڕەنگیاندایەوە.

زۆر ئاساییە، ئەم هەژانە سیاسییانە لە جیهاندا گۆڕانکاریی گەورە لە هۆشیاریو بیرو هەڵوێستی ملیۆنەها کەسدا بکەن؛ ڕامانو پرسیارو چەواشەیی فیکری بخەنەوە. بێگومان ئەم حاڵەتانە ماوەیەکی دوورودرێژ دەخایەنن؛ چونکە لەگەڵ ئەوەشدا کە زۆر لە سەلمێنراوەکانی ماوەی پێشوو بەلاوە نراونو ئەو خۆشخەیاڵییانەی بیرۆکراسیی ڕژێمی حوکمڕان بە ناوی سۆشیالیزمەوە پشتی پێدەبەستن ڕەوینەوە، بەڵام هێشتا ئەو هۆیانەی کێشەکەیان ناوەتەوە، نەک هەر لە ئاستی جەماوەری گەلدا بەڵکو بۆ زۆر کەس لەوانەی خۆشیان بە هۆشیار دەزانن و لە مەیدانی خەباتی شۆڕشگێڕانەدا کاردەکەن، ڕوون نین. بۆیە کاری فیکریی سۆشیالیستیو دیموکراتی ئەرکێکی بەپەلەیەو کەسانی خاوەن فیکری پێشکەوتوو دەخاتە بەردەمی ئەوکێکی بنچینەیی وەها کە شیاوی کۆششێکی بەردەوام بێت.

لە نێوان مەسەلە فیکرییە نوێیەکاندا کۆمەڵێک مەسەلە دەردەکەون وەک مەسەلەی دیموکراسی، کە بۆ ئێستاو دواڕۆژیش بایەخیان هەیە. لەبەر ئەوە بەبێ زامنکردنی بەدیلی دیموکراسی کە توانای ژیانو خۆ ڕاگرتنی لەبەرامبەر گوشاری دەرەکیو ناوەکیدا هەبێت، ناتوانرێت پشت بە ڕووخاندنی سیستەمە دیکتاتۆرییەکان ببەسترێت، هەروەها سادەترین مافی سیاسیو نەتەوایەتی زامن ناکرێتو، لە ئاکامدا هەر هەوڵدانێک بۆ گۆڕانکاریی سیاسی دەبێتە کارێکی ڕووکەشو لەوە تێپەڕ ناکات کە تاقمێکی خوێنڕێژ جێی تاقمێکی دیکەی خوێنڕێژ بگرێتەوەو گەلیش لە ژێر سایەی سەرکوتو حوکمی بەهەوەسدا بە بێبەشی لە مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ بمێنێتەوە.

ئەگەر چی چەندین لایەن مەسەلەی دیموکراسییان خستۆتە ڕوو، لەناوەندە باڵاکانی دیپلۆماسیی نێودەوڵەتیدا دەگوترێتەوە، بەڵام هێشتا لە

واقیعی سیاسی وڵاتە دواکەوتووەکانەوە، لەوانەش لە واقیعی وڵاتە «سۆسیالیستەکان»ی جارانەوە، دوورە. بێگوان دیموکراسی بۆ وڵاتێکی وەکوو عێراق لە جوغزی ئارەزوویەکی خەیاڵی دەرناچێت چونکە بە جیدیو ڕاشکاوی بەرەنگاریی حەقیقەتی ئەم کێشەیە ناکرێت؛ هۆیەکانیش تەنها بۆ زۆرداریو دەسەڵاتی تاکەکەسی ڕژێمە فەرمانڕەواکان لەو وڵاتانەدا یان بۆ جیدی نەبوونی جووڵانەوەکانی ئۆپۆزیسیۆن (معارضە) ناگەڕێنەوە، بەڵکو پەیوەندی بەلێڵی کێشەی دیموکراسیو مەودای توانای بەدیهێنانی لە وڵاتێکی ناسەرمایەداری پەرەسەندوودا هەیە. دەبێت سەرەتا ئەوەش بڵێین کە تەنها گەشەکردنی سەرمایەداری سیستەمێکی سیاسی لیبرالی ناسەپێنێ. مێژووی سەرمایەداری لە ئەڵمانیاو ژاپۆنو دیاردەی گەشەکردنی بێئەندازەی ئیمڕۆی پیشەسازی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی دووردا ئەوە دەردەخەن. ئەوەی کە دیموکراسی لە هەندێ وڵاتی ڕۆژئاوای وەک بەریتانیاو فەرەنساو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بەدیهات، هۆیەکەی بۆ پێداویستییە ئابوورییەکانی گەشەکردنی سەرمایەداری لە نێوان کەرتە تایبەتییەکانی سەرمایەو بازاڕی سەرمایەداریی ئازادەوە گەشەی کرد. ئەمەش کێبەرکێی ئازادانەی، وەک هۆیەک بۆ بەدیهێنانی لێوەشاوەیی (کفاءە) ئابووری، دەخواست.

سەبارەت بەئەو وڵاتانەی مێژوویەکی دێرینیان لە ناوەندێتی دەوڵەتو دەستڕۆیشتنی بەسەر کۆمەڵو بەرهەمهێناندا هەبوو وەک چینو ژاپۆنو ناوچەی ئیسلامیو هەندێک وڵاتی ئەورووپایی دیار وەک ڕوسیاو ئەڵمانیا...هتد، گەشەکردنی سەرمایەداری تێیاندا بەڕۆڵی بنچینەیی دەوڵەتەوە لەهەردوو کاری بەرهەمهێنانو دابەشکردندا، گرێی خواردبوو. لەم وڵاتانەدا، لە چوارچێوەی سەرمایەداریدا، بەدیهێنانی دیموکراسی ئاسان نەبوو. سیستەمە پەرلەمانییەکانیشیان بەهۆی هۆکارە دەرەکییەکانەوە پێکهاتبوون. ئەم ڕاستییە دوای هەرەسهێنانی سیستەمی سۆڤیەتی لە ڕوسیادا بە ئاشکرا دیاربوو، کە نەبوونی بنەما کۆمەڵایەتیو سیاسییەکانی سیستەمێکی سەرمایەداریی شێوە ڕۆژئاوایی هۆی ڕاستەقینەی ئابووتی ئەو تاقمە سیاسییانە بوون، کە لە چەندین ساڵی ڕابردوودا ناوەندی دەسەڵاتیان لەمۆسکۆدا بەدەستەوە بووە. ئەم ڕاستییە سەرەتاییە لەلای دەسگا سیاسیو ئەکادیمییە باڵاکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، تەنانەت یەکەم جار، دیار نەبوو؛ بەڵام ئێستا دیارەو خەریکن جەنگێکی ساردی نوێ ئامادە دەکەن.

**ئایا ئەمە واتای ئەوە دەگەیەنێ کە هەرگیز دیموکراسی لە وڵاتێکی وەکوو روسیا یان لەبارودۆخێکی نزیک لێمانەوە -وەک عێراق- بەدینایەت؟**

بروا ناکەم وەها بێت، بەڵکو من وەهای دەبینم کە دیموکراسی لەم جۆرە وڵاتانەدا سیستەمێکی سۆسیالیستی دەخوازێت، نەک لە شێوەی سۆفیەتی، بەڵکو بە پێی ئەو هەلومەرجەی بارودۆخی مێژوویی ئێستا دەیرەخسێنێتو لەلایەک ئەزموونی هەردوو شۆڕشی سۆفیەتیو چینی لە خۆیدا کۆبکاتەوەو لەلایەکی دیکەوە ئەو شۆڕشە زانستییەی ئێستا لە هەلومەرجی داڕووخانی هێزە سەرمایەدارییە گەورەکاندا پیادە بووە، لەبەر چاو بگرێت.

سەلماندنی ئەم بۆچوونە، ئەو پرسیارە بەمێشکدا دەهێنێت کە هۆی سەرنەکەوتنی سۆسیالیزمی سۆفیەتیو پێڕەو نەکردنی رێبازی دیموکراسی لە ژیانی سیاسیدا چی بێت؟ بەڵێ ئەمە پرسیارێکی بەجێیە. لە دیدگای منەوە ئەوە بۆ مەحاڵبوونی سۆسیالیزم ناگەڕێتەوە بەڵکو بۆ پێنەگەیشتنی فیکری سۆسیالیستی دەگەڕێتەوە کە لە پێداویستی دیموکراسی وەک بنچینەیەکی پابەند بە سۆسیالیزمەوە تێنەگەیشتبوو لەبەر ئەوە وەها بۆی دەچوون کە دیکتاتۆرەی سیستەمی «سۆسیالیستی»ی فەرمانڕەوا دیکتاتۆرەی پرۆلیتاریا دەردەبرێتو ئەو راستییەیان فەرامۆش دەکرد کە دەوڵەتی خاوەنداری هۆیەکانی بەرهەمهێنان، جا ئەو دەوڵەتە هەرچۆنێک بێت، دەوڵەتی چینێکی کۆمەڵایەتی دەبێت یان لە جێی چینێکی خاوەنداو لەهەمان کاتدا فەرمانڕەوا دەبێت. لەم حاڵەتەشدا وازهێنان لە ئیمتیازاتی سیاسیو ئابووری بە حوکمی بانگەشەی راگەیاندنەکانی لە بەرژەوەندی ئەم دەوڵەتە نییە.

ئیمڕۆ ساویلکەیەتی لەوەدا خۆی دەنوێنێ کەباوەڕ بە بانگەشەی «پووکانەوە»ی دەوڵەت لەگەڵ بنیاتنانی سۆسیالیزمدا بکرێت، پاش ئەوەی مێژووی شۆڕشی سۆفیەتی دەوڵەتێکی مەرکەزیترو خۆسەپێنتری لە تزاریزم (القیصریه) بەخۆوە دی.

سەرەنجامی کاری دوو ئەوە پتر لە بنیاتنانی «سۆسیالیستیدا» گەلانی سۆفیەتی لەهەرچی هۆو ئارەزوویەک هەیە بۆبەرگریکردن لە سۆسیالیزم رووتکردەوە.. سۆشیالیزمێک کە نموونەی وەکوو بیریاو بریجنێفو دوای ئەوانیش گۆرباچۆفو یەڵتسینی لێڕسکا. لەبەر ئەوە من وەهای دەبینم کە

جەختكردن (تأكيد) لەسەر مەسەلەی دیموكراسیی ناوێتە بەدادی كۆمەڵایەتی وەك بنچینەی هەر خەباتێكی سۆسیالیستی، سەركەوتن ئەنجامی دەبێتو خزمەتی جەماوەری زەحمەتكێش دەكات.

## باری ئێستای عێراق چۆنە؟

بە پێویستی نازانم بارودۆخی ئێستا بخەمە ڕووو ئاماژە بۆ ئەو هۆكارانە بكەم كە بەم بارودۆخەی گەیاند، چونكە ئیتر سروشتی سیستەمی فەرمانڕەواو ئەو دۆخە جیهانییەش كە هێشتوویەتییەوەو درێژە بە ژیانی دەدات ڕوونو ئاشكران. هەروەها ڕەنگە شیكردنەوەی ئەو سیاسەتە جیهانییە گونجاو نەبێت، كە لە عێراقدا، وەك خاڵی یەكانگیربوونی زۆربەی بەرژەوەندییە نێودەوڵەتییە جیاجیاكان، جێی خۆی كردۆتەوە. بەڵام پێویستە ئاماژە بەدووخاڵی گرنگ بكەم: یەكەمیان ئەوەیە كە بارودۆخی ئێستای عێراق ناناساییەو لە هێمنیو دامەزراوی بەدوورە، لەبەر ئەوە دەشێت ڕووبەڕووی چەندین هەژانی گەورە ببێتەوە! چەندین هەژان كە ڕەنگە بە پێی ئەو ڕواڵەتانەی دیارن نەتوانرێت پێشبینی بكرێن، بەتایبەتی، هاوسەنگی هێزەكانو ئەو پەیوەندییە دەوڵەتییانەی بەردەوامیی بارودۆخی ئێستایان ڕاگرتووە، ڕوو لە گۆڕانو دامەزرانە. دووەم خاڵ، كە لە دیدگای منەوە گرنگترە، ئەوەیە بۆ كێشەكەی ئێستا چارەسەر بدۆزێتەوە دوای ئەوەی ڕاستی ی بارودۆخەكە ئاشكرا بووەو هەموو گەل بەدەست باری گرانی ئەو بەشمەینەتی و برسێتییەوە دەناڵێنن كە ئەم جەنگەی دوایی كەنداو، سەرەڕای داپلۆسین وتیرۆرو زەوتكردنی سادەترین ئازادی ومافی مرۆڤ، بۆیانی بەجێهێشتووە.

چی پێوستە؟ یەكەم: پێكهێنانی بەدیلێكی نیشتمانی دیموكراتی بۆ ئەم بارە، لەبەر ئەوەی گۆڕەپانی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی عێراق هێشتا هەر چۆڵ دەبێت هەوڵو كۆشش بۆ پیادەكردنی ئەم بەدیلە بدرێت.

كە دەڵێین ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی لە ئارادا نییە مانای نكوولیكردن لەو (ئۆپۆزیسیونە) نییە كە مۆیەكانی ڕاگەیاندنی دەوڵەتان جاروبار باسی لێوە دەكەن. بەڵام ئەم (( ئوپۆزیسیۆنە)) پابەندی ئەو بارودۆخە دەوڵەتییەیە كە بوونی پێبەخشیوە. ئەو بارو دۆخەش بەپێچەوانەی مانەوەی وەزعی ئێستای

عێراقەوە نییە، بۆیە ئەم (( ئۆپۆزیسیۆنە )) لەهاوکێشەی سیاسی عێراق دەچێتە دەرەوە. وا ڕاگۆڕینەوەکانی ئەم دواییەی بوارە دیپلۆماسی و نەوتییەکان خەریکن ئەو پەڕی سوودی نێودەوڵەتیی داواکراو، یان ئەوەندەی بەکەمترین خەرجی مومکینە بەدەستی دەهێنن و ، هەڵوێستی توندی ئەمریکا ڕوو بە ڕووی بەرهەڵستی ی ئاشکرا دەبێتەوە بەتایبەتی پاش ئەوەی بەرەی دیپلۆماسی نێو ئەندامە هەمیشەییەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتان درزی تێبوو.

ئا لەم بارو دۆخە نوێیەدا گەل دەبێتە هێزی ڕاستەقینەو گۆڕانکاریی دەبزوێنێ. بەڵام بزوتنەوەی ئامانجداری گەل لە بۆشاییدا پێکنایەت بەڵکو پێویستی بەتەوەرەیەك هەیە لەدەوری کۆببنەوە. تەوەرەیەك باوەڕ پێکراوو شایانی ڕێزی جەماوەر بێت، بۆیە ناتوانرێت پشت بەو توخمو جەستە ساردەوە بووانە ببەسترێت کەلە سازشە ( مساومە ) نێو دەوڵەتییەکاندا سواون.

ئەوەی من بانگاشەی بۆ دەکەم پێکهێنانی ئیئتیلافێکی هێزە چەپ و پێشکەوتنخوازەکانە. ڕێکخستنی کارو یەکبوونی توانایانە لە پێناوی بەرەیەکی نیشتمانی یەگگرتووی فراواندا کەگشت ڕەوتە نیشتمانییەکان، بەجیاوازی فیکری و ناسنامەی نەتەوایەتیو ئاینییەکان بگرێتەوە. بەمە گەلی عێراق بەگشت لایەنە سیاسی و نەتەوەیی و ئاینییەکانیەوە دەتوانێ بەدیلی سەرکەوتوو بۆ بارو دۆخ و سیاسەتی ئیمڕۆ دابین بکات.

بەبۆنەی دەرچوونی گۆڤاری دوارۆژەوە جارێکی دیکە پیرۆزبایی ئەم دەستپێشخەرییەتان لێدەکەم . هیوادارم چرایەکی بیری پێشکەوتنخوازی و دیموکراسی و پشتیوانێکی نوێی خەباتی گەلی کوردی تێکۆشەر بێت.

ئیبراهیم عەلاوی

# دەربارەی چەپەکانو حزبەکانی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد (ناکۆکییەکان...هەڵوێستەکان...ئاسۆی داهاتوو)

فوئاد قەرەداغی

## سەرەتایەك

دوا رۆژ

لە دوا مانگی ساڵی ۱۹۹۱ دا، شێوازی خەباتی سیاسی‌ی جەماوەری لە کوردستاندا بە قۆناغێکی نوێ گەیشت. لەم مانگەدا شێوازێکی بێ ئەزموون لە خەباتی سیاسی‌ی ڕابردوودا هاتە ئاراوەو چەند شێوازێکی دیکەی خەباتکردنی، بۆ بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی جەماوەر لێکەوتەوە. مانگرتنی دەستەیەکی سەر بە چەند لایەنی سیاسی جیاجیا لەبەردەم بارەگای نەتەوە یەککرتووەکان لە سلێمانی، پاشان تەنینەوەی مانگرتن بۆ چەندین شارو شارۆچکەی کوردستان،

گرنگترین ڕووداوی زنجیرەی خەباتی جەماوەری دوای ڕاپەرینە مەزنەکەی بەهار بوو. پشتگیری‌ی فراوانی جەماوەری زەحمەتکێشی کورد بۆ مانگرەکان، هەموو ئەو ڕێپێوانوکۆڕو کۆبوونەوەو خۆنیشاندانە جەماوەرییانەی کران، نیشانەی سەردەمێکی نوێیان لە خەباتی سیاسیدا دەگەیاند. لایەنی هەرە پرشنگداری مانگرتنو خۆنیشاندانو ڕێپێوانەکان: شکاندنی بەستەڵەکی ترسو نەوێرانی دەربڕین بوو، ڕچە شکاندنی بارودۆخێکی راوەستاو بوو، دەروازەیەکی نوێی، لە بواری کارپێکردنی مافە دیموکراسییەکانو سوور بوونی سەربەخۆی جەماوەر لەسەر سەقامگیرکردنی پرنسیپی ئازادی بێ کۆتو مەرجی سیاسی، کردەوە. ئەم دەستکەوتە گرنگەی بزوتنەوەی جەماوەری لە گۆڕەپانی سیاسەتدا، گوڕو تەوژمێکی شۆڕشگێڕانەی بە هەموو چینو توێژە کۆمەلایەتییەکان بەخشی‌و، جۆشو خرۆشێکی ئەوتۆی نایەوە، دیواری ترسی کەڵەکە بووی، دەیان ساڵەی هەرەس

پێهێناو، چیدی کپکردنەوەو تاساندنی دەنگی زوڵاڵی ناڕەزایی جەماوەر، لە توانا و وزەی نەیارانی ئازادیو دیموکراسیدا نەماو ڕووی ئەم جەماوەرەی قایمترو چاوی بوێرترو ورەی پۆڵاییتر کردن تا لەسەر مافەکانی خۆیان بە دەنگ بێنو چەوتو چەوێڵی لەکەس قبووڵ نەکەن. بۆیە هەر لەگەڵ پێشکاندنو کۆتایی پێهێنانی مانگرتنەکە بەدواوە زنجیرەیەک خۆنیشاندانو ناڕەزایی دەربڕین لە دەربەندیخانو کەلارو هەڵەبجەی شەهیدو سلێمانی بەرامبەر کەمتەرخەمی کاربەدەستانی بەرەی کوردستانی، دەرهەق بە ژیانی نالەباری ئەو دەمە، سەریان هەڵداو جەماوەر بەڕاشکاوی داواکارییەکانیان، لە ڕێگای یادداشتەوە، بەدەزگای سەرکردایەتی بەرە ڕاگەیاند. ئەم خۆنیشاندانانە هێشتا تینو تاوی خۆنیشاندانەکانی ڕۆژانی مانگرتنیان پێوە دیاربوو. بۆیە لە هەندێ شوێن تو[illegible] نیز کەرتنەوەو گیروگرفتێکی سیاسی بەرەنجامیان بوو.

لە شاری سلێمانیدا، ئەو ڕێپێوانە هێمنانەیەی بڕیار وابوو ڕۆشنبیرانی سلێمانی لە ١٩٩١/١٢/٢٢ دا بەڕێی بخەن، تا یادداشتێک بەسەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی، دەربارەی پێداویستی چارەسەرکردنی بە پەلەی کێشە سیاسیو ئابووریو کۆمەلایەتییەکانی دوای ڕاپەڕین بدەن؛ بە شێوەیە[illegible]ی دیکە وەرچەرخاو، پیاوانی ڕژێم توانییان دزەبکەنە ناوییەوەو هەندێ [illegible]وشمی دزێو بانگدەنو ڕووی ڕاستەقینەی ڕێپێوانەکە بشێوێنن. دروشمێکی ڕژێم کردی زەق بەسەر دروشمەکاندا زاڵ بوو (١). هەندێک کاڵفامو ساویلکەو نەزانیش بێ لێکدانەوەی ناوەڕۆکی دروشمەکە، نێو ئەو داوە کەوتن. هاوکاتیی ئەم دروشمە لەگەڵ ڕۆژانی دوای ئەزموونی مانگرتنو شێواندنی مەبەستی ڕێپێوانەکە، کاردانەوەیەکی توندی لەلایەن کاربەدەستانی بەرەوە لە سلێمانی هەبوو. لەبەر ئەوە بە گرژییەکی لە ڕادە بەدەرەوە وەرگیراو، بەپەلەو بێ شیکردنەوەیەکی لەسەرخۆ درایە پاڵ چەپەکانو تۆمەتی (گێرە شێوێن) و (ئاژاوە گێر) یان بە پاڵدان لە بری ئەوەی هێمنانەو بە گیانێکی پڕ هەستی لێپرسراوێتییەوە بارو دۆخەکە بۆ جەماوەر ڕوونبکەنەوەو ڕای گشتی خەڵکی ئاڕاستەی ناسینی شێوازی کاری پیاوەکانی ڕژێمو پیلانەکانیان بکەن، یەکسەر چەپەکانیان وەک خەڵکی (توند ڕەو) ناو هێناو ئۆباڵی ڕووداوی دژایەتی بەرەیان لەو ڕۆژەدا لە ئەستۆی ئەمان دانا.

دیارە لەو سەردەمەدا بۆ هەر کەسێکی ئاشنا بە سیاسەت ڕوونو ئاشکرا

بوو، کە سەرهەڵدانی دروشمێکی وەها قێزە وزو گوتنەوەی ناهۆشیارانەی لەلایەکو تۆمەتی گێرە شێوێنیو ئاژاوە گێریو توندڕەوی دانەپاڵ چەپەکان لە لایەکی دیکەوە، هەروا لە خۆوەڕا نەهاتبوون. سروشتی ئەم تێکەو لێکە ئاڵۆزە ئەوەیان نیشان دەدا، کە ناکۆکی نێوان چەپەکانو بەرەی کوردستانی لە واقیعەکەدا پێشینەی هەبووە، تا بەو سووکو سانایيە کێشەیەکی سیاسی پێکبهێنێت؛ لە ڕاستیشدا هەر بەو جۆرە بوو. هەڵسەنگاندنی نەیارانەو ململانێ بەر لەم ڕووداوە بەرامبەر یەکتری هەبووە تا ئەو رادەیەی لە درزی ئەو ناکۆکییانەوە پیاوەکانی رژێم بتوانن کنەی تێدا بکەنو ئەو هەڵە بۆ تەقاندنەوەی بقۆزنەوەو مەبەستی گڵاوی خۆیان لە تێشکاندنی هەڵوێستی یەکگرتوانەی جەماوەری ستەمدیدەی کورد دژی فاشیزم بە ئەنجام بگەیەنن.

ئیمڕۆ پاش تێپەڕ بوونی پتر لە دوو ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوەدا، هێشتا هەڵوێستی گرژیو دژایەتی، لە تێکڕای سیاسەتی نێوان حزبەکانی پاشماوەی بەرەو چەپەکاندا، بەردەوامە. ئەزموونو پراکتیکی کاری سیاسی لە ماوەی رابردوودا، بە تایبەتی زنجیرەی ئەو یەکگرتنانەی لە نێوان حزبەکاندا روویاندا لە لایەکو، بنبەست بوونی بەرەی کوردستانی لە ئاکامی هەڵبژاردنی پەرلەمانو دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لایەکی دیکەوە، شێوە هاوپەیمانێتی سیاسیی نوێی لە کوردستاندا نەهانیوەتە کایەوە تا لە ئاستی هەلومەرجی سیاسی ئیمڕۆی کێشە سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتییەکان چەمسەر بەندیی سیاسی لەسەر بنچینەی هەڵوێستی دوورو نزیک لە یەکترییەوە پێکبێتو هەنگاوێک بارو دۆخەکە بەرەو پێشەوە ببرێت. ئەو هاوپەیمانێتییەی نێوان دوو زلهێزەکەی بەرەی کوردستانی لە پێکهێنانی پەرلەمانو حکومەتی هەرێمدا مۆریان کرد، یەکبینە تەنگوچەڵەمەی لە خۆدا حەشاردراوەو سیاسەتی نیوەبەنیوەی دەسەڵاتدارێتی بە گەورەترین کۆسپی سەرە ڕێگای چارەسەرکردنی کێشەکان وەرچەرخاوەو خەڵکی زەحمەتکێشو ستەمدیدەی کوردی نائومێد کردووە. بۆیە پێداچوونەوەی ئەو ئەزموونەو دەستکاریکردنێک لە شێوەی دەسەڵاتدارێتی سیاسی لە کوردستاندا، بۆتە پێش مەرجی تێپەڕاندنی ئەم قەیرانە سیاسییەو، بێ یەکلایی کردنەوەی ناسنامەی سیاسیی دەسەڵات، چارەنووسی کێشەکان لەبەردەم گێژەڵووکەی ململانێی حزبایەتیی بەرتەسکدا دەمێنێتەوە.

تەریک خستنەوەی چەپەکان لە بڕیاردانی چارەنووسی سیاسی کێشەی

گەلی کورد، هەڵەیەکی سیاسی گەورە بووەو، بێ هاوپەیمانێتیو دۆستایەتی چەپ لە کوردستاندا، ئاسۆیەکی ڕوونی لە بەردەمدا نابێت.

بارودۆخی سیاسی ئێمڕۆی کوردستان پێداویستی چاوخشاندنەوە بە هەموو سیاسەتەکاندا، هەر لە ڕێکخستنەوەی سیستەمی سیاسییەوە تا سەر چۆنایەتی هاوپەیمانێتی نوێی هێزە سیاسییەکان، دەخوازێت. هەڵبەت چەپەکانیش ڕۆڵی مێژوویی خۆیان لەم بوارەدا هەیەو، ئەم ڕۆڵە هاوپەیمانێتی سیاسییان لەبەر تیشکی بارە سیاسییەکەدا بەسەردا دەسەپێنێ، دەنا ئەوانیش ڕوو لە بنبەست دەکەنو جێوڕێیەکیان لە نێو جەماوەری کرێکارانو زەحمەتکێشانی کوردستاندا بۆ نامێنێتەوە. هەر لەم گۆشە نیگایەوە، ئەم لێکۆڵینەوەیە بە پەیوەندییەکانی رابردوودا دەچێتەوەو بەدوای هاوپەیمانێتییەکی نوێدا دەگەڕێت کە چەپەکان شوێنی شیاوی خۆیانی تێدا ببیننەوە.

ئەم لێکۆڵنەوەیە لە باری سەرنجێکی ناحزبیو بێلایەنەوە (٢) دەکرێتو هەوڵی بابەتی بوون، لە دەستنیشانکردنی کەموکورییەکانو هەڵسەنگاندنی هەڵوێستەکان، دەدات.

دیارە بۆ خۆی ئەم بابەتی بوونو بێلایەنییە بە شێوەی جیاجیا وەردەگیرێن. دەشێت هەندێك بە چەپڕەویو هەندێکی دیکە بە ناسیۆنالیستی لەقەڵەم بدەن. بۆیە تەواو کردنی ئەم بابەتە بواری لێکۆڵینەوەی زیاتری لە گشت لایەکەوە پێدەداتو نووسەر پێی وەهایە هەرکاردانەوەیەکی سەلبی یان ئیجابی لە بارەیەوە رەنجەکەی ئەو جێگیرترو کارەکەی دەوڵەمەندتر دەکەن. بۆیە ئامێزی بۆ تاوو توێ کردنی لێکۆڵینەوەکە ئاواڵەیەو چاوەڕوانی پێنووسی رەخنەگرانەی هەڵسەنگاندنی نووسەران دەکات، بە هیوای دەرچوون بەسەرەنجامێکی فیکریو سیاسیو عەمەلی ئەوتۆ، ئەزموونەکانی رابردوو لە شوێنی شیاوی خۆیان دابنێنو ڕێگای خەباتی فیکریو سیاسیو عەمەلیی دوارۆژیش ڕۆشنتر بکەنەوە.

## بەشی یەکەم

### هەردەمی ڕاپەڕینو بزوتنەوەی سیاسی لە کوردستاندا

مەبەست لە بزوتنەوەی سیاسی، واقیعی چینایەتی جووڵانەوە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکانو ڕەنگدانەوەیەتی لەو چالاکییە سیاسسییانەدا، کە

حزبو رێکخراوو گرووپو دەستە سیاسییەکانی ئێمرۆی کوردستان پێی هەڵدەستن. سەرجەمی ئەو چالاکییە سیاسییانە نەخشەی بزوتنەوەی سیاسی لە کوردستاندا نیشان دەدەن. بۆ لێکۆڵینەوەو دیاریکردنی ڕووکاری لایەنەکانی ئەم بزوتنەوەیەو کارکردەییان لە باری ئێستای کوردستاندا، ناتوانرێت رێگە چارەیەك بۆ گیروگرفتە ساسییەکان، ئەو گیروگرفتانەی لە ئاکامی ناکۆکییە سیاسییەکان هاتونەتە کایەوە، بدۆزرێتەوە.

راپەرینەکەی بەهاری ١٩٩١ سەرەتای سەردەمێکی نوێی لە خەباتی سیاسی‌ی هێزە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان هێنایە کایەوە. بزوتنەوەی سیاسی، لەبارو دۆخی داکشانێکی ڕەشبینانەوە، کە لە ئەنجامی تێشکانی هێزە چەکدارەکانی کوردستان، دوای ئەنفالەکانی ساڵی ١٩٨٨ دروست بوو بوو، بەبارو دۆخێکی هەڵکشانو خۆشبینانەی گەیاند. لەسەرانسەری کوردستاندا، پاش ڕاماڵینی دەسەڵاتی سیاسی بەعسو پاککردنەوەی زۆربەی ناوچەکانی کوردستان لەو دەسەڵاتدارێتییە، چالاکییەکی گەورەی سیاسی سەری هەڵداو بزوتنەوەی هێزە سیاسییەکان یەکێك لە بەرەنجامە کاریگەرەکانی راپەرینەکە بوو.

کۆمەڵی کوردستان، وەك هەر کۆمەڵێکی چینایەتی، ململانێی نێوان چینەکانی، هەروەها ململانێی نێوان توێژاڵە چینایەتییە جیاجیاکانی، لە پێکهێنانو بزوتنەوەی سیاسی‌ی حزبو رێکخراوەکانیدا، ڕەنگیان داوەتەوە. دیدو بۆچوونی جیاوازو بەرنامەی جیاجیاو هەڵوێستی لەیەك نەچوو، نیشانەی راستەقینەی ئەو ناکۆکییە چینایەتییەن، کە ڕەگی هەر رێکخستنێك ناو دەداتو یەکبینە گیروگرفتو کێشەی سیاسی لێدەرسکێو مۆرکی خۆی بە تەوێڵی بارە سیاسییەکەی ئێمرۆی کوردستانەوە دەنێت.

ئەگەر لەم نەخشە سیاسییە ورد بینەوە حەقیقەتی بوونی دوو رێبازی سەرەکی، دوو ڕەنگی جیاواز، دوو تەوژمی ئایدیۆلۆژی پێکەوە نەگونجاو دەبینین. هەر یەکێك لەم دوو رێبازە جەماوەری تایبەتی خۆیان هەیەو جێ پەنجەیان بەسەر گشت مەسەلە سیاسییەکانەوە دیارەو ناتوانرێت بایەخیان لە بریاردانی دوا ڕۆژی سیاسی کوردستاندا فەرامۆش بکرێت. ناکۆکییەکانی نێوان ئەم دوو رێبازە سەرەکییە قابیلی پشت گوێ خستن نین. بەکەمو

سووک تەماشاکردنی هەر لایەنێکیان گرفتە سیاسییەکان ئاڵۆز دەکاتو بۆ ماوەیەک خەفەیان دەکاتو پاشان لە ناکاوێکدا کڵپە دەسێننەوە، بۆیە چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکییانە بە بەرنامەیەکی دارێژراوی زانستیو هۆشیارییەکی سیاسی باڵاوە، دەبێتە مایەی لەدەست نەدانی ئەو رەنجو ئارەقەو خوێنەی جەماوەری زەحمەتکێشی کورد لە پێناوی ئازادیدا داوێتی.

دەتوانین، بەگشتی، ئەم دوو رێبازە سەرەکییە، بە دوو رێبازی ناسیۆنالیستیو سۆسیالیستی دەستنیشان بکەین (٣). ئەم دوو رێبازە واقیعێکی بەرچاون. لەهەر رێبازێکیشیاندا بۆچوونی جیاجیاو هەڵوێستی جۆراوجۆر هەیە. ئەم دوو بەرەیە، بە جیاوازی لێکدانەوەو هەمە رەنگیی هەڵوێستەوە واقیعی سیاسی لە کوردستانی ئیمڕۆدا بەرجەستە دەکەنو شان بەشانی یەکتری لەسەر دوو هێڵی تەریب رەوتی سیاسی خۆیان درێژە پێدەدەنو حەقیقەتێکی سیاسی حاشا هەڵنەگر پێکدەهێنن.

## ١/١ رێبازی ناسیۆنالیستی

هەر چەندە چەوساندنەوەی نەتەوایەتی لە وڵاتێکی فرەنەتەوەدا، لە بنەڕەتدا، چەوساندنەوەیەکی چینایەتییەو ئەنجامی سیاسەتی چەوساندنەوەی چینایەتی بۆرژوا شۆڤێنیزمی نەتەوەی سەردەستە؛ لەگەڵ ئەوەشدا کە جەماوەری کرێکارانو زەحمەتکێشانی هەردوو نەتەوەی سەردەستو بندەست قوربانیی دەستی ئەو سیاسەتە شۆڤێنییەن، بەڵام چینە بۆرژوازییەکان بەرگێکی زەقی نەتەوایەتی بەبەردا دەکەنو لایەنە چینایەتییەکەی دەشارنەوەو ناوەڕۆکە کۆمەڵایەتییەکەی لە کرێکارانو زەحمەتکێشانی نەتەوەی سەردەستو ژێردەست چەواشە دەکەن. جەنگی چینایەتییان لێدەگۆڕنو وەک جەنگی نەتەوایەتی نێوان هەردوو نەتەوەکە دەیخەنە ڕوو. نەتەوەی بندەست لەم سیاسەتەدا بارەگرانەکەی لە کۆڵ دەنرێت. هەموو چینەکانی نەتەوەی بندەست-هەر یەکەیان بەڕادەیەک- لەئاکامی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی دەرباز نابنو ئەم چەوساندنەوەیە دەیانگرێتەوە، بە تایبەتی ئەگەر چینە بۆرژوا شۆڤێنێکەی نەتەوەی سەردەست سروشتێکی فاشستیانە رەوتی سیاسەتەکانی دیاری بکات. لەم بارەدا، نەک هەر مافەکانی نەتەوەی ژێردەست لە بریاردانی چارەنووس پێشێل دەکرێن، بەڵکو مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤو

خودی نەتەوەکە-وەك بوونی نەتەوەیی- بەر هەڕەشەی لەناوچوونو قڕکردن دەکەون.

گەلی کورد لە کوردستانی باشوور (عێراق)، لە سایەی ڕژێمی شۆڤێنیزمی عەرەبیی شێوە فاشی دووچاری مەترسییەکی وەهابووەوە ڕۆژانە سیاسەتی قڕکردنو پاکتاو کردنی جەستەیی بەرامبەری ئەنجام دەدرا.

دیارە لە بەرامبەر سیاسەتێکی وەهادا گیانی بەرهەڵستیو بەرگری لە خۆکردنو بەتەنگەوە هاتنی مانەوەو درێژەدان بە ژیانی نەتەوە، مەسەلەیەکی هەرە بنەڕەتی لە ژیانی هەموو چینەکانی سەر بەنەتەوەی ژێر دەست پێکدەهێنێت. ئەم مەسەلەیە هەڵوێستێك لە بوون (وجود) دروست دەکات، سروشتی چەوساندنەوە بەرهەڵستی دەخولقێنێ، سەبارەت بەوەی ئەم کاردانەوەیە یاسایەکی سەلمێندراوەو هەمیشە چەوساندنەوە بەرهەڵستی دروست دەکات. ئەم بەرهەڵستییە خەست دەبێتەوەو خۆی لە بزوتنەوەی بەرهەڵستیکاریو بەرگریکردن لە بوونی نەتەوە دەنوێنێت؛ هەتا مەترسییەکە گەورەترو هەڕەشەی تواندنەوەو لەناوبردن زیاتریش بێت، جەماوەرێکی زۆرتر لەدەوری بزوتنەوە نەتەوایەتییەکە کۆدەبنەوە. بنجی چینایەتی چەوساندنەوەکە بە ژێر دەستو پێوە دەبێتو تەنیا ڕواڵەتی دەرەوەو سەرکۆزەری کێشەکە بەبەرچاوەوە دەبێت. لەبەر ئەوە، زۆر ئاساییە، لەهەر شوێنێك سیاسەتی سڕینەوەی بوونی نەتەوایەتی هەبێت، بزوتنەوەیەکی بەرینی سیاسیی ناسیۆنالیستی بەهێز سەرهەڵبداتو، وەك کاری ڕێکخراوەییو ئایدیاییو کۆمەڵایەتیو جووڵانەوەی سیاسی، باڵی بەسەر بارودۆخە سیاسییەکەدا بکێشێو زۆرینەی جەماوەری ئەو نەتەوەیە، بە کرێکارانو زەحمەتکێشانیشەوە لەژێر دەوارەکەی خۆیدا کۆبکاتەوە. ئەمە ڕاستییەکی گشتییە و کوردستان نموونەیەکی هەزە واقیمییەتیو، نەك هەر ناتوانرێت نکوولی لێبکرێت، بەڵکو سیمای بزوتنەوی سیاسیی زاڵو باو لە کوردستاندا وێنەیەکی هەرە دیارو ئاشکرای ئەو ڕاستییە نیشان دەدات.

ئەم بزوتنەوەیە لە سیی ساڵی ڕابردوودا ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر گەشەی کردووەو، لەگەڵ پێداگرتنی سیاسەتی شوڤێنیزمانەی داگیرکەراندا، ئەمیش بۆ پێشەوە چووەو لایەنە نەتەوەییەکەی تێدا قووڵتر بۆتەوە.

ئەم بزوتنەوە نەتەوایەتییە لە خەباتی سیاسی چەندین حزبو ڕێکخراوی نەتەوەییدا بەرجەستە بووە. ئم حزبانە بەرنامەی خەباتی نەتەوەییان هەیەو، پاش ئەو گۆڕانکارییانەی لە هاوکێشەی سیاسەتی نێو دەوڵەتیدا ڕوویاندا، چۆنایەتی ئامانجەکانیان گۆڕیوەو بەرەو وەرگرتنی هەڵوێستێکی ناسیۆنالیستی فراوانتر وەرچەرخاون.

گۆڕانکارییەکانی جیهان لەچەند ساڵی ڕابردوودا هیوای سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوایەتی بوژاندۆتەوە، بۆیە بەرنامە کۆنەکەی نۆتۆنۆمی بەلاوە نراوەو پێشبڕکێی بەرنامەیی، لەمەڕ شێوەو قەوارەی سیاسی دواڕۆژ لە کوردستاندا خستۆتەوە.

بە گشتی ئەو حزبانەی بەرەی کوردستانییان پێکدەهێناو هەندێک حزبو ڕێکخراوی نەتەوەیی دیکە لە دەرەوەی بەرەی کوردستانیی ئەوساو ئێستا، نمایندەی ئەم ڕێبازە ناسیۆنالیستییەو بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد لەم بەشەی کوردستاندا پێکدەهێنن.

### ٢/١ ڕێبازی سۆسیالیستی

مەبەست لە ڕێبازی سۆسیالیستی سەرجەمی ئەو جولانەوە سیاسییە ((چەپ))ەیە، کەلەوبەری بزوتنەوە نەتەوایەتییەکەوە، هەڵیانداوە. لێرەدا وشەی سۆسیالیستی تەنیا بەو مەبەستە بەکاردەهێنین، چونکە ناتوانرێت هەموو ئەو حزبو ڕێکخراوانەی بۆ خۆیان بانگەشەی سۆسیالیستی دەکەنو کەمو زۆر پابەندی ئایدیای نەتەوەیین لە ژێر ئاڵای ئەم زاراوەیەدا ریز بکرێن. سۆسیالیست بوون، لەم دیدگایەوە یەک چەمکی ڕوونو ئاشکرای هەیەو تەنها بەو پێودانگە ڕێبازی سۆسیالیستی دەستنیشان دەکرێت. خاڵی یەکانگیری ئەو پێودانگە بۆ هەموو ئەو حزبو ڕێکخراوو گرووپو دەستانەی سەر بەم ڕێبازەن باوەڕ بوونیانە بە بنەما فەلسەفییەکانی ماتەریالیزمی دیالێکتیکیو مێژوویی، ئەوانەی لە خەباتی ڕۆژانەی خۆیاندا بە ڕاشکاوی ئاڵای تیۆری مارکسیزم بەرز دەکەنەوەو وەک پراکتیکی کاری سیاسی ڕابەرییان دەکات.

بزوتنەوەی سۆسیالیستی لە کوردستاندا مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە. ئەم مێژووە بۆ سەردەمی حوکمدارێتیو پاشایەتی شێخ مەحمود دەگەڕێتەوە. ئەو کاتە هەندێک لە گەنجە منەوەرەکانی کورد دەنگوباسی

شۆڕشی ئۆکتۆبەرو ناوی (لینین)یان بیستبوو. ئەم گەنجانە بەگەرمەوە بەرگرییان لەو شۆڕشە دەکردو ئایدیاو پرنسیپەکانیان بڵاو دەکردەوە. ئەمانە لەناو خەڵکدا بە (بۆلشەوی) ناسرابوون. ئەم ڕەگە مێژووییەی بۆلشەویک بوون لە کوردستانداهەر لەو کاتەوە بنجی داکوتاوەو هەرگیز وشکی نەکردووە.

بۆلشەویکەکانی کورد لەسەردەمی (لینین) دا لە کۆنگرەکانی گەلانی رۆژهەلاتدا بەشدارییان کردووە. لە دوای لکاندنی کوردستانیش بە عێراقەوە شان بە شانی کۆمۆنیستەکانی عەرەب لەم بزوتنەوەیەدا کاریان کردووەو لە خەباتی حزبی شیوعی عێراقدا دەورێکی بەرچاویان هەبووە، تەنانەت لە زۆر ماوەی مێژووی عێراقدا کۆمۆنیستە کوردەکان ڕۆڵی سەرکردایەتیو رابەرایەتی بزوتنەوەکەیان لە سەرانسەری عێراقدا دیوە. هەر لە ناوەڕاستی ساڵەکانی چلیشەوە، هەمیشە کوردستان مەڵبەندێکی بزوتنەوەی کۆمۆنیستیو قەلایەکی خەباتی کۆمۆنیستەکان بووە. نەک هەر ئەوە، بەڵکو چەندین جار حزبو ڕێکخراوی کۆمۆنیستی سەربەخۆ لە کوردستاندا درووست بوون. شارەکانی کوردستانو لادێکانیش لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی پاشایەتیدا شاهیدی خەباتی سیاسی کۆمۆنیستەکان بوون. لە دوای شۆڕشی چواردەی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨، کوردستان بۆ نزیکەی دوو ساڵ گۆڕەپانی بزوتنەوەیەکەی سیاسی فراوان بوو، لەم بزوتنەوەیەدا حزبی شیوعی عێراق باڵێکی سەرەکیو هێزێکی جەماوەری کاریگەرو ڕابەر بوو. لە ڕێی ئەم حزبەوە ناوی کۆمۆنیزمو چەمکە سۆسیالیستییەکان بەدوا دێهاتی سەر سنوورەکان گەیشت. بە درێژایی سیی ساڵی رابردووش هەمیشە وشەی کۆمۆنیستو کۆمۆنیستەکان بەسەر زاری خەڵکییەوە بووەو ناکۆکیو ململانێیان لەگەڵ بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد، چ بە سەلبی بووبێت یان بە ئیجابی، قسەو باسی کۆڕو کۆمەڵو ناوخەڵك بووە.

ئەم بزوتنەوە سیاسییە (بزوتنەوەی کۆمۆنیستی) هەمیشە لە کردارێکی بێ پسانەوەی کەرت بوونو لە یەك جیابوونەوەو دروست بوونەوە بووە. هێڵی سیاسیو فیکری جیاجیا تێیدا سەری هەڵداوەو مێژووی ململانێیەکی دوورو درێژ لەم بوارەدا بۆ خەڵکیو بزوتنەوەی سیاسی بەجێماوە. ئەم کەرت کەرت بوونو پەرەوازەییەی ڕێبازە فیکرییە جیاوازەکان، لە ئاکامی سیاسەتی هەڵە بەدوا هەڵەی حزبی شیوعیو تیۆری

فاشیستیانەی رژێمە یەک لەدوا یەکەکانو هەرەسهێنانی دەوڵەتی سۆسیال بۆرژوازی شۆرەوی‌و دەوڵەتەکانی بلۆکی رۆژهەلات، هەتا ئیمرۆش بەردەوامەو هەتا دێت روو لە زیاد بوونو فراوان بوونن.

ئیمرۆ لە گۆرەپانی بزوتنەوەی سیاسی کوردستاندا رێبازێکی سەرەکی سۆسیالیستی هەیە. چەپی ناسیۆنالیستی‌و چەپی رادیکاڵو گشتی‌و چەپی هەڵدەسوورێن. ئەم رێبازە لە چەندین گروپو دەستەو رێکخراوی سیاسی جیاواز لە دیدو ئیلتیزامی سۆسیالیستیدا خۆی دەنوێنێ‌و هەر یەکەیان بەرنامەو گۆڤارو رۆژنامەو بلاوکراوەی تایبەتی خۆیان هەیە.

هەموو ئەو رێکخستنانەی خۆیان بە بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکارەوە بەستۆتەوە-دیارە هەریەکەیان بە پێی بیرو لێکدانەوەی خۆیان- سەرچاوەیان مارکسیزمەو لەو روانگەیەوە هەڵوێست لە بزوتنەوەی نەتەوایەتی وەردەگرن. خودی ئەم بزوتنەوەیەش کەرت کەرتەو باری سەرنجی لایەنەکانی بۆ کۆمەڵێک مەسەلەی سیاسي وەکوو یەک نییە. بەم پێیە ئەم بزوتنەوەیە پەرتەوازەیەو بەرنامەیەکی ناوکۆیی خەباتی دەستە جیاجیاکانی یەکنەخستووەو تا ئیستا نزیکبوونەوەیەکی بەرچاو لە نێوانیاندا نییەو بەهۆی ئەوەشەوە سەنگی سیاسییان کاریگەرێتی دیاری نییەو بە لاوازی ماونەتەوە. ئەمە سەرەرای ئەوەی تەوژمی بیری ناسیۆنالیستی ئیجگاربەهێزەو بواری چالاکی ئەمانی تەسک کردۆتەوە (٤).

کارگێرانو هەوادارانی ئەم بزوتنەوە سۆسیالیستییە بە زۆری لە رۆشنبیران پێکهاتوون. هێشتا ئەم بزوتنەوەیە، بە واقیعی، نەبۆتە بزوتنەوەی بەرپەرچدانەوەی سیاسی و کۆمەلایەتی چینی کرێکار بۆ گشت باری سیاسی‌و کۆمەلایەتی کۆمەڵ؛ لەگەڵ ئەوەشدا بزوتنەوەیەکە بوونی سەربەخۆو تایبەتی خۆی هەیە. ئەو رۆشنبیرانەی لە نێویدا خەبات دەکەن لە ئەنجامی چەوساندنەوەی دیاریکراو (مشخص)ی چینەکەی خۆیان -وەک رۆشنبیر- بەلای خەباتە سۆسیالیستییەدا لایان نەداوە بەڵکو هەندێکیان وەک رێبازی بەرپەرچدانەوەیەکی رادیکالی ناسۆ روون بۆسەرجەمی ژیانی پر مەینەتی خۆیانو خەڵکی وەریان گرتووەو هەندێکی دیکەشیان لە ئەنجامی تێگەیشتنێکی قووڵی رۆڵی کرێکاران لە جوڵانو گەشەسەندنی مێژوو،

چوونەتە ئەو بەرەیەوە. ئەم تێگەیشتنە هەمە لایەنییە لە بەدیلی گونجاو بۆ بارودۆخی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتی ئیستاو، لە بزافە ناچارییەکەی مێژوو بەرەو پێشەوە، قەناعەتی فیکریی بە ڕۆڵی شۆڕشگێڕانەی خۆیان -وەک ڕۆشنبیر- پێ پەیدا کردوونو جێی خۆیان لە ریزی ئەو بزوتنەوەیەدا بینیوەتەوەو لە ریزەکانیدا کاردەکەن.

ئەم بزوتنەوە سۆسیالیستییە کە ڕۆشنبیرانی کۆمۆنیست دینەمۆی رەوتەکەین، هەر چەندە لە ڕووی چەندایەتییەوە کەمینەیەکی کۆمەڵنو توانای ماددییان کەمەو هەلی لەبارو پێویستییەکانی کاروباری سیاسی ئاشکرایان بۆ نەڕەخساوە، بەڵام لە ئاسۆی دوارۆژی حەرەکەتی مێژوودا پایە کۆمەڵایەتییە کرێکارییەکەی، بایەخی سیاسیو فیکریو جێو ڕێو پلەو پایەی دیاری خۆیان دەبێتو هەر لە ئیمرۆشدا بە بەرچاوەوەیە. ئەوان خاوەنی چەکێکی کاریگەی خەباتی سیاسین ئەویش چەکی رەخنەیەکی کۆمەڵایەتیو سیاسی توندو جێگیرە. ئەم چەکە فیکرییە رەخنەیەکی هەمەلایەنەو قووڵ لەکۆمەڵو لە بزوتنەوە سیاسییە کاراکانی کۆمەڵ دەگرێ. بەم رەخنە گرتنە کۆمەڵایەتیو سیاسییە قووڵە، هەر لە ئیستاوە، بەردی بناغەی ئۆپۆزیسیۆنێکی سۆسیالیستییان بۆ ژیانی سیاسی داهاتوو دارشتووە.

## ٣/١ بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردو شوێنی سیاسی بەرەی کوردستانی

وەک لە پێشەوە ئاماژەمان بۆ کرد، بەرەی کوردستانی بەشێکی سەرەکی رێبازی ناسیۆنالیستی لە بزوتنەوەی سیاسی کوردستاندا پێکدەهێناو ئامانجەکانی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردی بەرجەستە دەکرد. بەرەی کوردستانی سەرەنجامی هەوڵو کۆششێکی زۆری حزبە ناسیۆنالیستەکانی کورد، دوای شەڕێکی خوێناوی لە نێوانیاندا، پێکهات. ئەم حزبانە لەسەر بنچینەی بەرنامەیەکی نەتەوایەتی یەکیان گرتبوو. ئەم بەرەیە نمایندەی یەکگرتنو هاوپەیمانێتی چەند چینێکی جیاواز لەکۆمەڵی کوردستاندا نەبوو، بەڵکو لایەنەکانی نمایندەی توێژە جیاجیاکانی بۆرژواو وردە بۆرژوای کورد بوون. لە نێوانی ئەم توێژانەدا هێڵێکی چینایەتی روون نەبوو کە راستەو راست لە یەکدی جیایان بکاتەوە. هەر هەموویان وەک بەرنامەو ئامانجو شێوەی کارکردنیانو چۆنایەتی جەماوەرەکەیان ئەوەندە لە یەکدییەوە نزیک بوون، دەکرا لەیەک حزبدا کۆ ببنەوە.

دروشمی سەرەکی زۆربەی لایەنەکانی بەرە تا چەند مانگێکیش دوای کشانەوەی ئیداری ڕژێم لە کوردستانو داسەپاندنی ئابڵووقەی ئابووری لەسەر ناوچە ڕزگارکراوەکان، دیموکراسی بۆ عێراقو ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان بوو. لەبەرنامەی بەرەدا بە ئاشکرا، شەقڵی عێراقێتی هەندێک لە ئامانجەکانو جۆری تێڕوانینیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە چوارچێوەی ((یەکێتی خاکی عێراق)) دیارە. داواکردنی مافی بڕیاردانی چارەنووس لە شێوەی فیدرالیدا، وەک ستراتیژی بزوتنەوەی ڕزگاری نەتەوایەتی، بەرەنجامی گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییەی جیهانو بارودۆخێکی سیاسی ناوخۆیی بوو کە دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانو دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان هاتنە پێشەوە، دەنا حزبەکانی بەرە لەمەڕ ستراتیژی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد ناتەبا بوونو بەشێکی زۆری بانگەشەی هەڵبژاردنو ململانێو کێبەرکێی هەڵبژاردن لەتەوەرەی دیدو بۆچوونی جیاجیا بۆ ئەو ستراتیژە دەخولانەوە.

هەندێک لایەنی ئەم بەرەیە ڕاستەوخۆ لە بازنەی ئامانجە نەتەوایەتییەکاندا بوونو سیاسەتو ستراتیژو تاکتیکی خەباتیان لەم بوارە نەتەوەییە تێپەڕی نەدەکرد. شێوازی خەباتیان بۆ کۆکردنەوەو سازدانی جەماوەریش هەر هەمان شێوە ئاڕاستەکردنی ناسیۆنالیستی بوو، کە بە درێژایی چەند گرێیەکی ئەم دواییەی سەدەکە پەیڕەویان کرد. ئەو یەک دوو هێزە سیاسییەش کە ئەندامی بەرە بوونو بە هێزی چەپ دەناسران، بە وەرگرتنی بەرنامەی بەرەو یەکگرتنی بەرەییان لەگەڵ حزبە ناسیۆنالیستەکاندا بۆ بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوایەتییەکان، بە کردەوە ئامانجی خەباتیانی لە سنووری ئامانجە نەتەوایەتییەکاندا قەتیس کردو مەسەلە چینایەتییەکانیان، بەبێ بەستنەوەیان بە ستراتیژی سۆسیالیزمەوە، لە ڕیزی پشتەوە ڕاگرتو مەسەلە دیموکراتییەکانیان بەسەر مەشقی خەباتی ئەو قۆناغەی خەباتیان دانا. لەبەر ئەوە کەم تا زۆر، لە ئاستی ڕووداوو زۆرانبازییە سیاسییەکانی گۆڕەپانەکەی کوردستاندا، سیاسەتی ناسیۆنالیستی بووە تەوەرەی چالاکیی سیاسییانو تا ئێستاش لەو بازنەیە دەرنەچوون.

هێزەکانی بەرەی کوردستانی خاوەنی هێزی چەکدار بوون. هێزی سەرەکیو تەنیای چەکدارییان لە کوردستاندا پێکدەهێنا. بەحوکمی بوونی ئەو هێزە چەکدارییە خاوەنی دەسەڵات بوون. لە کوردستانی دوای ڕاپەڕیندا

دەوڵەتی واقیع بوونو جێی حکومەتی ناوەندیان گرتەوەو وەك هێزی سیاسیو چەکداریی زۆور کۆمەڵو هاوتا ڕاگری بونیادی کۆمەڵ کارگێڕییان دەکرد. بۆیە بە حوکمی ئەو شوێنە سیاسییەیان هەر زوو ڕووبەڕووی سەرهەڵدانی گەلێك کێشەی ئاڵۆز بوونەوە؛ مەسەلەی چارەنووسی ئادیاری کێشەی گەلی کوردو لێڵی چۆنایەتی پەیوەندی بە حکومەتی ناوەندەوەو ئابڵووقەدانی ئابووری لەسەر کوردستان لەلایەن ڕژێمەوە هەلومەرجێکی سەختی بۆ خولقاندن. ئەم هەلومەرجە سەختە لەلایەك و سروشتی حەباتی نەتەوەییش لەلایەکی دیکەوە هەندێك ڕەفتاری نادیموکراسی خستەوەو ئەو هێزە سیاسییانەی ئایدیۆلۆژی جیاوازیان لەبەرە هەبوو بەر هەندێك گوشار کەوتن.

بەرەی کوردستانی، سەرەڕای ئەو لایەنانەی باسمان کرد، خاوەنی ڕاگەیاندنێکی فراوان بوو، هەموو هۆیەکانی بڵاوکردنەوەو ئاڕاستە کردن هەر لە ئێستگەو تەلەفزیۆنو بڵاوکراوەوە تا سەر ڕۆژنامەو گۆڤار لەبەر دەستیاندا بوو. لە ئاستی ناوخۆو جیهانی دەرەوەدا وەك نمایندەی ڕەسمی ئۆپۆزیسیۆنی کورد دەناسرا. ئەمە ڕۆڵێکی گرنگتری دایە بەرەی کوردستانیو هەڵسوکەوتێکی تایبەتییان بەسەردا سەپاند چ لە پەیوەندییەکانی دەرەوەداو چ لە چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوخۆدا، کە زۆرێك لەو ڕەفتارە سیاسییانەی بەرە لەم دوو کایەیەدا لەگەڵ بەرنامەو ڕێبازی ئەو گروپو دەستەو ڕێکخراوانەدا نەدەگونجان کەلە دەرەوەی بەرەی کوردستانیدا هەبوون بە تایبەتی ئەو هێزانەی لە خانەی چەپەکاندا ڕیزیان بەستبوو.

بەرەی کوردستانیی سەردەمی دوای ڕاپەڕین لە ژیانی سیاسیدا واقیعێکی هەست پێکراو بوو. وەك هێزی چەکدار لە گۆڕەپانەکەدا بەدیلیان نەبوو. پێداویستی باری ئەوسای کوردستان مانەوەی هێزەکانیانی دەخواست. مامەڵە کردن لەگەڵ کێشەی سیاسی کورد لەم بەشەی کوردستاندا بەبێ مامەڵە کردن لەگەڵ بەرەی کوردستانیدا، بە تایبەتی لەگەڵ هەردوو لایەنی سەرەکیو بەهێزی ئەم بەرەیەدا، نەدەکرا.

لایەنەکانی ڕێبازی سۆسیالیستی لە کوردستاندا بەرەو ڕووی ئەم واقیعە بوونەوە، بۆیە چاو نووقاندنیان لە ئاستی ئەم واقیعە یان خۆ هەڵە کردنیان لەبەر چاو نەگرتنی ئەو واقیعە تووشی هەڵەی تاکتیکیو سیاسیی گەورەی کردن.

چا بووکی‌و واقیعی بوون لە رەفتاری سیاسیدا بۆ ئەم ریبازە پێویستی‌ی هەڵوێستێکی راستو دروستی لێدەخوازتن کە سەرجەمی بارە سیاسییەکە لەبەر چاو بگرنو لەبەر تیشکی دینامیزمی بارە سیاسییەکەدا هەنگاو هەڵگرن بە تایبەتی لە شێوەو جۆری پەیوەندییاندا لەگەڵ بەرەی کوردستانی بەگشتی‌و لایەنە رادیکالەکانیدا بە تایبەتی.

## بەشی دووەم

## ململانێی چەپەکانو بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد

### ١/٢ بنەمای سیاسی ململانێکە

دیاردەیەکەی ئاساییە هێزەکانی چەپو نمایندە سیاسییەکانی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە ململانێیەکی بەردەوامدا بووبن. هەردوو هێزەکە -بەگشتی- لەسەر گەلێک مەسەلەی ئایدیۆلۆژی‌و سیاسی ململانێ لە نێوانیاندا هەبوو. سەرچاوەی ئەم ململانێیە دوو دیدی جیاوازو دوو روانگەی فیکری جیاواز بوو، کە لە دوو جۆگەی ئایدیاییەوە بە تەریبی یەکترییەوە دەڕۆیشتن، نە خاڵی دەستپێکردنو نە خاڵی یەکانگیربوونیان لە کۆتاییەوە نەبوو.

ریبازی ناسیۆنالیستی لە سووچی بەرژەوەندی باڵای نەتەوەوە، لە رزگاری‌و یەکگرتنەوەی خاکەوە، بۆ گشت کێشە فیکری‌و سیاسییەکان دەیڕوانی. ئەم ریبازە لە ئاستی تەییارە ئایدیۆلۆژییە باوەکانی سەردەمدا مرونەتی هەبوو، بە ئاسانی هۆگریان دەبووو خزمەتی ئامانجە نەتەوایەتییەکانی خۆی پێدەکرد. خاڵی دەستپێکردنو کۆتایی لای ئەم ریبازە رزگاری نەتەوایەتی‌و ئازادی‌و سەربەخۆیی خاکی نەتەوە بوو. لە بواری فەلسەفەی سیاسیدا خۆیان بەیەک ئاسۆی ئایدیۆلۆژییەوە نەدەبەستەوە بەڵکو شێوازی هەڵبژاردەکارییان پەیرەو دەکردو پاساوی ئەم هەڵوێستەشیان بە بەرژەوەندی باڵای نەتەوە دەدایەوە.

چەپەکان -بەگشتی- لە روانگەی ئایدیای کۆمۆنیستییەوە بۆ هەموو کێشە سیاسی‌و فیکرییەکان، بە کێشەی نەتەوایەتیشەوە، دەیانڕوانی. ئەوان

لە روانگەی بەرژەوەندی بزوتنەوەی ئەنتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتارییەوە سەیری ئەم جیهانەیان دەکرد. بەرژەوەندی یەکێتی خەباتی چینی کرێکارانی جیهانی، بنەمای لێکدانەوەو شیکردنەوەیان بوو. ئەوان راستەو راست لە ئاسۆیەکی فیکریی دیاریکراوەوە تیشکی رێگای هەڵوێستەکانیان وەردەگرتو بەرەی دوژمنانی کرێکاران و گەلانی جیهانیان لە سیستەمی سەرمایەداریی جیهانیدا دەبینی، بۆیە خەباتی خۆیان لەم رێرەوەدا دەبینیو هەموو گرفتە گەورەو بچووکەکانی ئەم جیهانەیان بە کاریگەری رۆڵی سیستەمی سەرمایەداریو دەوڵەتە ئیمپریالیستییەکانی نوێنەرییەوە گرێ دەدا. ئەوان جێ پەنجەی ئەم سیستەمەیان لە هەموو قوژبنێکی ئەم جیهانەدا دەبینیو ئەو تەونە بەیەکدا چووە بەربڵاوەی پەیوەندیی ئابووریو سیاسی مۆنۆپۆلە جیهانییەکان، کە جەمسەرەکانی ژیانی مرۆڤی لەسەر گۆی ئەم زەمینە بەیەکەوە گرێداوە، هەست پێ دەکرد. بۆیە زۆر ئاسایی بوو، رێبازی ناسیۆنالیستیو سۆسیالیستی لە گۆشەیەکی ئەم جیهانەدا، لە شوێنێکی وەکوو کوردستاندا، لە ململانێدا بنو بیرو لێکدانەوەو هەڵوێستی جیاوازیان هەبێت.

ئەم دوو هێڵە سیاسییە تەریبە شان بە شانی یەکدی دەڕۆیشتن، بەڵام هەڵوێستی ئەم لایەن یان ئەو لایەن، گرژی لایەکو توندو تیژی لایەنێکی دیکەیان زیاتر هێڵەکانی لە یەکتری دوور دەخستەوە. ئەمە ئەو بارە بوو کە سیمای ئەو کاتەی باری سیاسی لە کوردستاندا پێکدەهێناو هەڕەشەی راستەقینەی لە بەرژەوەندییەکانی جەماوەری کوردستان دەکرد. لەبەر ئەوە شیکردنەوەی سروشتی ناکۆکییە سیاسییەکانو دانانی رێگە چارەیەکی گونجاو بۆ چۆنایەتی پەیوەندی هێزە سیاسییەکان مەسەلەی هەرەگرنگی ئەو کاتە بوو. دواخستنی ئەو چارەسەرکردنە لەبەرژەوەندی دوژمنانی هەردوو بزوتنەوە ناسیۆنالیستیو سۆسیالیستییەکە بوو، کە لەباری ئەو کاتەی کوردستاندا تا هەنووکەش، هەریەک دوژمنەو مەترسی لە ناوبردنو هەڕەشەی تەفروتونا کردنی لە هەردوو بزوتنەوەکە دەکردو دەکات.

وە نەبێت ناکۆکیو ململانێی ئەم دوو رێبازە (ناسیۆنالیستیو سۆسیالیستی) لە راپەڕینەکەوە دەستی پێکرد بێ بەڵکو ئەم ناکۆکییە رەگێکی مێژوویی هەیەو لەناوەراستی ساڵەکانی چلەوە بەزەقی سەری هەڵداوە. رێبازی نەتەوەییو سۆسیالیستی هەر لەو دەمەوە لە ململانێدا

بوون. شێوەو بابەتو شێوازی بەڕێوە چوونی ئەم ناکۆکییانە گۆڕانیان بەسەردا هاتووەو شێوەو بابەتو شێوازی نوێ، کەرەسەی درێژە پێدانی ئەو ناکۆکییانەی خولقاندووە. لەساڵەکانی پەنجادا، لەسەردەمی شۆڕشی چواردەی تەمموزدا، لە کودەتا ڕەشەکەی ١٩٦٣ دا، لە کۆتایی شەستەکانو ساڵەکانی حەفتاو تا ئیمڕۆش وەک زنجیرەیەک ئەڵقەکانی تێهەڵکێشی یەکبوونو پسانیان تێدا نەبووە. هەر ڕێبازێک لەگەڵ ئەم مێژووە دوورو درێژەدا میراتگری خۆی هەبووەو یەکبینەیی ململانێکەی پاراستووە.

لایەنێکی سەرەکی ئەو ململانێیە حزبی شیوعی عێراق بوو. ئەگەر چی ئەم حزبە لەبەرەی کوردستانیدا بوو، بەڵام ڕێبازی چەپ، بە میراتی، بەشێکی گەورەی ئاسەواری ئەو ململانێیەی ئەوان لایەنێکی بوون، بۆ ماوەتەوە. هەڵوێستی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردو حزبەکانی نوێنەری ئەم بزوتنەوەیە لە بزوتنەوەی کۆمۆنیستی عێراقو کوردستان، هەروەها هەڵوێستی حزبی شیوعی عێراقو رادەی کاردانەوەی هەڵوێستی ناسیۆنالیستەکان لەسەر دەستەو ڕێکخراوە کۆمۆنیستەکانی دەرەوەی حزبی شیوعی، درێژەی بە ململانێکە داوەو هەمیشە خاڵێکی بەیەکادانو هەڵپڕژانی بە جێگیری هێشتۆتەوەو هەڵوێستی سەلبی بەرامبەر یەکدی پێکرتوون. کەواتە جگە لەسەرچاوەی ئایدیۆلۆژی جیاواز، لە واقیعەکەدا کەلەپوورێکی سیاسی سەلبی لە پەیوەندی نێوان هێزە سیاسییەکانی سەر بەهەردوو ڕێبازەکەدا هەبووەو هەیە، بۆیە -بمانەوێ یان نەمانەوێ- کار لە ململانێکەی ئێستا دەکات.

ئەم لێکۆڵینەوەیە خۆی لەو ململانێ کۆنە دەپارێزێ، دیارەنەک وەک هۆکارێکی بێ بایەخ، بەڵکو بە هیوای دەستنیشانکردنی ناکۆکییە نوێیەکانی دوای ڕاپەڕینو درێژەکێشانیان تا ئیمڕۆ، بە نیازی هەوڵدانی ئاگر برکردنی قەیرانێکی سیاسیو بەیەکادانێکی کۆمەڵایەتی ناوەخت، کە لە بەرژەوەندی دوژمنانی گەلی کوردو بزوتنەوەی سۆسیالیستی کرێکاران جەزرەبەیەکی کوشندە، بە هەردوو ڕێبازەکەو بە بارو دۆخە سیاسییە لیبراڵەکەی سەرەنجامی ڕاپەڕین بوو، بگەیەنێت.

## ٢/٢ خاڵە گرنگەکانی ناکۆکی (٥)

گرنگترین خاڵەکانی ناکۆکی نێوان بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد کە لە چوار چێوەیەکی گشتیو فراواندا بەرەی کوردستانی نوێنەرایەتی سیاسی دەکرد، لەگەڵ ڕێبازی سۆسیالیستی، کە دیسان بە گشتیو لە سنووریکی فراواندا خۆی لە ڕێکخستنە چەپەکانی دەرەوەی بەرەدا دەنواند، بریتی بوون لە:-

### ١/٢/٢ ڕاپەرینەکەی بەهاری ١٩٩١

هەردوو ڕێبازەکە خۆیان بە خاوەنی ڕاپەرینەکە دەزانیو نکوولییان لە ڕۆڵی یەکتری دەکرد. بەرەی کوردستانی ڕاپەرینەکەی بەبەرهەمی خەباتی چەکداری خۆی دەزانی. سەرکەوتنی ڕاپەرینی وەک دەستکەوتی خۆی دەژمارد. خودی ڕاپەرینو ڕامالینی دامودەزگاکانی ڕژێمی بەسەرەنجامی بەرنامەڕێژی خۆیو فەزلی هێزی پێشمەرگەی کوردستان تۆمار کرد. چەپەکانیش بە پێچەوانەوە، خۆیان بەرابەری هێرشی جەماوەری شارەکان بۆ سەر ئەو دامودەزگایە دەزانیو، بەرەی کوردستانییان وەک زەوتکەری ئەنجامی ڕاپەرینەکە، بەهۆی بوونی هیزە چەکدارەکانیانەوە، لەقەڵەم دەدا.

### ٢/٢/٢ وتو وێژی بەرەی کوردستانیو ڕژێم

ئەم خاڵە تەوەرەیەکی دیکەی ناکۆکیو ململانێی نێوانی ئەم دوو ڕێبازە بوو. هەرچی بەرەی کوردستانی بوو، وتوویژی بە پێویستییەکی واقیعی ئەو بارو دۆخە دەزانی، کە هێرشی پێچەوانەی دوژمن ڕووی کردبووە شارو شارۆچکەکانی کوردستانو لە سەرێکەوە ڕاپەرین تووشی نووچدان هاتبوو، لەسەرێکی دیکەوە ڕەوە پڕ کارەساتە ملیۆنییەکەی خەڵکی کوردستان دەستی پێکردبوو. بەرە وتو وێژی بە شێوازێکی خەباتی سیاسیو دیپلۆماسی، لەسەروبەندی لاواز بوونی دەوڵەتی عێراقو تێکشکانەکەی لە جەنگی کەنداودا دەزانی؛ چەپەکانیش بارودۆخو کاتی دەستپێکردنی وتو وێژیان بۆ پێش ڕەوەکە دەگێڕایەوە، بگرە بە تێکڕای سیاسەتی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردو خەباتە چەکدارییەکەی کوردستانیان دەبەستەوە، کە هەمیشە، بۆ سارێژکردنی قەیرانەکانی ناوخۆی وتو وێژی لە ستراتیژی خەباتی خۆیدا داناوەو لە ماوەی سیی ساڵی رابردوودا بۆ چەندین جار لەگەڵ حکومەتە یەک لە دوا یەکەکانی عێراق مەیدانی وتو وێژی تاقیکردۆتەوە. بەلای ئەم ڕێبازەوە وتوویژ نیشانەو دەربڕینی بەرژەوەندییەکی ناوکۆیی بووە لە نێوان

بۆرژوازی ناسیۆنالیستی کوردو بۆرژوا ناسیۆنالیستی دەسەڵاتداری عەرەب لە عێراقدا بۆ پێکەوە گونجانو تەبا بوونو هاوکاری کردن لە دابەشکردنی بازارو دانانی سنووری دیاریکراو بۆ چالاکی سەرمایەداریی نەتەوایەتی هەر دوو نەتەوەی کوردو عەرەب لە کەڵەکە کردنی سەرمایەو دەست بەسەرا گرتنی داهاتی نیشتمانیو، بۆ سەرکوتاندنەوەو هاڕینی بزوتنەوەیەکی کرێکاریی یەکگرتوو لە عێراقو کوردستاندا.

### ٣/٢/٢ شووراکان

لە رۆژەکانی راپەڕیندا مەسەلەی پێکهێنانی شووراکان خاڵێکی ناکۆکی نێوان ئەم دوو [illegible] بوو. بەرەی کوردستانی کە توانی هەستی نەتەوایەتی سازداتو هەموو رووەو رزگارکردنی کەرکوک ئاراستە بکات، هەموو جموجۆڵێکی لاوەکی -جگە لەو ئەرکە سەرەکییەی بۆ خۆی دانابوو- بە گێرە شێوێنیو ئاژاوە نانەوەو ناخوێندان لە راپەڕینەکە لەقەڵەمدا. هەر بەم مانایە بە یاننامەیەکی بۆ قەدەغەکردنی چالاکی شووراکان دەرکرد. ئەو کاتە شووراکان لە کارگەو فەرمانگەو گەڕەکەکاندا لە دەوری پێکهاتن خۆکۆکردنەوەدا بوون. بەرەی کوردستانی بۆ جێبەجێ کردنی فرمانەکەی پێشمەرگەی نادرە سەر بنکەکانو شووراکانی پێچایەوە . لەو لاشەوە دەستەو رێکخراوە چەپەکان بە گشتی شوورایان وەک مەسەلەیەکی گرنگی خەباتی جەماوەری لەو قۆناغەداپیادە کرد. بەڕای چەپەکان شوورا نەک بەرەی کوردستانی بەدیلی دەسەڵاتی هەرەس هاتووی رژێم بوو. ئەوان وەک ئەزموونێکی بزوتنەوەی سۆسیالیستی دەیانڕوانییە شووراکانو دەسەڵاتی جەماوەریان لەو بارە شۆڕشگێڕییەدا لە پێکهێنانی شووراکاندا دەبینی بەو هیوایەی لەو رێیەوە جەماوەری خەڵکی راپەڕیوی کوردستان، کە لە بنەڕەتدا جەماوەری کرێکارانو زەحمەتکێشانی کوردستان بوون، خۆیان بەهۆی شووراکانی خۆیانەوە حوکمی خۆیان بکەنو بۆ ئێجگارەکی دوایی بە حوکمی رەشو نەنگینی رژێم بهێنن.

### ٤/٢/٢ هەڵوێست لە دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان

پتر لە حەفتا ساڵ دەبێت بزوتنەوەی رزگاری نەتەوایەتی کورد، بە جیاوازی ئەو حزبو لایەنە سیاسییانەی جڵەوی سەرکردایەتی ئەم بزوتنەوەیەیان بەدەستەوە بووە، بانگاشەی بەربەرەکانی کردنی دەسەڵاتی ئیمپریالیزمیان کردووەو هەموو کوێرەوەریو چەوساندنەوەو نەهامەتییەکی

گەلی کوردیان لە ئەستۆی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان داناوە. ڕێبازی نەتەوەیی زاڵو سەروەر هەمیشە لەو ژێیەی داوەو ئیمپریالیزمی بە دوژمنی ژمارە یەکی خەڵکی کوردستان زانیوە چونکە بەهۆی سیاسەتەکانی ئەوانەوە مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد پێشێل کراون. بەرنامەی بەرەی کوردستانیش ئەمە وەك ڕاستییەك دان پێدا دەنێتو لەبەر ڕۆشنایی ئەوەدا ڕۆڵی سیاسیو ستراتیژی خەباتی خۆی دەستنیشان کردووە، بەڵام لەو بارو دۆخە نوێیەی جیهاندا سیاسەتێکی دیکەی پەیڕەو کردوو لە دەرگای هەموو لایەکیان دا. بە بڕوای بەرە، خەباتی دیپلۆماسیو سیاسی دەتوانن ڕۆڵێکی سەرەکی لەم جیهانە نوێیەدا ببینن، کە بانگی ئازادیو دیموکراسیو مافی مرۆڤ لە هەموو لایەکییەوە بەرز دەبنەوە.

ئەم سیاسەتەی بەرەی کوردستانی بە شێوەیەکی دیکە لە لای چەپەکان کەوتەوە. ئەوان بە شێوەیەکی دیکە لێکیاندایەوە. بە بڕوای ئەوان، لە سەروبەندی ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر جیهاندا هاتبوون، بە تایبەتی پاش ئەوەی ئۆردوگای بەناو سۆسیالیست کەوتە نوچدانو هەرەسهێنان، سیاسەتی بەرەی کوردستانی وەرچەرخانێکی بە خۆیەوە، بەرەو دوژمنە دێرینەکانی بزوتنەوەی ڕزگاری نەتەوایەتی کورد، دیوە. بە پێی ئەم لێکدانەوەیە وەرچەرخاندنەکە دوای داگیرکردنی کوەیت لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە، گۆڕانێکی چۆنایەتی بەسەردا هاتووەو مەسەلەی ڕزگاری نەتەوایەتیو بەدەست هێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کوردی بەرەو ڕەوەی سیاسەتەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بەستۆتەوە. بەڵگەی ئەم بۆچوونەشیان ئەوە بوو کە ئەم ڕووکارە سیاسییە نوێیەی بەرەی کوردستانی لە کاتی جەنگی کەنداوو ڕۆژەکانی ڕاپەڕینو دواتریش زیاتر سەری هەڵداو ئاشکراتر لە چالاکیی سیاسی لایەنەکانی بەرەدا بەرجەستە بوو.

چەپەکان -بە جیاوازی ڕێکخستنەکانیانەوە- بەتوندی ڕەخنەیان ئاراستەی بەرەی کوردستانی دەکرد. کرۆکی ڕەخنەکانیان دەربارەی خستنەوەی خۆشباوەڕیی ساویلکانە بەهاوپەیمانەکان بوو. ئەوان هەندێ دیاردەی باوی ئەوکاتەیان بە نیشانەی ئەو خۆشباوەڕییە دەزانی وەك چاوەڕوانی ئازادی لە هاوپەیمانەکانو پشتگیریو خۆشحاڵیو پێشوازی سیاسی لە لەشکر کێشی ئەمریکا بۆ ناوچەکەو جەنگی دژی عێراقو بەرزکردنەوەی وێنەی (بۆش)و...هتد. ڕەخنەی چەپەکان لە گشتێتی خۆیدا

راست بوو، بەڵام لێکدانەوەکە لە بەشێکیدا ناتەواو بوو سەبارەت بەوەی جەماوەر بێ ئاڕاستەکردنی بەرەی کوردستانیش ئەو خۆشخەیاڵییەی لەلا دروست بوو بوو، چونکە ئەم تەوژمە جەماوەرییە بەهێزە بە خواستو ویستی رووت پێکنەهات بەڵکو زەمینەی لەباری خۆی هەبوو بەو رادەیەی رێبازی نەتەوەیی بتوانێت ڕوانگەی سیاسیو فیکری خۆی تێدا پەرە پێبدات. سیاسەتی شۆڤینیستیو فاشستیانەی داگیرکەرانی کوردستان لەماوەی چارەکە سەدەیەکی رابردوودا زەمینەی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیو سایکۆلۆژی ئەو چاوەڕوانییە بێهودەیەو ئەو خۆشباوەڕییە ساویلکانەیەی جەماوەرەکە بوو.

سۆسیالیستەکان، یان باڵی چەپی بزوتنەوەی سیاسی ئێمڕۆ لە کوردستاندا، بە پێی شیکردنەوەی چینایەتی خۆیانو هەڵوێستی سیاسیو پرنسیپە بنەڕەتییەکانی بزوتنەوەی جیهانیی کرێکاران دژی سیستەمی سەرمایەداری ئەو هەڵوێستەی بەرەی کوردستانییان رەتکردەوە. ئەمان لە دیدگایەکی جیاوازەوە، لەسەر ناکۆکی بنەڕەتی نێوان گەلانی جیهانو سیستەمی سەرمایەداریی جیهانیو دەوڵەتە ئیمپریالیستییەکانی نوێنەری ئەم سیستەمە سوور بوون. بۆ بەڵگەش ئەزموونێکی دوورو درێژی خەباتی گەلان لە جیهاندا دەخەنە پێش چاوو ئەو راستییە بە گوێدا دەدەن، کە تا ئێستا لەسایەی هێزە ئیمپریالیستییەکاندا هیچ گەلێك ئازادی بەدەست نەهێناوە. ئەمان دەستی بەزەییو خێرخوازیو بانگەشەی پاراستنی مافی مرۆڤ بەدرۆ دەخەنەوەو بەسەرجەمی سیاسەتو بەرژەوەندییە ئابووریو سیاسییەکانی ئیمپریالیزمی جیهانییەوە گرێ دەدەن. لەم بوارەشدا دەورانی نوێی ململانێ لە ئاستی جیهاندا، دوای جەنگی ساردو تەپینی بلۆکی رۆژهەڵاتو سەرداریی مۆنۆپۆلەکان لە بازاڕی جیهانیدا، فەرامۆش ناکەن. جگە لەوانەش باری کەنداوو مەسەلەی ئیسرائیل بە دوو ئەلقەی مەبەست لە سیاسەتی دەوڵەتە ئیمپریالیستییەکاندا دادەنێنو جڵەوی گەلێك کێشەی دیکەی ناوچەکەش بەو دوو ئەلقەیەوە دەبینن.

### ٥/٢/٢ ئازادیو دیموکراسی

لە دە ساڵی رابردوودا، لەگەڵ داڕزانی بەرە بەرەی شۆڕەویو دەوڵەتەکانی بلۆکی رۆژهەڵات، لە رۆژئاواوە تەیاری دیموکراسیو ئازادیی بۆرژوا پەرەی پێدراو بوونە ئاڵای ئەو بزوتنەوەو راپەڕینانەی حوکمی

سەرمایەداریی دەوڵەتی لەو بلۆکەدا کۆتایی پێهێنا. ئەم تەییارە وەک بانگەوازێکی جیهانی سەرمایەداری پریشکی بە هەموو لایەکدا هاویشت. بەرەی کوردستانی، وەک رابەری بزوتنەوی نەتەوایەتی کورد، لە هەلومەرجی پێش جەنگی کەنداوو دژایەتی دیکتاتۆرییەت لە عێراقدا ئەم ئالایەی، بەنیازی راکێشانی پشتیوانی نێودەوڵەتی بۆ کێشەی کورد، پیادە کرد. بە بڕوای بەرە بزوتنەوەی رزگاری نەتەوایەتی کورد هەلی سوود وەرگرتنی لەم بانگەوازە جیهانییە بۆ رەخساوەو دەتوانێت ئەم هەلە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەیو بنەبڕ بوونی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی لەدەست نەدات! لەبەر ئەوە هەموو لایەنەکانی بەرە بەگەرمی بانگیان بۆ هەڵداو خۆیان لەڕیزی ئەو تەییارە جیهانییەی ئازادیو دیموکراسیو بەرگری لە مافی مرۆڤ رێکخست.

چەپەکان هەڵوێستیان لەم رووەوە چوونیەک نەبوو، بیرو بۆچوونی جیاواز لە نێوانیاندا هەبوو. بەڵام بە گشتی لە دوو سەرەوە بەرپەرچی ئەم تەییارە جیهانییەیان دەدایەوەو راستەوراست لە تای بەرامبەرو پێچەوانەی بەرەی کوردستانییەوە هەڵوێستەیان کرد. ئەوان خودی دیموکراسییان بە زادەی سەرمایەداری دەزانیو وەک سیستەم تەماشایان دەکردو بە شێوازی دەوڵەتی ژێر سایەی سەرمایەدارییان پێناسە دەکرد. بەلای ئەوانەوە دیموکراسیی ژێر سایەی سەرمایە، دیموکراسی حقوقیو یاساییە، ئەو ئازادییەی لە تەکیدا دێتە پێشەوە، سنووری کۆتو پێوەندەکانی سیستەمی سەرمایەداری تێناپەڕێنێ. بە واتایەکی دیکە نە دیموکراسیو نە ئازادی ناچینایەتیو بان چینایەتی لەم دنیایەی سەرمایەدا نییەو هەمیشە مۆرکی چینایەتییان پێوەیەو لە خزمەتی سیاسەتی ئەو چینەدان کە دەسەڵاتی سیاسی لە کۆمەڵدا هەیەو حوکم دەکات. دیموکراسی هەمیشە موڵکی چینێکەو چینەکانی دیکە لێی بێبەشن. هەروەها ئازادیش پابەندی سیستەمی سیاسییەو ئازادیی ژێر سایەی سەرمایە لە ئازادییەکی سیاسی رووکەش تێپەڕ ناکاتو هەرگیز ئازادیی کار لە چنگ سەرمایە ناگرێتەوە، بۆیە هێزە سیاسییەکان دروشمی ئازادیو دیموکراسی بە پێی بەرژەوەندییە چینایەتییەکانیان دەگونجێنن. ئەمە یاسایەکی خەباتی چینایەتییەو چ ناسیۆنالیستەکانو چ سۆسیالیستەکان ناتوانن لە کارکردەکانی ئەم یاسایە دەرباز بنو لە ململانێی سیاسیدا پشتگوێی بخەن.

ئەم شیکردنەوە چینایەتییە، چ بۆ مەسەلەی دیموکراسیو ئازادیو چ بۆ

واقیعو سروشتی چینایەتی هێزەکانو ج بۆ باری سیاسیو کۆمەلایەتی لە کوردستانی دوای ڕاپەڕیندا، چەپەکانی بەو قەناعەتە گەیاندبوو، کە بەرەی کوردستانی، وەك بەرەی هێزە سیاسییە نەتەوەییەکان لە کوردستاندا، لەکار کردنی جەماوەریو ڕۆژانەی خۆیدا، واتە لە پەیوەندیدا لەگەڵ جەماوەرو هێزە سیاسییەکانی دەرەوەی بەرەو، هەروەها لە پەیوەندی نێوان لایەنەکانی بەرەو لەناو خودی ڕێکخستنە جیاجیاکانیشدا، ناتوانێت دیموکراسی بێت. ئازادیش لە سنوورێکی دیاریکراودا گیر دەخواتو نابێتە ئازادی بێ کۆتو مەرجی سیاسی بە شێوەیەك لە سایەیدا هەموو ئازادییە دیموکراتییەکان بێ سانسۆرو چەوساندنەوەو تیرۆرو پێشێل کردنی بەردەوام بۆ هەموو کەسو کۆمەڵو حزبو ڕێکخراوێك هەلی چوونیەك بۆ بەدیهێنانیان برەخسێنرێت.

### ٦/٢/٢ چەند ناکۆکییەکی دیکە

سەرباری ئەو ناکۆکییە گرنگانەی لەسەرەوە لێی دواین؛ لە ئەنجامی ئەوەی بەرەی کوردستانی کاروباری سیاسیو کارگێڕی بەدەستەوە گرتو کۆمیتەکانی بەرە جێی ناوەندە سەرکردایەتییەکانی حوکمیان گرتەوە، بارە سیاسیو ئابووریو کۆمەلایەتییەکە چەندین ناکۆکی دیکەیان لە نێوان بەرەو چەپەکاندا خولقاندو لە ئاستی هێرشی ڕاگەیاندنو ماندانی سیاسیدا بەرجەستە بوون. ئەم ناکۆکییانە هەڵوێستە سیاسییە جیاوازەکانی توندتر کردەوەو تیرو تەشەرو پروپاگەندەی نەیارانەو ماندانێکی سیاسی دوژمنانەی بەربلاویان خستەوە. بەرەی کوردستانی کۆنترۆڵی وەزعەکەی پێنەکراو لە ئاستی کاروباری حوکمی مەدەنیدا دەستەوسان بوو. گەلێك لەو دیاردە سەلبییانەی بەدەستیانەوە گیری خواردبوو یان ڕێگا چارەیەکی بۆ نەدەبینینەوە، لەئەستۆی ڕژێمی دادەنان.

بەرەی کوردستانی لە ڕاگەیاندنی خۆیدا، هەروەها حزبەکانی بەرەش جیاجیا لەراگەیاندنی خۆیاندا، ڕژێمی بەغدایان بە سەرچاوەی دیاردە دزێوەکان دەزانی. بەڕای بەرە ڕژێم چ لەسەردەمی دەسەڵاتیداو چ لەدوای ڕاپەڕینو پاشان کشانەوەی لە کوردستان، پیلانو پشێوی نانەوەو داڕووخانی کۆمەلایەتیی کۆمەڵگای کوردستانی بەرنامە ڕێژ کردووەو، بەخولقاندنی کەلێنێکی گەورە لە نێوان بەرەو جەماوەری گەلی کوردەوە خەریك بووەو هەموو توانای ماددیو مەعنەی خۆی بۆ گێڕانەوەی دەسەلاتی خۆی تەرخان کردووە.

چەپەکانیش بە گشتی، بەرەی کوردستانییان بەکەمتەرخەم دەزانیو نۆباڵی تەواوی بارە سەلبییەکەیان لە ئەستۆ دادەناو هەندێ جار تارادەی پێکچواندنی بەدەسەلاتی رژێم قسەیان لەسەر دەکردو بەشێکی زۆری پروپاگەندەو هاندانی سیاسییان بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردبوو، کە ئەم خاڵانەی دوایی چەند تەوەرەیەکی ململانێو هاندانو هێرشی راگەیاندنی ئەو ماوەیە بوو:-

٢/٢/٦/١ وەرگرتنی بەعسیو جاشو جاسوسو پیاوەکانی رژێم لە ڕیزەکانی حزبو هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا، نەك هەر وەکوو کە سانێکی ئاسایی تۆبەکاروو بەر لێخۆشبوون کەوتوو، بەڵکو تا رادەی لێپرسراوێتیو ئەرك پێ سپاردنیان.

٢/٢/٦/٢ هێشتنەوەی کوردە بەعسییەکانو پیاوانی ئەمنو موخابەرات لە شوێنی یەکەمو ناوەندە گرنگەکای دەسەلاتی کارگێرییەی فەرمانگەکانی کوردستانو رەواجی قسەو جێوڕێیان وەك جارانو پەیڕەو نەکردنی هەڵمەتێکی گشتی بۆ پاکسازی کردنیان.

٢/٢/٦/٣ پەیدا بوونی (عصابات)و تەشەنە کردنی دیاردەی دزیو کوشتنو تالانکردنو قاچاخچێتی، کە بەبەر چاوی زۆربەی لێپرسراوەکانی بەرەی کوردستانییەوە دەکرانو بێ ترس فوویان بەهەرچی پێداویستییە شارستانییەکانی کوردستاندا کردووەو وڵاتەکەیان سەر ساجی عەلی خستووە.

٢/٢/٦/٤ دیاردەی کوشتنی ژنان بە بیانووی داوێن پیسیو جاسوسییان بۆ دەزگا ئەمنییەکانی رژێم بووە بەشێك لە ڕووداوو ژیانی رۆژانەی خەڵکیو کەس خۆی بە خاوەنی نەدەکرد. ئەم دیاردەیە لای چەپەکان مایەی قێزو بێزاریو تووڕەیی بوو. نۆباڵەکەشیان لەملی بەرەی کوردستانی، وەك هێزی دەسەلاتداری چەکداری بەرپرسیار لەکوردستاندا، دادەنا.

٢/٢/٦/٥ دیاردەی تاکرەوی لەکاری سیاسیداو قۆستنەوەی دەستپێشکەرییە جەماوەرییەکان لەلایەن ئەم حزب یان ئەو حزبی بەرەی کوردستانییەوە، وەك مەسەلەی مانگرتنو پاشان کۆتایی پێهێنانی، هەروەها مەسەلەی ئەو زیندانە سیاسییانەی لەلایەن رژێمەوە ئازادکران.

چەپەکان جەماوەریان بەخاوەنی مانگرتنەکان دەزانیو قۆرخ کردنی ئەم شێوە سیاسییەی خەباتیان رەفز کرد سەبارەت بەوەی بەشدار بووانی مانگرتنەکان لە کەسانی جیاجیا لەڕووی لایەنداریی سیاسییانەوە پێکهاتبوون. دەربارەی زیندانییە سیاسییەکانیش نکوولییان لەوە کرد کە تەنها سەر بەلایەنێکی سیاسی بن -وەك بەو شێوەیە بانگەشەی بۆ کرا- یان ئازاد بوونیان پەیوەندی راستەوخۆی بەگۆڕینەوەی ئەفسەرە دیلەکانەوە هەبێت (٦)

٢/٢/٦/٦ دیاردەی بازاڕی رەشو گرانیو بێکارییو برسێتیو ئاوارەیی و نەبوونی سووتەمەنی...هتد، بەرەی کوردستانی لە ئەستۆی رژێمو سیاسەتە دوژمنکارییەکانی دادەناو چەپەکانیش لە ئەستۆی کاربەدەستانو دامو دەزگاکانی بەرەیان دەهاویشتو تۆمەتی کەمتەرخەمی و مشوور نەخواردنیان دەدایە پاڵ بەرەو؛ ئەو ئاسۆ تەنگو تاریکەی رووی لە ژیانی خەڵکی کوردستان کردبوو، بە ئاکامی سیاسەتو کارگێڕیی بێ سەرو بەری بەرەیان دەزانی.

## ٢/٢ چۆن لە ناکۆکییەکان دەگەین؟

بۆرژواکان سیاسەت بەدرۆو دەلەسە دەزاننو خۆیان ئەم چەمکە لەکاری سیاسییاندا بەکاردەهێنن. بەڵام چەمکی سیاسەت لە روانگەی زانستەوە؛ خەباتی چینایەتییو ململانێی هێزە سیاسییەکانەو، لەتەوەرەی وەرگرتنی دەسەڵاتی سیاسییو بە جێهێنانی ئامانجە چینایەتییەکاندا گر دەخوات. سیاسەت هونەری چارەسەر کردنی ناکۆکی نێوان چینەکانو بەدیهێنانی ئەو کاروبارانەیە کە لە توانادایە بەدیبهێنرێن. بەم پێیە سیاسەت زانستو هونەرە. زانستە لەبەر ئەوەی یاسای تایبەتی خۆی هەیەو بە پێی تێگەیشتنی یاساکانی ململانێ چینایەتییەکان دەبڕێنەوەو ئامانجە سیاسییەکان بەدەست دەهێنرێن، هونەریشە لەبەر ئەوەی کارامەیی سیاسی دەوێت تا لەو رێیەوە رێگای پڕ پێچو پەناو ئاڵۆزی سیاسەت تەی بکرێتو چارەسەری گیرو گرفتو وردەکارییەکانی خەباتی سیاسیی رۆژانەی پێبکرێت.

لە سیاسەتدا هەرگیز لۆژیکی (ئەلف) یان (بێ) بڕیاری دوا ڕۆژی مێژو

هەڵوێستە سیاسییەکان نادات، بەڵکو پتر لە (ئەلف) یان (بێ)ی دەوێتو جێگۆڕکێی خاڵە لۆژیکییەکان مامەڵەکردنی تایبەتی و هونەری رەفتاری سیاسی‌ی گونجاویان گەرەکە. هەر لەم باری سەرنجەوە پێویستە ناکۆکییەکان بناسرێنو هەر ناکۆکییە رەفتاری سیاسی‌ی تایبەتی لەگەڵدا بکرێت.

سیاسەت، وەک رەنگدانەوەی بەرژەوەندی ئاڵۆزکاوو جیاوازو بەیەکدا چووی چینەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکان، پێویستیی بە لۆژیکێکی دیالێکتیکی، نەک لۆژیکی شێوەگەری هەیە. گرنگترین یاسای دیالێکتیکیش لەم بوارەدا یاسای (یەکێتیو ململانێی دژەکان)ە. سیاسییەکان دەتوانن لەم یاسایە سوود وەرگرنو بەئەندازەی پراکتیکی هۆشیارانەی ئەم یاسایە تەنگوچەڵەمە سیاسییەکان لەشوێنی شیاوی خۆیاندا ریز بکەنو رێگای چارەسەرکردنیان دابنێنو گرێو گۆڵەکانی بەردەمی رەوتی خەباتی سیاسیش تەخت بکەن.

ناکۆکییەکان لەکاتو شوێنی دیاریکراوی خۆیاندا پێویستییان بە لێکدانەوەو شیکردنەوەی هەمەلایەنەی سیاسی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتی هەیە، بۆیە شارەزایی لە بنەما تیۆرییە دیالێکتیکییەکەو ناسینی سەرجەمی ناکۆکییەکان، مەرجی هەرە گرنگی یەکەم هەنگاوی چارەسەرکردنەکان دەبێت. بە واتایەکی دیکە پرنسیپی شیکردنەوەیەکی دیاریکراو بۆ بارو دۆخی دیاریکراو بێ لەبەرچاوگرتنی چۆنایەتی ناکۆکییە جیاجیاکان لە تاواناندا نییە. ئەم راستییە هەڵوێستی یەکجارەکی‌و بنەبڕی‌و میتافیزیکی رەتدەکاتەوەو بروئەتی رەفتاری سیاسی بە خەباتی سیاسی هۆشیارانەوە گرێدەدات.

لە ژیانی سیاسیدا گەلێک مەسەلە بەدەستنیشانکردنی هەڵوێستە سیاسییەکانەوە بەندن هەندێک لەم مەسەلانە دوا ئاکامی خەباتی سیاسی بریار دەدەن. ئەم مەسەلانە بە توندی پێکەوە گرێدراونو ناتوانرێت لەبەریەک بترازێنرێن، چونکە زنجیرەیەک پێکدەهێننو یاسابەندیی چوونە پێشەوەی خەباتە سیاسییەکە دەکەن؛ لەوانە: ناسینی دۆستو دوژمن، ناسینی قۆناغی شۆڕش، تێگەیشتنی ناکۆکییە جیاوازەکانو تێکەڵ نەکردنی ناکۆکی سەرەکی‌و لاوەکی، بەرچاو روونی لە ناسینی هێزە چینایەتییەکانو رۆڵی هەر یەکێکیان لەو قۆناغەی شۆڕشدا، هەروەها دیاریکردنی شێوازی خەباتو ئەو ئامرازە سیاسییانەی ئامانجەکانی پێ بە دیدەهێنرێن. با بزانین لە

کوردستانی دوای ڕاپەڕیندا سروشتی ئەو مەسەلانەی لەسەرەوە دیاریمان کرد چۆن بوو؟

## ١/٣/٢ قۆناغی شۆڕش

دەرەبەگایەتی لە کوردستاندا، وەك سیستەم، هەرەسی هێناوەو ریفۆرمی بۆرژوازی، ئەگەر چی بە نیوەچڵی کراوە، بەڵام گۆڕانکاریی بەسەر پەیوەندییەکانی کۆمەڵدا هێناوە. سەرمایەداری بەدواشانەی کۆمەڵایەتی گەیشتووەو شێوازی باوی پەیوەندی نێوان کۆمەڵی پێکهێناوە. ئاسۆی گەشەکردنێکی سەرمایەداریی سەربەخۆ، لەژێر سایەی چینێکی بۆرژوازی (نیشتمانی) سەربەخۆ لە جیهانی ژێر کۆنترۆڵی سەرمایە زۆر تاریکەو لە توانای راستەقینەی بۆرژوازی لەڕو لاوازی کوردستانی بەدەرە. کوردستان لەڕەوتی گەشەکردنی سەرمایەداریدا هەر دەبێت پاشکۆ بێت، جا پاشکۆی سەرمایەداریی عێراقی یان سەرمایەداریی رۆژئاوا بێت. ناکۆکییەکانی نێو کۆمەڵگا سەرمایەدارییە دوا کەوتووەکەی کوردستان تەنها بە سۆسیالیزم چارەسەر دەکرێتو هیچ بەدیلێکی دیکە کۆتایی بە کوێرەوەرییەکانی خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان ناهێنێت. بەڵام لە نێوان ئەم واقیعەی ئیمڕۆو ئەو دوا ڕۆژە سۆسیالیستییەدا مەودایەکی مێژوویی دەخایەنێت.

واقیعی بزوتنەوەی سۆسیالیستی لە جیهانو لەناوچەکەو لەناوخۆی عێراقو کوردستانداو گۆڕانکارییەکی سەرمایەداریی باڵادەست کە ئیمڕۆ لە جیهاندا روویداوە، واقیعی قۆناغەکە لەسایەی چینی بۆرژوازیدا دەهێڵنەوەو گەشەکردنی سەرمایەداری بەردەوام دەبێتو ململانێی چینایەتیش لەنێوان هێزە بۆرژوازیو سۆسیالیتسەکاندا بۆ مەودایەکی مێژوویی دیکە درێژە دەکێشێو بە تەنها لەکوردستاندا یەکلایی نابێتەوە.

## ٢/٣/٢ دۆستو دوژمن

ئەو ئەرکانەی قۆناغی ئیمڕۆ، لەبەر تیشکی واقیعی هێزە سۆسیالیستەکانو رادەی ئامادەبوونیان بۆ بەرپا کردنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی و بیادە کردنی بەدیلی سۆسیالیستی، ئاسۆی گەشەکردنی کۆمەڵگای کوردستان دیاری دەکەن. حەقیقەتی بێ توانایی هێزە سۆسیالیستەکانو حوکمی ئەمری واقیعی بۆرژوا ناسیۆنالیستی کورد بۆ مەودایەکی دیکە، جا ئەوە کورت یان درێژ بخایەنێت، قۆناغەکە لەم چوار چێوەیەی ئێستادا

دەهێڵێتەوەو دینامیزمی گەشەکردن پابەندی گۆڕانکارییەکانی پەیوەندی نێو دەوڵەتی لەلایەکو دواڕۆژی سیاسی عێراق لەلایەکی دیکەوە دەبێت، بۆیە دۆستانو دوژمنانی قۆناغەکە بە پێی جۆری هەڵوێست لەمەسەلە بنەڕەتییەکانی ئەو گەشە کردنە دەستنیشان دەکرێن.

بۆرژوا ناسیۆنالیستی شۆڤێنی عەرەبی پەیوەست بە سیستەمی سەرمایەی جیهان وەك دوژمنی سەرەکی ئەم قۆناغە دەکەوێتە ڕوو. ئەم ڕاستییە لە ئاستی سیاسیدا، هەموو حزبو ڕێکخراوو گروپێکی سیاسی دژ بە سیاسەتەکانی بۆرژوا ناسیۆنالیستی شۆڤێنی لە عێراقدا، دەهاوێتە خانەی دۆستانەوە. دیارە دۆستایەتی بەرەو پێشەوە چوونی قۆناغەکەش مەرجدارەو بەردەوام گۆڕانکاریی بەسەردا دێتو هەر پلەیەك لەم قۆناغە ئاڵوگۆڕ بەسەر چۆنایەتی دۆستانی قۆناغەکەدا دەهێنێت.

گەشە کردنی ململانێ چینایەتییەکان، دوا ئاکام، چینی بۆرژوازی عێراقی (عەرەبو کورد) یانو لەپشتیانەوە سیستەمی سەرمایەداریی جیهانی وەك دوژمنی سەرەکی کرێکارانو زەحمەتکێشان وەك هێزی کارای گۆڕانکاریی سۆسیالیستیو بنەبڕ کردنی هەموو شێوە چەوساندنەوەیەك دیاری دەکەنو تەوەرەی ململانێی کارو سەرمایە، تاکە تەوەرەیەکی ناوەندییە، تا بەدیهێنانی بەدیلی سۆسیالیستی دینامیزمی بەرەو پێشەوە بردنی کۆمەڵ بێتو یەکبینە فەرزی دۆستانو دوژمنانی پێوە بەند بێت.

### ٢/٣/٢ ناکۆکی سەرەکیو ناکۆکی لاوەکی

ئەو دوو مەسەلەیەی لە دوو خاڵی پێشوودا باسکران بە ڕوونی نەخشەی ململانێی کۆمەڵایەتیو جۆری ناکۆکییەکان بڕیار دەدەن. سروشتی ناکۆکییەکان پۆلێنی جۆری ئەو ناکۆکییانە بە دوو ڕیزی سەرەکیو لاوەکییەوە دەکەن. ناکۆکی یەکەمیان لە خەباتی سیاسی هەموو حزبو ڕێکخراوەکانی کوردستانو عێراقدا دژی دەسەڵاتی ڕژێمی سەرمایەداری بەغدا بەرجەستە دەبێتو ناکۆکی دووەم ئەو ململانێ سیاسییەی نێوان هێزە سیاسییە جیاجیاکانی عێراقو کوردستان دەگرێتەوە. ناکۆکی یەکەم دوژمنانەیەو یەکلایی کردنەوەی، مەرجی گەشەکردنی ئاسایی قۆناغەکە بۆ پلەیەکی بالاتر، دەبێت. ئەم ناکۆکییە، دیسان بۆ ماوەیەکی مێژوویی، سروشتی ناکۆکییەکانی نێو بزوتنەوەی سیاسی دژ بە دەسەڵاتی

سەرمایەداریی شۆڤێنیی عێراقی بە ناکۆکی دۆستانە دەمێنێتەوە. بۆیە لە چارەسەرکردنی ناکۆکی یەکەمیاندا توندو تیژیو ڕاپەڕینی چەکدارانەی سەرانسەریو لە چارەسەرکردنی ناکۆکی دووەمیشدا پرنسیپەکانی ئازادی هەمە لایەنەی سیاسیو یەکگرتنو ململانێی سیاسی پێکەوە دەسەپێنن.

### ٤/٢/٢ شێوازی خەبات

سروشتی ناکۆکییەکانو چۆنایەتی ڕیز بوونیان لە گۆڕەپانە سیاسییەکەدا، شێوازی خەباتکردن دیاری دەکەن. لە کاتێکدا دەسەڵاتی ڕژێم بە پێوە بێتو هەڕەشەی دەست بەسەرا گرتنەوەی کوردستان لە ئارادا مابێت، خودی هێزە سیاسییەکان لە مەترسی تیا چوون بەدەرنین. هێزە سیاسییە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانو هێزەکانی دەرەوەی دەسەڵاتو هێزە سۆسیالیستەکانیش پێکەوە، ئەم مەترسییەیان لەسەرە. گەڕانەوەی ڕژێم بۆ کوردستانو مانەوەی سیستەمی حوکم لە عێراقدا بەم شێوەیەی ئێستای، هەڕەشە لە وجودی هەموویان دەکات، بۆیە خاڵی یەکانگیر بوونی سیاسیو یەکخستنی وزەو توانای شۆڕشگێڕانە بۆ بەربەست کردنی ڕووداوێکی ئاوەها دەبێت لەبەرچاو بگیرێو، ناکۆکییەکانی ناوخۆ، ناکۆکییە لاوەکییەکان، مەترسییە سەرەکییەکان دانەپۆشن. بۆ ئەوەی ئەم خاڵی یەکانگیربوونە بەکردەوە پیادە بکرێت دەبێت دوو شێوازی خەباتکردن پەیڕەو بکرێنو هەموو لایەک پابەندی بن؛ ئەوانەش: سازدانی چەکدارانەو پڕچەک کردنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە بۆ بەرەەڵستیو یەکلایی کردنەوەی ناکۆکییە سەرەکییەکە لەلایەکو، ئازادی بێ کۆتو مەرجی سیاسیو پراکتیکی ڕاستگۆیانەی دیموکراسییە لە ڕێی حوکمی ڕاستەوخۆی جەماوەرەوە. بێ ئەم دوو شێوازە دەستکەوتەکانی ڕاپەڕین بەردەوام لەبەردەم مەترسی ڕاماڵینو ڕەشەبای ڕژێمدا دەبن.

### ٤/٢ ناکۆکییە سیاسییەکانی ناوخۆ لە کوردستانی دوای ڕاپەڕیندا

لەمەو پێش ئاماژە بۆ چۆنایەتی ناکۆکییەکان کراو بە دوو بەشی سەرەکییەوە دابەش کران: یەکێکیان سەرەکیو دوژمنانەو ئەوەی دیکەیان لاوەکیو دۆستانە. هەڵوێست لە ناکۆکی یەکەم لەو دوو پرنسیپەی شێوازی خەباتکردندا خرایە ڕوو. بۆیە بۆ ناسینی ناکۆکی دووەمیان پێویستە تابلۆیەکی شێوەی ئەو ناکۆکییانە لەبەر چاواندا بێت تا بە وردی چارەسەر بکرێنو ڕێگە لەپەرەسەندنی نائاساییو ناوەختانەیان بگیرێتو شوێنی

راستەقینەی ناکۆکییە دەرەکیو ناوەکییەکان نەشێوێنرێتو تێکەڵ بە یەکدی نەکرێن.

لە گۆرەپانی سیاسی دوای راپەریندا، گرنگترین ناکۆکییەکانی ناوخۆ ئەمانە بوون:-

١/٤/٢ ناکۆکی نێوان لایەنەکانی بەرەی کوردستانی. ئەم ناکۆکییانە درێژبوونەوەو پاشماوەی ناکۆکییە خوێناوییەکانی پێش پێکهاتنی بەرە بوون. سروشتی ئەم ناکۆکییانە لە جیاوازی بەرنامەی سیاسی لایەنەکاندا خۆیان نەدەنواند، بەڵکو پتر پەیوەندییان بە هەندێك بۆچوونی سیاسی جیاوازو، پێشبرکێی کۆکردنەوەی جەماوەرو، هەوڵی دەسەڵاتداریو تاکرەوی لە حوکمدا، هەبوو. ئەم ناکۆکییانە تا ئێمرۆش لە نێوان هەر دوو هێزە سەرەکییەکەی پەرلەمانو حکومەتی هەرێمدا بەردەوامنو بەرادەیەك گەیشتووە کە هەرەشەی لەبارببرنو هەرەس هێنانی بارودۆخە سیاسییەکەی کوردستان بخەنەوە.

٢/٤/٢ ناکۆکی لە ناوخۆی حزبەکانی بەرەدا. ئەم ناکۆکییانە بۆ سروشتی ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکانی دەروەی حزبەکان دەگەرێنەوەو، لە هەلوباری تایبەتی دوای راپەرینو تێکەڵ بوونی خەڵکێکی فراوانی هەمە چەشنە بە حزبەکانی بەرە، دروست بوون. سیاسەتی دەرگاکردنەوە بۆ وەرگرتنی ئەندامی نوێ لەرێزی رێکخستنی ئەو حزبانەدا کۆمەڵێك ئاڵۆزیو پشێویو ناکۆکی لەگەڵ خۆیدا هێناوەو رەتی حزبەکانی بڵاو کردووەو توانای جڵەو گرتنەوەی باری حزبایەتی خۆیانی پێنەهێشتوون.

٣/٤/٢ ناکۆکی نێوان بەرەی کوردستانی، وەك دەسەڵاتی سیاسیو ئیداریی دوای راپەرینو، نێوان جەماوەری خەڵکی کوردستان، کە لەژێر سایەی بارێکی نالەباری ئابلوقە دانی ئابووریو خۆکێشانەوەی رەسمی رژێم لە ئیدارەی دامودەزگاکانی دەوڵەت لە کوردستاندا توندتربۆوەو، پاشان بەردەوامیی ئەو ناکۆکییە لە نێوان دوو لایەنە سەرەکییەکەی پەرلەمانو حکومەتی هەرێم لەلایەکو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەلایەکی دیکەوە بەهۆی باری گرانیو برسێتیو بێکاریو راوو رووتو تیرۆرو چەندین دیاردەی دزێوی دیکە کە باڵیان بەسەر ناوچە رزگارکراوەکانی کوردستاندا کێشاوە.

٤/٤/٢ ناکۆکی نێوان حزبەکانی بەرە، بە تایبەتی هەردوو حزبی دەسەڵاتدارو، نێوان حزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانی دەرەوەی بەرە، کە چەپی کرێکاریو سۆسیالیستی لایەنێکی سەرەکی پێکدەهێنن.

٥/٤/٢ ناکۆکی نێوان ڕێکخراوو گرووپە چەپەکان لەناو خۆیاندا. چەپەکان لەسەر کۆمەڵێك کێشەی ئایدیۆلۆژیو سیاسیو ڕێکخراوەیی، ناکۆکییان لە نێواندا هەبووەو هەیە. لێکدانەوەی جیاجیایان دەربارەی ڕووداوەکانی کۆنو نوێی جیهانو بزوتنەوەی کۆمۆنیستی هەبووەو هەیە. باری سەرنجیان بەرامبەر باری سیاسی عێراقو کوردستان لەیەکدی دوور بوو. لەمەڕ بەرنامەی دوارۆژو چۆنیەتی بینینی ئاسۆی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەو ئەرکو پێداویستییە کاریگەرەکانی پێشکەوتنو گەشەکردنی کۆمەڵایەتیو هەڵبژاردنی شێوەی ژیانو سیستەمی داهاتوو ناکۆکییان هەبووەو تا ئێستاش ناکۆکییەکان بەردەوامن.

ئێمە لە چوارچێوەی ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوە سیاسییەدا تەنها لە خاڵەکانی ناکۆکی نێوان بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد بە گشتیو بەرەی کوردستانی بە تایبەتی لەلایەكو ڕێکخراوە چەپەکان لەلایەکی دیکەوە، دەدوێین و لەبەر تیشکی لێکدانەوەکان هەڵوێستی دروست دەربارەی خاڵەکانی ناکۆکی دەخەینە ڕوو.

## بەشـــی سێیەم

### هەڵوێستی چەپەکان لە بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد

١/٣ هەڵسەنگاندنی بابەتیانەی ناکۆکییەکان

لەو هەلو مەرجە سیاسییەی دوای ڕاپەڕین لە کوردستاندا ڕەخسا، چەپی بزوتنەوەی سیاسی چی گەرەك بوو؟ ئیمرۆ لە سایەی حکومەتی هەرێمدا دەبێت چییان بوێت؟

شاراوە نییە، کە گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵی کوردستاندا ڕووەو سیستەمێکی وەها باری چەوساندنەوەی نەتەوایەتیو چینایەتی کۆتایی پێبهێنێت، لە ڕیزی پێشەوەی ئەو ئاکامە سیاسییەن کە چەپەکان خوازیارین. گۆشەی ڕوانینی ئەم خەباتە لە پێناوی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیدا، گۆشە

نیگای .سۆسیالیستییە»، بۆیە هەر لەم گۆشەیەوە دەبێت ناکۆکییەکان هەڵبسەنگێنرێنو چارەسەری دروستیان بۆ دابنرێ. لەم بوارەدا دەبێت چەپەکان پتر لەهەر لایەنێکی سیاسی دیکەی بزوتنەوەکە، خۆیان بە پرنسیپەکانی تیۆری سۆسیالیستییەوە ببەستنەوەو ئاگاداری ئەوە بن نەکەونە دوای تێڕوانینی خودیانەی کێشەکانەوە تا هەڵوێستی خودیانە بەسەر کارو ڕەفتاری سیاسی ڕۆژانەیاندا زاڵ نەبێت. هەروەها دەبێت بەزۆر بەرگی تیۆری بەبەری ناکۆکییەکاندا نەکەنو شێوەی ناکۆکییەکان بە جۆرێکی واقیعی پەرە پێبدەن کە پرنسیپو پراکتیکی خەباتی سۆسیالیستی، بە تایبەتی پراکتیکی لێنینی، بیگرێتەوەو لە تاکتیکی لێنینی دوور نەکەونەوە.

لە ڕوانگەی بیری سۆسیالیستییەوە ناکۆکییەکان بۆ واقیعی سیاسی ملکەچنو واقیعی نێوان هێزە سیاسییەکانیان تێدا ڕەنگدەداتەوە، بۆیە شیکردنەوەی دیاریکراو بۆ واقیعە سیاسییەکە رووکاری ناکۆکییەکان ئاراستە دەکاتو چارەسەری ڕاستیان بۆدەبینێتەوە؛ دەنا هەر سوور بوون لەسەر ئەوەی ناکۆکی سەرەکی لەگەڵ بۆرژوازی نەتەوایەتی کورد بێتو ئیدی بۆرژوازی هەر بۆرژوازی بێتو هیچ جیاوازییەک لە نێوان بۆرژوازی کوردو بۆرژوازی دەسەڵاتداری عەرەبدا دانەنرێت، ئاکامێکی سیاسی هەڵەی دەبێتو لە نێو بزوتنەوە سیاسییەکەی ئیمرۆدا لادانی چەپڕەوانە دەخولقێنێو بەر لەهەر لایەنێکی سیاسی، بە تێشکانی سیاسی چەپەکان دەشکێتەوە.

ڕاستە بۆرژوازی نەتەوایەتی لەدیدگایەکی دوورەوە لە ئاستی هەموو جیهاندا سیفەتی چینایەتی هاوبەشیان هەیە. ڕاستە لێکدانەوەکانیان، ڕەفتاری سیاسییان، بیرو بۆچوونیان، سیاسەتی گشتییان، بەرچاو تەنگییان خەسڵەتێکی گشتیو جیهانییان هەیەو بەرامبەر کرێکارانو زەحمەتکێشانی جیهان یەک ئۆردوگای چینایەتی دروست دەکەن، بەڵام ئەم ڕاستییە گشتییە نابێتە یاسای یەک جۆرە هەڵسەنگاندنی سیاسی، سەبارەت بە جیاوازی شوێنی ئەم بۆرژوایە لەهەر کۆمەڵێکدا بە پێی ئەو بارودۆخە سیاسییەی تێیدا هەڵدەسووڕێت. واتە هەر وڵاتێک، هەر کۆمەڵێک، لەڕووی ڕیز بەندیی چینایەتییەوە، مۆرکی تایبەتی خۆی هەیە، هەروەها واقیعێکی تایبەتی خۆی هەیە کە ڕۆڵی چینەکان دیاری دەکاتو تایبەتمەندی بە هەڵوێستو سیاسەتی هەر چینێک دەدات، لە سنووری ئەو بوارە جوگرافییەی تێیدا کاردەکات.

لەم روانگەیەوە دەبێت چەپەکان ڕۆڵی مێژوویی‌و واقیعی ئێمڕۆی بۆرژوازی نەتەوایەتی کورد هەڵبسەنگێننو لەبەر ڕۆشنایی ئەو راستییەدا هەڵوێستیان لێوەربگرن.

لە دیدی سۆسیالیستییەوە ناکرێتو ناشێت بۆرژوازی کوردو بۆرژوازی باڵادەستی عەرەب لە دوو تای تەرازوویەکدا هاوتا بکێشرێنو راستو چەپ بەسەر هەردوولایاندا، وەکوو یەک، بهێنرێ. ئەمە نەک هەر نیشانەی تەنگی‌و سادەییە لە شیکردنەوەی ناکۆکییەکانی نێو بزوتنەوەی سیاسی‌و کۆمەڵایەتیدا بەڵکو ئیدراک نەکردنی واقیعی بزوتنەوەی مێژووە لەم قۆناغەداو تێکەڵاوکردنی هێڵەکانو تەقاندنەوەی گەلێک ناکۆکییە کە دواخستنیان لەگەڵ رەوتی بەرەو داهاتوو کشاوی مێژوو دەگونجێنو لە بەرژەوەندی راستەقینەی کرێکارانو زەحمەتکێشانی کوردستان دەبن.
ئێمرۆ هەڵوێستی سیاسی بۆرژوازی نەتەوایەتی کورد، بە پێچەوانەی هەڵوێستی سیاسی بۆرژوازیی دەسەڵاتداری عەرەبە لە عێراقدا. لە کاتێکدا بۆرژوازی نەتەوایەتی عەرەب بۆرژوازییەکی شۆڤێنی‌و فاشستییە، بۆرژوازی نەتەوایەتی میللەتێکی سەردەستی فەرمانڕەوایە؛ بۆرژوازی نەتەوایەتی کورد، بۆرژوازی نەتەوەیەکی ژێر دەستەو لە ژێر باری چەوساندنەوەی نەتەوایەتیدایە، لە ڕووی ئابووریشەوە چەوساوەی دەستی سەرمایەداریی شۆڤێنیزمو دەوڵەتێکی سەرمایەداریی پاشکۆو دواکەوتووە. ئەم واقیعەی بۆرژوازی نەتەوایەتی کوردی تێدایە ڕۆڵێکی گرنگیان لە خەباتی گەلی کورد دژی شۆڤێنیزمی عەرەبی‌و لە پێناوی دابین کردنی ئازادی بۆ نەتەوەی کورد داونەتێ. ناکرێت هەر بە هێنانەوەی دەقی تیۆری دوور لە واقیعی خەباتی سیاسی ئەم ڕۆڵەیان بەلاوە بنرێتو لە ئاستیاندا چاو بنووقێنرێت.

دیارە مەبەست لە ڕوونکردنەوەی ئەم ڕۆڵە ئاشکرایەو ئەم راستییە حاشا هەڵنەگرەی بۆرژوازی نەتەوایەتی کورد پاساودانی ناکۆکییە بنەڕەتییەکانی نێوان ئەوانو کرێکارانو زەحمەتکێشانی کورد نیە چونکە ئەو ناکۆکییە بنکەیەکی ئابووری هەیەو لە ڕووی بابەتی‌و حەرمکەتی مێژوو بەرەو پێشەوە ناکۆکییەکی بنچینەییەو تا چارەسەر کردنی ناکۆکی نێوان کارو سەرمایە هەر بەردەوام دەبێت. بەڵام لە کاری سیاسیدا ناسینی چۆنایەتی ریزبەستنی

ناکۆکییەکان لە ڕووی شوێنو کاتی داکشانو هەڵکشانیانەوە مەرجێکی هەرە گرنگی خۆشکردنی زەمینەی بەدیهێنانی بەرنامەی باڵای حزبو ڕێکخراوە سۆسیالیستەکانەو بێ وردبینی لەم هەڵسوکەوتە سیاسییەدا مەسەلەی خەباتی سۆسیالیستی بەرەو پێشەوە تەکان نادات‌و سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت.

## ٢/٣ پەیوەندی‌ی دیموکراسی لەگەڵ بزوتنەوەی نەتەوایەتیدا

پەیوەندی دیموکراسی لە نێوان ڕێکخراوو گرووپە چەپەکانو بزوتنەوەی نەتەوایەتیدا شێوەی لەبارو گونجاوی قۆناغێکە لە ڕاپەڕینەوە دەستی پێکردووەو هەتا مەودابەکی مێژوویی دیکە بەمانەی درێژە پێدانی هەیە.

پەیوەندی‌ی دیموکراسیانەی نێوان چەپەکانو بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد تێگەیشتنی قووڵی ئەرکەکانی ئەم قۆناغەی خەباتی گەلی کورد دەگەیەنێت. نیشانەی ڕاستی‌ی هێڵی سیاسی هەر لایەنێکی سیاسییە کە لە گۆڕەپانی کوردستاندا چالاکی سیاسی دەنوێنێت.

پەیوەندی‌ی دیموکراسیانە پرنسیپی (یەکگرتنو ململانێ) لە خۆیدا کۆ دەکاتەوە. ئەم پەیوەندییە دیموکراسییە یەکگرتنی هەموو لایەنەکان لە دژی ناکۆکییە سەرەکییەکە زامن دەکاتو ململانێش ناسڕێتەوە.

پەیوەندی‌ی دیموکراسی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردو چەپەکان، بنەمای یەکێتی ریزەکانی گەلی کورد لەم قۆناغەدا دەهێنێتە کایەوەو بێ ئەم یەکێتییە خەباتی هەردوو ڕێبازی ناسیۆنالیستی‌و سۆسیالیستی لە واقیعی ئێمڕۆی کوردستاندا ڕووبەڕووی دژواری‌و تەنگو چەڵەمەی ڕاستەقینە دەبێتەوەو بە لاوازی هەردوو لایان تەواو دەبێت.

یەکگرتن‌و ململانێ یەکێتییەکی دیالێکتیکی لە شێوەگرتنی پەیوەندییەکانی نێوان باڵی نەتەوایەتی‌و باڵی سۆسیالیستی نێو بزوتنەوەی سیاسی ئەم قۆناغە پێکدەهێنن. بۆیە مامەڵە کردنی دیموکراسی هێزەکانی ئەم دوو بەرەیە لەگەڵ یەکدی، بێ ڕێز لێگرتنی ئەم دوو پرنسیپو کردارە سیاسییە، لەتوانادا نییەو نایەتەدی.

یەكگرتن چی‌یە؟ و ململانێ لەسەر چی؟ بۆ ئەوەی وەڵامی ئەم دوو پرسیارە بدەینەوەو تەواوی گۆڕەپانی یەكگرتنو ململانێ لەبەر چاوان ئاوالّە بێت، دەبێت توخمەكانی یەكگرتنو توخمەكانی ململانێ بناسرێنو بە كارامەیی مامەڵە لە تەكیاندا بكرێت.

یەكگرتن بەو واتایەی لێرەدا لێی دەدوێین لەسەر ئەم چەند خاڵەی خوارەوە چەق دەبەستێت:-

۱/۲/۳ یەكگرتن لە هەڵوێستی سیاسیدا بەرامبەر حوكمی بۆرژوا ناسیۆنالیزم، هەرەبەو سازدانی كۆمەڵانی خەڵكی كوردستانو ئاراستە كردنیان بۆ ڕوو بە ڕوو بوونەوەیەكی سەخت بەرامبەر ڕژێمو بەرگریكردن لەدەستكەوتەكانی ڕاپەڕین.

۲/۲/۳ یەكگرتنو داكۆكی كردن لەهەر سیاسەتێكی خۆ بەدەستەوە نەدانو خۆڕاگرتن بەرامبەر پیلانەكانی ڕژێمو پێداگرتن لەسەر تەواوی مافە نەتەوایەتییەكانی گەلی كورد لەسەر بنچینەی مافی بڕیاردانی چارەنووس.

۳/۲/۳ پشتگیری كردنی ئەو هەنگاوانەی لە پێناوی گەشەكردنو پێشخستنی ئابووریو سیاسیو كۆمەڵایەتی كۆمەڵگای كوردستاندا لە لایەن حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە دەنرێن. یەكگرتن لەم بوارەدا بەمەبەستی بە ئەنجام گەیاندنی ئەركە دیموكراسییەكانی ئەم قۆناغە پێویستە.

چەپەكان لە گۆشەی بەرژەوەندی چینایەتی كرێكارانو زەحمەتكێشانەوەدەبێت لایەنگیری گۆڕانكارییە دیموكراسییەكان بن، سەبارەت بەوەی گۆڕانكارییە سیاسیو ئابووریو كۆمەڵایەتییەكان چەندە قووڵترو فراوانتر بن، بەو ڕادەیە لە بەرژەوەندی ئایندەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی كرێكاراندا دەبنو بزوتنەوەكە لەدەستكەوتەكانی بەهرەمەند دەبێت.

چەپەكان ئامانجەكانی بزوتنەوەی نەتەوایەتی كورد لە چوار چێوەی ئامانجە دیموكراسییەكاندا دەبینن. لەبەر ئەوە، لەو چوارچێوەیەدا، دەبێت پشتگیری بەدەست هێنانیان بكرێتو مانی بەرەو پێشەوەبردنیان بدرێت.

چەپەکان، وەک ئۆپۆزیسیۆنێکی سۆسیالیستی، دەبێت بەسەر هەڵەو هەر کەمتەرخەمییەکەوە بن کە لە راپەڕاندنی ئەو ئەرکە دیموکراسییانەدا بەدی دەکەن. رەخنەی سۆسیالیستی لەڕێی ئەوانەوە دەبێت بێ سانسۆرو رێپێگرتن بە دەزگا باڵاکانی هەرێمو جەماوەری کوردستانیش بگات. بۆ ئەوەی رەخنەکانیش جێی خۆیان بگرن دەبێت هێرشی راگەیاندنو پروپاگەندەی سەلبیو قەبەکردنی هەڵەو کەموو کووڕییەکان بنەمایەکی بابەتییان هەبێتو پێشنیاری بۆ پێشەوە بردنی سیاسەتەکانو پڕکردنەوەی ناتەواوییەکانو دەستنیشانکردنی رێبازە راستو گونجاوەکان لە نێو دەستووری کاری پەیوەندەی دیموکراسییانە بخرێن.

چەپەکان بۆ ماوەیەکی دیارینەکراو لە بواری جێبەجێ کردنی ئەرکە دیموکراسییەکاندا دەتوانن وەک ئۆپۆزیسیۆنێکی سۆسیالیستی رۆڵی کاریگەریان هەبێتو لایەنەکانی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کەرد رێزی ئازادی کارکردنیان بگرنو لەگەرمەی کێبەرکێی حزبیدا ئەو ئازادییە پێشێل نەکەن. بەم هەڵوێستە بەرامبەرییە دەتوانرێت پرنسیپی یەکگرتنی دیموکراتییانە بپارێزرێتو بناغەیەکی پتەو بۆ پێکەوە ژیانی دیموکراسی لەم قۆناغەدا دابڕێژرێت.

### ٣/٢ خاڵەکانی ململانێ بۆ چەپەکان

سەبارەت بەو واقیعە سیاسییەی لە کوردستاندا هەیە، هەندێک مەسەلە دەخەینە ڕوو، کە دەشێت چەپەکان ململانێی لەسەر بکەنو لایەنی کەمی داواکارییەکانیان بێت.

١/٣/٢ ململانێ لەسەر پێویستی دارشتنی ستراتیژێکی روونو ئاشکرا بۆ بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد وەک چارەسەرکردنێکی بنەڕەتی ئەم ئەرکە دیموکراتییە لە هەموو ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە. ئەم ستراتیژە دەبێت ئامانجەکانی بزوتنەوەی رزگاری نەتەوایەتی کورد بەرجەستە بکاتو، لە دیدگای سۆسیالیزمەوە، لە پرنسیپی سەلماندنی مافی بڕیاردانی چارەنووسدا دابڕێژرێت.

بە لاوە نانی دروشمە کاڵو کرچەکانی چڵ ساڵی رابردوو وەک دروشمی

ئۆتۆنۆمی (خودموختاری) بۆ کوردستانو یەکخستنی دروشمی هەموو هێزە سیاسییەکان -لە پێش هەموویانەوە چەپەکان- لە دروشمی مافی بڕیاردانی چارەنووسو خەباتکردن لە پێناوی سەلماندنی مافی خەڵکی ستەمدیدەی کورد لە پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوایەتی خۆیدا، دەبێت ستراتیژی لەمەودوای بزوتنەوەی ئازادی نەتەوایەتی بێتو هەموو تاکتیکە سیاسییەکان لە خزمەتی بەدیهێنانی ئەم ستراتیژەدا بن. ململانێی چەپەکان لەم بوارەدا دەبێت بەرامبەر مەیلی سەوداو سەوداکاری بۆرژوا ناسیۆنالیستی کورد بکرێتو، دژی سیاسەتی خۆبەدەستەوەدانو تەبابوونو پێکهاتن لەگەڵ بۆرژوازی نەتەوەی سەردەست بوەستێتەوە.

٢/٣/٣ ئەگەر چی لە هەندێ دەرفەتی مێژوویدا سەوداکردن لەگەڵ دوژمناندا بە ناچاری دەکرێتو بزوتنەوەی شۆڕشگێرانە بە (مطلق)ی ئەم شێوازە سیاسییە ڕەتناکاتەوە، بەڵام لە هەندێ بارودۆخی سیاسی دیکەدا دەبێتە کارێکی نەگونجاوو دژ بە ڕەوتی مێژوو رادەوەستێت. چەپەکان لە کێشمەکێشی سیاسی خۆیاندا دژی سیاسەتی چینە بۆرژواکان دەبێت لە بەر تیشکی پرنسیپەکانی خۆیان و واقیعەکە هەڵسوکەوت بکەنو حوکمی خۆیان لەسەر شێوەی سەوداکارییەکان بدەن.

لەم باری سەرنجەوە ململانێی چەپەکان ڕاستەوڕاست ئاڕاستەی سیاسەتەکانی بۆرژوا دەبێتەوە. سیاسەتی گفتوگۆکردن لەگەڵ ڕژێمدا دەبێت لەم سنوورە فیکریو واقیعییەدا سەیر بکرێت. بۆیە بەشێکی ململانێی چەپەکان لەباری ئێستای کوردستاندا دەبێت ڕێگرتن بێت بەهەر سەوداکارییەك لە پشت جەماوەری کوردەوە بکرێتو دەستکەوتەکانی ڕاپەڕینو خەباتی چەندین ساڵەی گەلی کورد بۆ ئازادی بەر مەترسی ڕاستەقینە بخات.

پرنسیپی ڕاست لەم بوارەدا ئەوەیە کە جەماوەری خەڵکی ستەمدیدەی کورد خۆی بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە بڕیاری دوارۆژی سیاسی خۆی بداتو هیچ حزبو ڕێکخراوێکی سیاسی بەناوی گەلی کوردەوە سەربەخۆ لەکاری سەوداکاری لەگەڵ ڕژێمدا تێهەڵنەچێت. چەپەکان لەم ڕوانگەیەوە دەبێت ململانێ بکەنو بیروڕاو بۆچوونەکانی خۆیان بەناوی ئەوەی ئەم کارە مەسەلەی تایبەتی بۆرژوا ناسیۆنالیستی کورد خۆیەتی، نەشارنەوە.

٣/٣/٢ ململانێ سەبارەت بە شێوەی پەیوەندی بزوتنەوەی رزگاریی نەتەوایەتی کورد بەدەوڵەتە ئیمپریالیستییەکانەوە. چەپەکان لەم ڕووەوە دەبێت ململانێی سیاسیو فیکریی خۆیان بکەن دژی گرێدانی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد بە ستراتیژی دەوڵەتە سەرمایەدارییە گەورەکانی جیهانەوە. دەبێت لە ڕووی ستراتیژەوە گیانی خۆشباوەڕی بە بەڵێنو گفتی دەوڵەتە ئیمپریالیستییەکان بدەنە بەر زەبری رەخنەی هۆشیارانەی سۆسیالیستیو بەردەوام ناوەرۆکی یارمەتیو بە پیرەوە هاتنی ریاکارانەی رۆژئاوا رابگەیەنن. گیانی پشت بە خۆ بەستنو سازدانی جەماوەری گەلی کورد بڵاو بکەنەوەو راستی سەرمایەداریی جیهان وەک ماکی هەموو کوێرەوەریو چەوساندنەوەیەک لە کرێکارانو زەحمەتکێشان نەشارنەوە.

مەترسی گرێدانی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد بە سیاسەتو ستراتیژی دەوڵەتە ئیمپریالیستییەکان لەناوچەکەدا مەترسییەکی واقیعییە لە دوا ڕۆژی گەلی کورد. پێشبینی کردنی ئەو مەترسیانە، بەر لە هێزە ناسیۆنالیستەکانی کوردستان، کاری چەپەکانە. بۆیە خستنەوەی هوشیارییەکی بەربڵاو هاندانی هەڵوێستی سەربەخۆیی لە کاری سیاسیدا بۆ بەدیهێنانی ستراتیژی کێشەکە لایەنێکی دیکەی ململانێی چەپەکان، لەهەلو مەرجی سیاسی ئیمرۆی کوردستاندا، دیاری دەکات.

٤/٣/٢ ململانێ لە مەیدانی جێبەجێ کردنی دیموکراسی راستەقینە لە کوردستاندا ئەرکێکی دیکەی چەپەکانە.

دیارە کوردستان، وەک وڵاتێکی دیموکراسی بەخۆوە نەدیو، وەک وڵاتێکی دواکەوتووی ژێر چەپۆکی دوور لە شارستانی ئەم سەردەمە، بە هەزارو یەک کۆتو زنجیری تیرەگەرێتیو دەرەبەگایەتیو پەیوەندیی نادیموکراسیانەی کۆمەڵایەتییەوە بەندە، لەبەر ئەوە جێگیر بوونی دیموکراسیی سیاسیو بیرکردنەوەی دیموکراسیو رەفتاری سیاسی لە شەوورۆژێکدا نایەتە دی بەڵکو خەباتێکی درێژ خایەنی دەوێت. لەم بوارەدا چەپەکان لە دیدگای بیری سۆسیالیستی خۆیانەوە دەتوانن هێزی سەرەکی هاندانی دیموکراسیی راستەقینەبن. واتە دیموکراسی واقیعی. ئۆپۆزیسیۆنی سۆسیالیستی لە کوردستاندا دەتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەر ببینێتو هەر پێشێل

کردنێکی دیموکراسی لەهەر لایەنێکی سیاسییەوە بێت، ریسوا بکاتو گشت شێوازەکانی خەباتی سیاسی‌ی جەماوەری بۆ داکۆکی لێکردنیان بگرێتە بەر.

ئیمرۆ خەباتکردن لە پێناوی بە دیهێنانی دیموکراسی لە ژیانی کۆمەڵداو گوشاری سیاسی خستنە سەر هێزە سیاسییەکان تا لە بانگەشەی دیموکراسییاندا راستگۆ بنو سیاسەت بە ئەقڵییەتێکی دیموکراسییەوە بکەن، مەحەکی راستگۆیی‌و نیشانەی هەڵوێستی راستو ئەرکێکی بەرنامەییەو لە ریزی پێشەوەی ئەرکە سیاسییەکاندا دێتو هەموو حزبو رێکخراوە سیاسییەکان بەچەپو راستیانەوە لێی بەرپرسیارنو دەبێت پێشبرکێ لە پەیرەوی کردنیاندا بکەن.

بەبێ سەقامگیر بوونی ئەم دیموکراسییە سیاسییە، نە دیموکراسی شەقڵی شارستانی دەبێتو نە گۆرانکاریی بلاوو قووڵی کۆمەڵایەتی دروست دەبێت. بەو پێیەش هەر قسە کردنێك لە قۆناغی باڵای دیموکراسی، واتە دیموکراسی کۆمەڵایەتی یان دیموکراسی سۆسیالیستی کرێکاران، قسەیەکی کتێبی‌و تیۆری رووتو دابراو لە واقیعو ئەزموونی پێشینە دەبێت.

سوور بوون لەسەر پەیرەو کردنی ئەم دیموکراسییە تا دوا مەودای پرکردنی، بۆ وڵاتێکی وەکوو کوردستان، بایەخێکی زۆری هەیەو تەنها چەپەکان لە وزەیاندایە پەی بە پاشقول لێگرتنی ئەم دیموکراسییە بەرنو شێلگیرانە بەرگری لە شێوازە راستەقینەکەی بکەن. ئەم بەرگریکردنو داکۆکی کردنە لە دیموکراسی بە هیچ کلۆجێك واتای داکۆکی کردن لە بۆرژوازی نەتەوایەتی ناگرێتەوە چونکە بۆرژوازی وڵاتانی دواکەوتوو هەرگیز دیموکراسی‌ی بۆرژوازی‌ی رەسەنی ئەوروپایی ناتوانن پەیرەو بکەن؛ بۆیە ململانێی جێبەجێ کردنی راستەقینەی بە ئەستۆی چەپەکانەوە دەبێتو ئۆپۆزیسیۆنی سۆسیالیستی پێوەری راگرتنی پرنسیپەکانی دیموکراسی دەبێتو ئەو دیموکراسییە لە بەرژەوەندی خەباتی دوا رۆژی کرێکارانو زەحمەتکێشان وەردەچەرخێتو گەشەکردنێکی شارستانی‌ی قووڵ بەسەر کۆمەڵگادا دەهێنێت.

٤/٣ هەڵسەنگاندنی نوێ بە نیازی یەکگرتن و ململانێی دیموکراسی

ململانێی ڕێکخراوو گرووپە چەپەکان لەگەڵ بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد لەسەر کۆمەڵێک خاڵی دیکە، کە لە سەرەتای ئەم لێکۆڵینەوەیەدا لێی دواین، دەبێت شێوەیەکی بابەتی بگرێتە خۆی. سوور بوون لەسەر هەندێک لێکدانەوەو ئاراستە کردنی جەماوەر بەگیانی دوژمنایەتی کردنی بزوتنەوە نەتەوایەتییەکە بە بیانووی ئەوەی «ناسیۆنالیزم شەرمەزارییە بۆ بەشەرییەت»، نەک هەر لەناوەرۆکدا لە بەرژەوەندی تێکرای بزوتنەوەی سیاسی ئەم قۆناغە نییە، بەڵکو بە پێچەوانەی ئاسۆی گەشەکردنی ڕێبازی سۆسیالیستیشە لە نێو کرێکارانو زەحمەتکێشانی کوردستاندا، بۆیە بابەتی بوونی چەپەکان لە لێکدانەوەی خاڵەکانی ناکۆکیدا باری سیاسییان سەنگینتر دەکاتو بەو هۆیە دەچنە ڕیزەوی ئەو کاروانە مێژووییەی دوا ئاکامی بە سۆسیالیزم دەگات. ئەم لێکدانەوە واقیعییە دوور لە گرژ بوونو گۆشەگیریی حزبایەتیو دەستەگەرێتی سیاسی مەودای دووری نێوان ڕێکخستنەکانیانو جەماوەری خەڵکی ستەمدیدەی کورد نزیک دەخاتەوەو یەکگرتن دەکاتە شێوەی سەرەکی پەیوەندیی دیموکراسیو لەم قۆناغەدا، ململانێ لە شوێنی ئاسایی خۆیدا دادەنێت. لەبەر ئەوە چاوخشاندنەوە بە هەندێک هەڵوێستداو سەر لەنوێ لێکدانەوەیان، ڕێگەی یەکگرتنو زەمینەی سازدانی وزەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد لەدژی ڕژێم خۆش دەکات لەوانە:-

١/٤/٣ هەڵسەنگاندنێکی نوێی ڕۆڵی ئەو هێزانەی بەشدارییان لە ڕاپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١ دا کردو سەلماندنی ئەو ڕاستییەی کە هێزە چەکدارەکانی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد کە لە میلیشیای حزبەکانی بەرەی کوردستانیدا خۆی دەنواند دەورێکی بەرچاویان هەبوو لە سەرخستنی ڕاپەڕینەکەداو بێ دابەزینی ئەو هێزە لە تواناداد نەبوو سەرکەوتنی نێو شارەکان بپارێزرێتو زۆربەی کوردستان لەدەسەڵاتی داگیرکەران پاکبکرێتەوە.

٢/٤/٣ هەڵسەنگاندنێکی نوێی ئەزموونی شووراکان لە کوردستاندا. شووراکان لاپەڕەیەکی درەخشانی ڕاپەڕین بوون، بەڵام لە سەرێکی دیکەوە، بەری نەبەکامی ڕاپەڕینیش بوون. شووراکان هەلومەرجی دیموکراسییان بۆ نەرەخساو هەر زوو دەستی پاکتاو کردنیان پێدا هێنرا. بۆیە وەک ئەزموونێکی سیاسیی سەرنەکەوتوو بە بەشێکی کەلەپووری ڕاپەڕین دەمێنێتەوە.

سەرنەکەوتنی دەسەڵاتی شووراکان بە تەنها بۆ هۆکاری بەربەرەکانی کردنیان لەلایەن کاربەدەستانی ئەو کاتەی بەرەی کوردستانی ناگەڕێتەوە بەڵکو کۆمەڵێك هۆکاری بابەتیو خودی ڕێگری سەرکەوتنی بوون. ئەم هەڵسەنگاندنە نوێیە لە بەهای شووراکان کەم ناکاتەوە. چونکە ئەزموونێکی سیاسی شۆڕشگێڕانەی تێشکاوی هەلومەرجی تایبەتی سەردەمی ڕاپەڕین دەبێتو لە خەباتی دوارۆژی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کرێکارانو زەحمەتکێشاندا سوودی خۆی دەگەیەنێت بە تایبەتی دوای ئەوەی سیستەمی پەرلەمانی لە واقیعی کوردستاندا بەرەو ڕووی کێشەیەکی سیاسی گەورە بۆتەوەو نەیتوانیوە دەسەڵاتی واقیعیو ڕاستەوخۆی جەماوەر بەرجەستە بکاتو ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی بەسەر باری سیاسیو کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردستاندا بهێنێو چارەسەری کێشە هەرە بەرچاوەکانی باری ژیانی خەڵکی بکات. بۆیە تەرحێکی دیکەی حوکمی شوورایی لە بەرامبەر حوکمی پەرلەمانی، دەشێت بەرنامەی کاری چەپەکان بێت.

٣/٤/٣ هەڵسەنگاندنێکی نوێی بارودۆخی ئابووریو ئیداری لە کوردستاندا ئەرکێکی دیکەی چەپەکانە. دەبێت چەپەکان لە واقیعەوە بڕواننە دیاردەکان. ئەوان شیکردنەوەی زانستییانە سەرپشکی بڕیاری سیاسیو هەڵوێست وەرگرتنیان دەبێت. شیکردنەوەی زانستیش بە ڕواڵەتی دیاردەکاندا ڕۆدەچێتو لەناخەوە سەری گلۆڵەی کێشەکار دەگرێتو دەیانخاتە ڕوو تا ڕوخساری ڕاستی کێشەکان ببینرێنو چارەسەر.ردنی گونجاویشیان بۆ دیاری بکرێت.

هەنووکە لەکوردستاندا گەلێك دیاردەی نالەبار لە کایەدان. ئەم دیاردانە کۆمەڵێك.فاکتەری سەلبین هەڕەشە لە دوا ڕۆژی ئەو کەمۆکە ئازادییە دەکەن کە خەڵکی کوردستان بە ڕاپەڕینی خۆیان بە دەستیان هێناوە. وەرگرتنی پیاوانی ڕژێم لە جاشو جاسوسو بەعسی کورد لە ریزەکانی بزوتنەوە نەتەوایەتیەکەداو هێشتنەوەی لێپرسراوەکانی سەردەمی ڕژێم لە شوێنی بەرپرسیارێتی فەرمانگەکانو دەست ڕۆیشتنیان لەبواری ئیداریدا، بڵاو بوونەوەی دزیو شرەخۆریو تاڵان کردنو کوشتنو بێکاریو برسێتی، ململانێی حزبەکانو گیانی تاکرەوی لە کاری سیاسیداو، لاوازی

یاسا له
کوردستانو، بەرەڵلایی‌و پێلێنانی
دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی
جەماوەری له
نێو کۆمەڵدا...هتد، بارو دۆخێکی ئەوتۆی دروست کردووە کە
دەزگا
ناکامی ئەم نیمچە ئازادییە رەشبین کردووەو مەترسی گەڕانەوەی دامو
سارد‌کردنەوەی
داپلۆسێنەرەکانی رژێمی کردۆتە فاکتەری خاوبوونەوەو
ئەمانە
خەڵکی. کێ لەم وەزعە بەرپرسیارە؟ کێ دەتوانێ چارەسەری بکات؟
نەک بۆ ماندانی
دوو پرسیارن پێویستییان بە شیکردنەوەیەکی بابەتی هەیە،
سیاسی‌و حزبی بقۆزرێنەوە.

دەستنیشان
هەڵوێستی راست ئەوەیە بنەمای هەموو ئەو دیاردانە
بنەمای ئەو
بکرێنو بەرپرسیارێتی بە پێی ئەوە دیاری بکرێت. بۆ ئەوەی
کۆلۆنیال
دیاردانەش بەباشی بناسرێن پێویستە گۆڕانکاری‌و سیاسەتەکانی
سەدەی
کردنی کوردستان لە حەفتا ساڵی رابردوودا، بە تایبەتی لە چارەکە
لە هەموو
ئەم دواییەدا، دەستنیشان بکرێتو کارتێکردنی ئەم سیاسەتە
بکرێت.
کایەکانی سیاسی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیریدا دیراسە
بۆسەر
پێویستە ئاکامی جەنگە یەك لەسەر یەکەکانی دەوڵەتی عێراق
-ئێران و
کوردستانو ئەنجامە مەینەتبارەکانی جەنگی عێراق
وەزعی
عێراق -هاوپەیمانەکان لەبەر چاوانبن؛ باری ئێستای جیهانو
لە ناوچەکەداو
جێگیرنەبوو و شلۆقی ئیمرۆی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد
سیاسەتی
سروشتی ململانێی بزوتنەوەی کوردو دەوڵەتی عێراق بە تایبەتی‌و
تا لە
دوژمنانەی رژێمو گوشاری ئابووری‌و سیاسی‌و ئیداری لێکبدرێنەوە
ئاڵۆزەی
نێو ئەم هەموو رووداوانەدا فاکتەرەکانی پشێوی ئەم وەزعە
شێواوێکە بە
کوردستان دەستنیشان بکرێنو بەرپرسیارێتی راستەقینەی
تەنها لە ملی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد نەدرێت.

پرسیاری
کاتێك پرسیاری یەکەم بەم شێوەیە وەڵام درایەوە، دیارە
رەخنە لە
دووەم وەڵامدانەوەی ئاسان دەبێت. لێرەدا دەتوانرێت پەنجەی
سەبارەت
ئاستی حزبە دەسەڵاتدارەکانی حکومەتی هەرێم بەرزبکرێتەوە،
ناوچەکانی
بەوەی لەماوەی پتر لە سێ ساڵی راپەڕینو ئازادی زۆربەی
بۆ نەچۆتە
کوردستاندا هەنگاوێکی بەرچاویان بۆ چارەسەرکردنی پاشاگەردانی
بکرێت،
سەر. واتە رەخنەیەك ئاراستەی حزبەکانی بزۆتنەوەی نەتەوایەتی
نییە،
سەبارەت بە بنەماکانی دروست بوونو شپرزەیی‌و پشێوی باروودۆخەکە
لە ئاستی
بەڵکو سەبارەت بە ناکۆکییە ناوەکییەکانی خۆیانو دەستەوسانییە
بابەتییە
چارەسەرکردنی بەپەلەی بارە ئاڵۆزاوو نالەبارەکە. ئەم هەڵسەنگاندنە

یەک ئەنجامی واقیعی بەدەستەوە دەدات ئەویش هەڵەی هەرشێوە هەڵسەنگاندنێکە، کە حکومەتی هەرێمو ڕژێمی عێراق وەک یەک سەیربکاتو نۆباڵی وەزعە سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتییەکە لەئەستۆی هەردوولا وەکوویەک دابنێت.

لەم ڕوانگەیەوە پێویستە چەپەکان هەڵسەنگاندنیان بابەتی بێتو هەرشتە لە شوێنی خۆیدا دابنێنو ڕەشو سپی تێکەڵ نەکەنو بکوژو قوربانییەکانی، چوونیەک، بەرتیری ڕەخنەنەدەن. دەبێت داواکارییەکان بە شێوەیەک بن نەڕژێنە جۆگەی پروپاگەندەو پیلانەکانی دوژمنەوە، بەڵکو ڕەخنەی ڕەواو دیموکراسییانەی جەماوەر بەرامبەر حزبە باڵادەستەکانی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد دەرببڕن.

دەبێت ڕەخنە بگیرێتو کەمتەرخەمییەکان بخرێنە ڕوو، لە ئاستیاندا چاوپۆشی نەکرێت، شان بەشانی ئەوەش بە ئاستێکی باڵاترو هەڵوێستێکی بە پرنسیپو دووربینانەوە ڕژێم ریسوا بکرێتو دزێک بۆ دوژمن نەهێڵرێتەوە بتوانێت لێوەی پێدزکە بۆ کوردستان بکاتەوە.

## بەشـــی چوارەم

### هەڵوێستی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە چەپەکان

### ١/٤ سەرچاوەکانی پەیوەندیی دیموکراسی

دەڵێن: «چەپڵە بە یەک دەست لێنادرێت». هەموو کارێکیش کاردانەوەی هەیە. بۆیە لەبەرامبەر هەڵوێستێکی بابەتیو ڕاست، کە لەچەپەکان داوا دەکرێت وەریبگرن، دەبێت بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردیش، لە ڕێی حزبەکانییەوە، بە تایبەتی دوو حزبە دەسەڵاتدارەکەی، هەڵوێستی خۆی لە حزبو ڕێکخراوە چەپەکان بگۆڕێت. ئەرکی حزبە دەسەڵاتدارەکان لەم کایەیەدا بە هۆی شوێنی تایبەتی سیاسیو عەسکەرییان گرنگترە. پەیڕەوکردنی سیاسەتی دیموکراسییانە لە مامەڵە کردنی چەپەکاندا مەحەکی ڕاستگۆیی سیاسی دەبێت لە بواری خۆ بە دیموکراسی بەستنەوەو هەڵوێست لە ئۆپۆزیسیۆنێک کە بیروباوەڕی جیاوازی لەگەڵ لایەنەکانی بزوتنەوەی نەتەوایەتیدا هەبێت؛ نەک هەر بۆ ئێستا، بەڵکو بۆ دوارۆژێکی سیاسی سەقامگیر، کە دەویسترێت لە کوردستاندا بێتە ئاراوە.

ئەم هەڵوێستە سیاسییە لە بڕوا هێنانی تەواو بەم پرنسیپانە سەرچاوە هەڵدەگرێ:-

١/١/٤ کۆمەڵگای کوردستان وەك هەر کۆمەڵگایەکی دیکەی ئەم جیهانە کۆمەڵگایەکی چینایەتییە. چینە کۆمەڵایەتییەکان خاوەنی بەرژەوەندی چینایەتی خۆیانن. بە پێی بەرژەوەندییەکانیان ئامانجەکانیان جیاجیایە، بۆیە دامو دەزگای سیاسی جیاجیا واقیعێکی بەرچاوەو بە شێوەیەکی بابەتی لەبەرنامەو ڕێبازی سیاسیو حزبو ڕێکخراوی جیاجیادا دەردەکەون.

ئەم بەرژەوەندییە چینایەتییانە واقیعێکی مێژوویینو پەیوەندییان بە خواستو ئارەزووی ئەمو ئەوەوە نییە، لەبەر ئەوە، شێوازی ڕێپێگرتنو داپڵۆسینو سەرکوتاندنەوە خامۆشیان ناکاتو بەهەر شێوەیەك بێت سەرهەڵدەدەنەوە، جا ئەو سەرهەڵدانەوەیە شەرعیو ئاشکرا بێت یان بە نهێنیو بە پێچەوانەی یاساکانی دەسەڵاتە سیاسییەکەوە بێت.

دروست بوونی هەر حزبو ڕێکخراوێك واتای بەرژەوەندی چینایەتی جیاواز دەگەبەنێت، تەنانەت لە سنووری یەك چیندا، توێژە جیاجیاکان، بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەئامانجەکانی حزبو ڕێکخراوی تایبەتی خۆیاندا بەرجەستە دەکەن. هەر سەرکوتکردنو تیرۆرو خۆ بواردنێك لەم ڕاستییانە دەبنە مایەی پێشێل کردنی بەرژەوەندی بەشێکی کۆمەڵو ئاڵۆزی سیاسییان لێ پەیدا دەبێت. ناکرێت کۆمەڵی کوردستان -بە هەموو ناکۆکییەکانییەوە- لە هەگبەیەکی یەکگرتووی زۆرەملێ بئاخنرێ، چونکە ناکۆکی چینایەتیو حەقیقەتی بوونی چینەکانو ململانێیان یاسایەکە لەم کۆمەڵەشدا حوکم دەکات. هاوکاری چینایەتیو تواندنەوەی چینەکان لە ژێر سایەی هەر دروشمێکی نەتەوەییدا بێت، پێچەوانەی ئەو یاسایەیەو ناکۆکییەکانی هەناوی کۆمەڵ فراوانتر دەکات. لەبەر ئەوە چ حزبەکانی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد وەك هێزی سیاسی گەورەو دەسەڵاتدارو، چ جەماوەری دابەش بوو بەسەر هێزە سیاسییەکاندا، دەبێت ئەو ڕاستییە بسەلمێنن، کە ڕێگای ئاساییو دیموکراتی لە دان پێدانانی مافی ڕەوای هەر کۆڕو کۆمەڵو توێژێکی کۆمەڵایەتیو چینێکە خاوەنی حزبو ڕێکخراوی خۆی بێتو لە سایەی بارێکی ئاساییو ئارامدا کاری فیکریو سیاسیو ڕێکخراوەیی خۆی بکات.

٢/١/٤ ئەزموونی دەیان ساڵەی بزوتنەوە شۆڕشگێڕییەکانی جیهانو بزوتنەوەی رزگاری نەتەوایەتی کورد سەلماندوویانە، کە باڵادەستیی تاکە حیزبێك یان چەند حزبێکیش خاسییەتی دیموکراسی بە ژیانی سیاسی ناداتو شەرعییەتی ناداتێ، مەگەر تەواوی جەماوەر بێ هیچ کۆتو پێوەندێکی سیاسی ئازادانە بتوانن هاوکاری لەو ژیانە سیاسییەدا بکەن؛ ئامرازی ئەو هاوکارییەش رێکخراو بوونەو، شێوازی دروستیش لە نێواندا پێشبڕکێی سیاسیی جەماوەرییەو، خستنە ڕووی بەرنامەی گونجاوی حزبو رێکخراوەکانە لە هەوڵی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیی مێژووییدا بەرەو دوارۆژێکی گەشەدارتر.

هەر لەم باری سەرنجەوە سەلماندنی ئازادی تەواو، واتە ئازادی بێ کۆتو مەرجی سیاسی بۆ هەموو چینو توێژە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ جەماوەر، چاکترین دەستەبەری دیموکراسییە لە کارپێکردنیدا. بێ ئەم ئازادییە دیموکراسی لە دایك نابێت یان ناژیو رێگەی خۆسەپاندنو دیکتاتۆریو تیرۆرو خۆپەرستیی سیاسی فراوان دەبێت. ئەمە راستییەکە بۆ جەماوەری خەڵکی ستەمدیدەی کورد ئاشکرایە، بۆیە ئازادی کاری سیاسی تەنها چارەیەکی گونجاوە، تەنها دەرمانێکە دەردی بیرۆکراسیو دیکتاتۆریو خۆسەپاندنو تاکڕەویی حزبایەتی چارەسەر بکات. رێگەدان بە بوونی رێکخراوی سیاسیی ئۆپۆزیسیۆن -چەند ئەو ئۆپۆزیسیۆنە توندڕەویش بێت- لەبەرژەوەندی ژیانی دیموکراسی دوا ڕۆژەو بۆ راستگۆیی بانگاشەی ئازادیو دیموکراسی مەحەکە. ئازادیو دیموکراسی، تا ئەو ڕۆژەی دەمی کەسێك مابێت قفڵی لێدرابێتو دەستو پێی کەسێك مابێت کۆتو پێوەند کرابێتو جوولەی لێبڕابێت، لە قسەی ڕووتی بێ ناوەڕۆك بەولاوە چیدیکە نابن.

٣/١/٤ چەك هەڵگرتن ئامانج نییە بەڵکو هۆیەکە ئامانجەکانی پێ بەدەستدەهێنرێن. چەك هەڵگرتنو دروست کردنی هێزی چەکدار لە ململانێی چینایەتیو نەتەوایەتیدا بارودۆخی تایبەتی خۆی هەیەو شێوەی ململانێکە دەیسەپێنێ. ئەم بارودۆخە لەگۆڕاندایەو لەهەر پلەیەکی خەباتدا چۆنایەتی بەکارهێنانی ئامرازەکان دەگۆڕێتو ئاراستەی بەدیهێنانی ئامانجی نوێ دەکرێن. چەك هەڵگرتن هەمیشە لەکاتی نائاساییدا، لە گۆڕانکارییە

کۆمەڵایەتییە بنچینەییەکاندا، بڕیارسازی ململانێکانو یەکلایی کردنەوەیان دەبێت. ئەم ڕۆڵەی چەك پابەندی ئەو ئەرکانە دەبێت کە بۆیان هەڵگیراوە. بەڵام هەرگیز چەك شەرعیەتی سیاسی بەکەس نادات. دەشێت چەك شەرعییەتێکی ناچاریی بسەپێنێ؛ بەڵام شەرعییەتێك لە ناخەوە جەماوەر پەسەندی بکاتو بەشێوەیەکی دیموکراسی بیروڕای خۆی لەسەر دەربڕێت، هەر دەبێت شەرعییەتێکی سیاسی هەڵقوڵاوی پێداویستییە مێژووییەکان بێت. لەم بارەدا دەشێت چەك بۆ پاراستنی ئەو شەرعییەتە بەکار بهێنرێت، واتە بەکارهێنانی چەك بۆ ڕووخاندنی بارێکی سیاسی ناشەرعی، یان پاراستنی شەرعییەتێك جەماوەر خاوەنی بێت، پێویستە.

دیارە دەستەبەر کردنی دیموکراسی بو جەماوەرو ئازادییان لە بڕیاردانی شێوەی فەرمانڕەوایەتی خۆیانو ئەو هێزە سیاسییەی جڵەوی پێشەنگیی ئەو سەردەمەی بەدەستەوە ئەدەن، پێویستی بەچەك نییە. واتە بە زمانی چەكو گوشاری عەسکەری، دیموکراسی، ئەگەر کەمینەیەکیشی لەئارادا بێت، بە هەموو شێوازەکانی کارپێکردنیەوە لەبار دەچێتو چاوی بە ژیان ناپشکوێ. بۆیە لە کوردستانی داهاتوودا کە زۆرینەی جەماوەر چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکەن کوردستانی ئازادیو دیموکراسی بێت، لۆژیکی پیادەکردنی ئەو ئازادیو دیموکراسییە، دەبێت لۆژیکی ژیانی مەدەنی بێت. بە واتایەکی دیکە، دەبێت ئەخشاندنی شێوەی سیاسی کۆمەڵگا دوور لە زەبری چەکی هیچ لایەنێکی سیاسی-عەسکەری بێت. ئەرکی نوێی عەسکەری دەبێت لەچوار چێوەی پاراستنی ناوچە ئازادکراوەکان قەتیس بکرێتو دیاردەی هەڕەشەی عەسکەریو لوولەی تفەنگ لەشارو شارۆچکەو نێو فەرمانگەو دامو دەزگاکانی ڕاپەراندنو دادوەریو پەیوەندییە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکان دوور بخرێنەوە. بەبێ ئەم گۆڕانکارییە لە ڕۆڵی هێزی چەکداردا کۆمەڵی مەدەنی ناچەسپێو ئازادیو دیموکراسی بۆ مەدەنییەکان مەیسەر نابن. بێ دەستەبەرکردنی ئەم ژیانە مەدەنییەش، حزبو ڕێکخراوە بچووکەکان هەمیشە مەترسی بەژێر دەستو پێوە بوونیان لەسەر دەبێت. دیاردەکانی چاوسوورکردنەوەو هەڕەشەو کوشتنو ئیعدامی سیاسیو نائارامی درێژە دەکێشنو زامی قووڵ قووڵ لەجەستەی ئامانجە دێرینەکانی جەماوەر دەکەنو، ئاکام، ناکۆکییەکان پتر دەبنو، ململانێکان پەرە دەسێننو، ئازادیو دیموکراسی بە کۆرپەیی دەتاسێنرێنو دەستکەوتەکان لەدەست دەدرێن.

### ٤ /٢ پەیوەندەی دیموکراسی هەڵوێستو هەنگاوی حزبە دەسەڵاتدارەکانی دەوێت

لای هیچ کەسێك ناکۆکیی مەنهەجیو ئایدیۆلۆژیو سیاسیو ڕێکخراوەیی نێوان بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردو چەپەکان بە گشتی شاراوە نین. ناکۆکییەکانی بواری راگەیاندنو هاندانی سیاسیو بەیەکا هەڵپژانەکانیش بنجەکەیان بۆ سەر ئەو ناکۆکییە سەرەکییانە دەچنەوە. هەردوو ڕێبازەکە بەتەریبی دەڕۆنو نوێنەرایەتی دوو ستراتیژی جیاواز دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا دەشێت لە پراکتیکی ڕۆژانەو پێداویستییە تاکتیکییەکاندا خاڵی یەکانگیرو بەرژەوەندی هاوبەش لە نێوانیاندا بێنە کایەوە. بۆ ئەم پێداویستییانە پەیوەندەی دیموکراسی ناچارییەو دەبێت پیادە بکرێت. یەکەم هەنگاویش دەبێت لەبەر تیشکی سێ پرنسیپەکەی پێشوودا بهاوێژرێت.

بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە ڕێی حزبەکانییەوە -بەتایبەتی دەسەڵاتدارانی ئیمڕۆی کوردستان- خاوەنی بڕیاردانی ئەو هەنگاوەو ئەرکی خۆشکردنی زەمینەی پەیوەندییە دیموکراسییەکەیان لە ئەستۆ دەکەوێ. سەرەتاش دەبێت خاوکردنەوەی گرژییەکانی رابردوو بێت، ئەویش بە پیرەوە چوونی ئەم خاڵانەی گەرەکە:-

٤/٢/١ خاوبوونەوەی دەمارگیریو گرژی هەڵوێست بەرامبەر چەپەکانو خۆ دوور خستنەوە لە بەکار هێنانی جنێوی سیاسی بەرامبەریان وەك «ئاژاوەگێڕ» و«گێرە شێوێن» ر «توندڕەو» و ...هتد.

٤/٢/٢ ڕۆڵی شۆڕشگێڕانەی چەپەکان لە ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ دا بەژێرلێوەوە نەکرێتو ئەوراستییە نەشاردرێتەوە کە ئەوان لە ریزی جەماوەری راپەڕیوی کوردستانداو شان بە شانیان هەڵمەتیان بۆ سەر دامودەزگاو بارەگاکانی ڕژێم دەبرد. دەبێت ئەم هەڵوێستە لە نێو هۆیەکانی ڕاگەیاندنی حزبەکاندا رەنگبداتەوە. پێویستە سازدانو ڕاپەڕاندنی راپەڕین بە موڵکی جەماوەر بزانرێتو شەرەفی بەشداریکردنو قوربانیدان لەو پێناوەدا بە ئەمانەتەوە تۆمار بکرێتو ڕۆڵی چەپەکانیش بە واقیعی چۆن بووە بگوترێت. دیارە کارێکی نیگەتیڤ نەشیاوە ڕۆڵی جاشەکان بە ناوی «چەکدارە شۆڕشگێڕەکان» باس بکرێتو ڕۆڵی تێکۆشەرانی چەپ رەشبکرێتەوە.

٣/٢/٤ ڕیز لێگرتنی ئەزموونی شووراکانو کۆتایی هێنان بەو تۆمەتو قسە نەشیاوانەی پێیان دەگوترێت. شووراکان ئەزموونێکی شۆڕشگێڕانەی سەردەمی ڕاپەڕین بوو، ئەزموونێکی خۆرسکی جەماوەری چەپ بوو، هەر چەندە واقیعی بزوتنەوەی سیاسی کاتی ڕاپەڕینو کەمووکووڕیی لە شێوەی ڕێکخستنیانداو تەرازووی هێزە سیاسییەکان لە گۆڕەپانەکەدا مایەی تێشکانو سەرنەکەوتنی بوون. با ئەم ئەزموونە بکرێتە بابەتی پێداچوونەوەو لێکدانەوەی زانستیی قوولو بۆ دوارۆژی ڕێکخستنی سیاسیو کۆمەڵایەتیی کۆمەڵ سوود لە دەرسو پەندەکانی وەربگیرێت.

٤/٢/٤ زامنکردنی ئازادی ڕەخنەگرتن لە سیاسەتی حزبە دەسەڵاتدارەکان لە هەموو کایەیەکدا بە تایبەتی لەمەسەلەی بێشبینیو چاوەڕوانی هەمیشەیی وتوویژ لەگەڵ ڕژێم؛ هەروەها لەمەسەلەی شێوەی پەیوەندییان لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێو هاوپەیمانەکان، چونکە هەر دوو مەسەلەکە بۆ کێشەی کوردو دوارۆژی بزوتنەوەی ڕزگاری نەتەوایەتی کورد چارەنووس سازن.

٥/٢/٤ ئەگەر بۆ حزبەکانی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد، دیموکراسیو ئازادی سیاسی، بەشێوە ئەوروپاییەکەی، ئەلتەرناتیفی سیاسەتی تاکە حزبیو تیرۆرو چەوساندنەوەو کۆمەڵ کوژیو تواندنەوەو جینۆساید بێت، ئەوا بەر پێوەدانگە ئەورووپییە دەبێت هەموو ئازادییەکان بو حزبو ڕێکخراوە چەپەکان دابین بکرێنو ئازادی خۆڕێکخستن، دەربڕین، بیروڕا، ڕاگەیاندن، کۆڕو کۆبوونەوە، چالاکی جەماوەری، خۆنیشاندانو مانگرتنو ڕێپێوانو...هتد یان بۆ زامن بکرێت. ئەم هەڵوێستە پراکتیکی پرنسیپەکانی دیموکراسی لە پەیوەندی نێوان چەپەکانو حزبەکانی بزوتنەوەی نەتەوایەتی دەسەپێنێ. مامەڵەکردنی دیموکراسییانە لە هەڵوێستی دابین کردنی ئازادی بێ کۆتو مەرجی سیاسیدا خۆی دەنوێنێ.

هەڵگرتنی هەموو شێوە گوشارێکی سیاسیو سانسۆرێکی ڕاگەیاندن لەسەر چەپەکان مەحەکی هەڵوێستی ڕاستو دیموکراسییانەیەو پێوانەیەکی ڕاستەقینەیە بۆ چۆنایەتی ئەو سیستەمە سیاسییەی سەرکردایەتی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد بانگاشەی بو دەکات.

٦/٢/٤ سوننەتێکی نوێی پەیوەندیی سیاسی نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان دابڕێژرێت کە دیاردەکانی زیندانی کردنی سیاسیو ئیعدامی سیاسیو شەڕە جنێوی سیاسیو چەوساندنەوەی فیکریوسیاسیو رێکخراوەیی کۆتایی پێ بهێنێت. بۆ ئەم مەبەستەش هەڵمەتێکی هۆشیارکردنەوەی گشتی ساز بدرێتو نموونەی کۆمەڵێکی ئازادو دیموکراتی راستەقینە نیشانی جیهان بدرێتو رادەی بەرزی ئامادەیی گەلی کورد بۆ پەیوەست بوون بە ژیارە جیهانییەکەی ئەم سەردەمەوە دەربخرێت.

٧/٢/٤ شێوازی پەیوەندیی دیموکراسی، لە نێوان بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردو بزوتنەوەی سۆسیالیستی چەپەکانو سەرجەمی حزبە سیاسییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێم، لە رێی مشتومڕو ئاڵوگۆڕ کردنی ئازادانەی بیروڕاو ئیقناع کردنەوە پەیڕەو بکرێت. دیارە حزبە گەورەکان، وەک دەسەڵاتێکی سیاسیو عەسکەری بەرچاو، دەتوانن، لەم لایەنەوە دەستپێشخەربن.

٨/٢/٤ تاکرەویو خۆخۆیی حزبایەتی لەکارو چالاکییە جەماوەرییەکاندا نەهێڵرێتو هەموو ئەو یادو بۆنە سیاسییانەی هەیە بکرێنە مەیدانی پتەو کردنی پەیوەندی دیموکراسییانە، پێویستە فیستفاڵەکان، ئاهەنگەکان، ساڵرۆژەکان، کۆڕەکانی ماتەمینی، مانگرتنو خۆنیشاندانو رێپێوانەکان، مەیدانی پراکتیکی سیاسیی پەیوەندیی دیموکراسی بنو هیچ لایەنێک بۆ خۆی قۆرخیان نەکاتو هەموو هۆیەکانی راگەیاندن خۆیان بۆ خزمەتی ئەم شێوازە دیموکراسییە بخەنە کارەوە.

٩/٢/٤ دەستێوەرنەدانی کاروباری رێکخراوە جەماوەرییە دیموکراتییەکان، ئەرکێکی دیکەی ئەم قۆناغەیەو حزبەدەسەڵاتدارەکانو دامودەزگای رۆشنبیریو ئیداریی هەرێم لێی بەرپرسیارن.

فرە رێکخراوەیی جەماوەری لە ژیانی سیاسیدا دیاردەیەکی شیاوەو دەبێت پشتگیری بکرێت. هەروەکو چۆن دەشێت حزبەکان رێگەی کارکردنی سیاسییان بۆ دابین بکرێتو ئەوە بەشێکی نەپساوەی پرنسیپی ئازادیو دیموکراسییە، هەر بەو شێوەیەش رێپێدانی چالاکیی رێکخراوەیی بۆ رێکخراوو کۆمەڵە جەماوەریو پیشەییەکان، بۆ هەمان ئەو پرنسیپانە نیشانەنو نابێت کۆسپیان لەسەرە رێدا بۆ دابنرێت.

پرنسیپی پراکتیکی لەم بوارەدا، دەبێت مافی ئەندامانی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان بسەلمێنێتو، خۆیان بۆ شێوازی کارکردن‌وچۆنایەتی ئامانجەکانیان سەرپشک بن‌و هیچ لایەنێکی سیاسی هەوڵی دەست بەسەراگرتنیان نەداتو سەربەخۆیی ڕێکخراوەییان بپارێزرێت. ئەم ڕێکخراوانە چ یەکگرتوو بن یان لە ڕێکخستنی جیاجیادا بن، دەشێت جێگای کۆبوونەوەی جەماوەر بە جیاوازی بیرو بۆچوون‌و بیروباوەڕو ڕێبازی سیاسی جیاجیایانەوە بن. بۆیە سەپاندنی بوونی یەك ڕێکخراوی جەماوەری بۆ هەر کەرتێکی پیشەیی‌و جەماوەری، چالاکی‌و جموجۆڵی ئەو ڕێکخراوان پەك دەخاتو لە دوا ئاکامدا وەك جێگای کۆبوونەوەی کەسانی سەر بە تەنها حزبێك یان لایەنێکی سیاسییان لێدەکاتو هیچ شێوە کاریگەرێتییەکیان لەسەر بەرزکردنەوەو بەرەو پێشەوە بردنی کۆمەڵ ناهێڵێت.

۱۰/۲/٤ مشوور خواردن‌و سازدانی بارودۆخێکی پڕ ئاسایش‌و ئارامی ئەرکێکی دیکەی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەو دەبێت لەلایەن حزبە دەسەڵاتدارە خاوەن میلیشیاکانەوە پشتگیری بکرێت. دەبێت کۆمەڵی مەدەنی شوێنی کۆمەڵی عەسکەری‌و سەروەرێتی چەك‌و چەکدار بگرێتەوە. لە سایەی ئاوو هەوایەکی مەدەنیدا پێشبڕکێی ئایدیۆلۆژی‌و سیاسی قاڵبی ئاسایی خۆی وەردەگرێتو هێزی سیاسی حزب‌و ڕێکخراوەکان ئەو کاتە دەردەکەوێت. بۆیە دەبێت میلیشیای حزبەکان (لەشکری یەکگرتوو) لەسەنگەرەکانی بەرگریکردن لە سنووری هەرێم ڕاوەستن‌و ڕێگەی هیچ دەخالەتێکیان لە کاروباری سیاسی‌و ئیداریدا نەدرێت.

ژیانی مەدەنی هەلومەرجی لەبار بۆ پراکتیکی ئازادی‌و دیموکراسی دەرەخسێنێ‌و بواری واقیعی بۆ جێبەجێ کردنی پرنسیپەکانی یەکگرتن‌و ململانێی دیموکراسی نێوان حزب‌و ڕێکخراوە سیاسییە جیاجیاکان هەڵدەخاتو جەماوەریش پراکتیکی ژیانە مەدەنییەکە لە کەشێکی هێمن‌و ئارامدا دەکات.

## ٤/٣، دوا وشەکان .. واقیعی ئیمڕۆ .. ئاسۆی داهاتوو

مەسەلەی هەڵوێستی سیاسی حزبو ڕێکخراوەکانی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە بزافی چەپی سۆسیالیستیو هەڵوێستی ئەم بزافەش لە خودی بزوتنەوەی نەتەوایەتی بە گشتیو حزبە دەسەڵاتدارەکانی ئەم بزوتنەوەیە لە کوردستاندا بە تایبەتی، زۆر لەم لێکۆڵینەوەیە پتر هەڵدەگرێت. هەڵبەت بیروڕاو بۆچوونو هەڵسەنگاندنی جیاجیا، لەڕاستو چەپەوە بۆ ئەم بابەتە گرنگە ئاساییە. سروشتی ناکۆکییەکانیش، ئەگەر چی بنەمایەکی مەنهەجیو فیکریو سیاسی هەیە، بەڵام لەوردە کارییەکانیدا هەمیشە ئاڵوگۆڕ ڕوو دەدەنو ئەوەی دوێنێ دروست بووە دەشێت ئیمڕۆ هەڵە بێت وئەوەی ئیمڕۆ دروستە دەشێت سبەینێ پێچەوانەکەی دروست بێت. بەم پێیە لێکۆڵینەوەی ڕابردوو، ئیمڕۆ، داهاتوو؛ دەبێت لەزەمان وزەمینی خۆیدا بکرێن ودەرس وپەندیان لێوەر بگیرێن.

شێوەی پەیوەندییەکان هەرگیز بەڕاوەستاوی نامێننەوە. جێگۆڕکێو بەیەکدا چوون ودروست بوونەوە لەسیفەتە دیارەکانی دینامیزمی بزوتنەوەی سیاسین ولەحەرەکەتی پێچاوپێچی مێژوودا ئاساین. بۆیە لەبەرتیشکی ئەم ڕاستییانەو لەو چاوەوە دەبێت سەیری ئەم لێکۆڵینەوەیە بکرێت وکەموکوڕییەکانی بەلێکۆڵینەوەی جیددی تر پڕ بکرێتەوە، تابە هەوڵ وکۆششی هەرەوەزی ئەزموونەکانی ڕابردوو سەر دەسگای شیکردنەوە بخرێن وئاسۆی دوارۆژ بەڕوونی ببینرێت.

پێدا چوونەوە بەئەزموونەکانی ڕابردوودا، هەڵەکانی شێوازی پەیوەندی چەپەکان و بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد دەردەخەن. سیاسەتەکانی هەرلایەنێك بێ خەوش نەبوون. کەم وزۆر پەیوەندی دۆستانە لەئارادا نەبووەو کەناڵی ناوکۆیی بۆلەیەك تێگەیشتن وگوێ بۆیەکدی شلکردن هەمیشە کوژاوە بووە.

ئیمڕۆ هەلومەرجێکی دیکە، بەشێوەیەکی گەلێك جیاواز لەهەلومەرجی دوای ڕاپەڕین، هاتۆتە کایەوە. وەزعێکی سیاسی وئابووری ی دژوار لەناودایە وگوشاری ناوەکی ودەرەکی هەناسەی گشت لایەنەکانی بزافی سیاسی لەکوردستاندا سوارکردووە. ڕەوینەوەی ئەم گوشارەو دەربازبوون لە قەیرانە سیاسیو ئابوورییەکان، کۆششو وکاری جیددی وهەست بەمەسئوولییەت کردنی هەموو لایەکی دەوێت. ئەویش بێ دەستنیشان کردنی هەندێ لەخەسڵەتەکانی واقیعەکەو لە پێش چاودانانی چارە سەرکردنی گونجاو بۆ گۆڕینی واقیعەکە، ئەنجام نادرێت.

## پوختەی واقیعی ئێستا لە کوردستاندا بەم شێوەیە چڕ دەبێتەوە:

١/٣/٤ قەیرانی سیاسی حوکمی نیوە بەنیوەی دوو حزبە گەورەکەی ناو پەرلەمان وحکومەتی هەرێمی کوردستان. ئەم قەیرانە مەسەلەی بەردەوامی‌ی ئەم شێوازی دەسەلاتەی تووشی بنبەست کردووە.

٢/٣/٤ بەرەی کوردستانی وەك نوێنەری بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد لەم بەشەی کوردستاندا، لەبەریەك هەڵوەشاوەو پێکهاتە بەرەییەکەی جارانی نەماوە؛ لەلایەك بەهۆی ئەو زنجیرە یەککگرتنانەی لەنێوان حزبەکانی ناو بەرەدا روویانداو، لەسەرێکی دیکەوە بەهۆی ناکۆکی نێوان لایەنەکانییەوە تارادەی بەیەکادانی چەکدارانە لەکۆتایی ساڵی ١٩٩٢ دا. بەرەی کوردستانی لەگەڵ هەڵبژاردن وهەڵمەتی بانگاشەی خۆ هەڵبژاردن بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانی‌ی کوردستان، کۆتایی هاتو بەبنبەست گەیشت. لەو کاتەوە تائیمرۆ، ئەم بەرەیە، جەستەیەکی بێ گیانەو لە واقیعدا هیچ کاریگە رێتییەکی نییە.

٣/٣/٤ پەرلەمانی کوردستان، جگەلەوەی لەڕووی پێکهاتەی ئەندامەکانییەوە لاوازە، لەڕووی کاری سیاسی ویاساییەوە بێتوانایەو، نەهیچ گۆڕانکارییەکی بەدواداهاتو نە شۆڕشێکی یاساییشی بەرپاکرد. پەرلەمانیش بەدەست قەیرانی پەنجا بەپەنجاوە دەناڵێنێ وپرزەی لێبڕاوە، بەرادەیەك، سیستەمە پەرلەمانێکە تووشی بنبەست بووە.

٤/٣/٤ حکومەتی هەرێمی کوردستانیش، جگەلەوەی ئیمکاناتێکی ماددی ومەعنەوی لەبەردەستدانییە، بۆخۆشی پێکهاتەیەکی حزبی وئیداریی لاوازەو لە ئاستی کێشە گەورەکانی ژیانی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیو...هتد خەڵکی کوردستاندا نییە. سەرباری ئەوە دەردی (فیفتی ـفیفتی )لە پەلوپۆی داوەو لە چوار دیواری تەسکی وەزارەتەکاندا تاساندوویەتی.

٥/٣/٤ ئاکامی گرێدانی کێشەی کورد بە سیاسەتی دەوڵەتە هاو پەیمانەکانی رۆژئاوا بێ سەرەنجام کەوتۆتەوەو، کێشەکە لە ئاستی مرۆڤانەوە بۆ ئاستی سیاسی هەنگاوێك بۆ پێشەوە نە چووە. جگە لەمەش ئاڵۆزییەکانی پەیوەندی لەگەڵ دەولەتەکانی دەوروبەری کوردستان هێندەی تر بەری لە حکومەتی هەرێم سەندووەو چالاکی دیپلۆماسییەتە نهێنییەکەش، تا ئێستا هیچ بەرهەمێکی بەرچاوی بە دەستەوە نەداوە.

٦/٣/٤ لەناو کوردستاندا هەتا دێت ئیعتیرازی کرێکارانو زەحمەتکێشانو خاوەن داهاتە سنوور بۆدانراوەکان زیاتر دەبێتو حکومەتی

هەرێمو پەرلەمان لە ئاستی داواکارییە ئابوورییەکاندا دەستەوسانەو چارەسەرکردنێکی عەمەلی بۆ باری گرانیو برسێتی، نەبوونی ئاسایشو یاساشکێنیو بازاڕی رەشو کوشتو برو دزیکردنو ...هتد پێ نییە.

٧/٣/٤ پەیوەندی هەردوو حزبە دەسەڵاتدارەکەی پەرلەمان و حکومەت ،رۆژ لە دوای رۆژ بەرەو خراپی دەچێت. جەماوەری خەڵکی کوردستان بەردەوام دەستیان لەسەر دڵیانە کارەساتێکی گەورە لە ئەنجامی بە یەکادانی چاوەڕوانکراوی نێوان ئەو دوو حزبە روونەدات. ئەمە جگە لەوبێزارییە گشتییەی جەماوەر بەرامبەر بەیەکادانەکانی نێوان حزبەکان کەلەساڵی رابردوودا لە ناو شارەکان روویاندا .

ئەم خاڵانەو گەلێکی دیکەش واقیعی وەزعی سیاسی ئیمرۆی کوردستان پێک دەهێنن. لەبەر ئەوەجێی خۆیەتی پرسیارێکی گەورە بێتە پێشەوە: ئایا بەدیلی ئەم واقیعە چییە؟

دوو حزبە سەرەکییەکەی پەرلەمان و حکومەت پاش مشتو مرو رێککەوتنی ستراتیژی و پاشان ناکۆکییەکی زۆر بەو سەرەنجامە گەیشتوون، کەهەڵبژاردنی پەرلەمانێکی نوێ چارەسەری قەیرانی حوکم دەکات. دیارە بە هۆی سەنگی سیاسی ئەو دوو هێزە، دوا ئەنجام بەمە دەشکێتەوە؛ هەر چەندە پێش بینی ئەوە ناکرێت لە پێش تەواو بوونی ئەم دەورەیە و کاتی ئاسایی هەڵبژاردن لە ساڵی ١٩٩٥ دا هەڵبژاردن بکرێتەوە، چونکە دام ودەزگاکانی هەرێم ناتوانن بەکاری ئامادەکردنی هەڵبژاردن بەر لەو کاتە بە شێوەیەکی رێک وپێک وتەواو هەڵسن.

بێگومان هەڵبژاردن ململانێی سیاسی توندتر دەکاتەوە. مەسەلەی هاو پەیمانێتی هێزە سیاسیەکان بۆبردنەوەی هەڵبژاردن دێنێتە کایەوە. کێبەرکێی هەڵبژاردن لە نێوان باڵە جیاوازەکانی بزووتنەوەی سیاسیدا دەست پێدەکات. لەم هاو پەیمانێتیو ململانێ چینایەتییە سیاسییەدا هەڵوێستی راست بۆ چەپەکان ئەوەیە دوورە پەرێز نەوەستن وهەڵەی هەڵوێستی سەلبییان لە هەڵبژاردنی پێشوو دووپات نەکەنەوە؛ هەروەها حزبە سیاسییەکانی ناو بزوتنەوە فراوانە نەتەوایەتییەکەی کورد دەتوانن لەسەر بنچینەیەکی نوێ هاوپەیمانێتی بۆ هەڵبژاردن چاو پێدابخشێننەوەو لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا، بە پێی رادەی نزیکی بەرنامە سیاسییەکانو بوونی خاڵی ناوکۆیی و پێکەوە گونجاو مەسەلەی هاوپەیمانێتی و تێکۆشانی تاکتیکی لە گەڵ چەپەکان مۆر بکەن و بەهێزێکی مەزنترو رێکخراوترەوە بۆ مەیدانی هەڵبژاردن بچن. مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسی ودوا رۆژی حوکم لە کوردستاندا

نابێت بەدەم رەشەباوە بدرێتو کەم بایەخ سەیر بکرێت . یەکگرتن و هاوپەیمانێتی هەندێك باڵی رادیکال لە ناو بزافە نەتەوایەتییەکەدا لەگەڵ هێزە چەپەکان وپێکهێنانی بەرەیەکی چەپی فراوان کە چەپی ناسیۆنالیستی و چەپی سۆسیالیستی بۆ ئەم مەبەستە تاکتیکییە یەکبخات، کارێکي لە دواخستن نەهاتووە و، چ بۆ ئەو هێزانە خۆیان و چ بۆ دوارۆژی حوکمو چارە سەرکردنی کێشە ئاڵۆزەکان پێویستییەکی مێژووییە و نابێت لەدەست بدرێت. ئەم بەدیلە لە سنووری سیستەمەکەی ئێستادا رێگە لە هەرەس هێنان و داروخانی وەزعەکە دەگرێت. بەڵام ئەگەر بەدوای بەدیلێکی ڕاستەقینەو ریشەیی و پڕ بە پێستی واقیعەکە وگەورەیی وبایەخی کێشە سیاسیو ئابووری وکۆمەڵایەتییەکاندابگەڕێین، ئەوا جگە لە دەسەڵاتی راستەوخۆی جەماوەری گەلی کورد وحوکم کردنی خۆی لەلایەن خۆیەوە لە رێگەی دەسەڵاتی شورایی جەماوەرو کۆنگرێسی شورا جەماوەرییەکان لە سەرانسەری کوردستاندا، هیچ بە دیلێکی دیکە بۆ ئەم قۆناغە نییە .

**سلێمانی**
شوباتی ١٩٩٤

## پەراویزەکان

:((ماست و
(١) ئەو دروشمە زەقە بریتی بوو لەم بەیتە بێ سەروو بەرو واتا لەیەك ترازاوە
پەنیرو کەرە سەدام باشترە لە بەرە)).
سیاسی نییەو
(٢) مەبەست لە (ناحزبیو بێ لایەن) ئەوەیە، نوسەر سەر بەهیچ حزب ولایەنێکی
: دەنا ئەگەر
سەربەخۆ لە کار تێکردنی رێبازە حزبییەکان لێکۆلینەوەکەی پێشکەش دەکات
بەلایەنداری
حزبی بوونو لایەنداری بە واتای فراوانی پێناسە بکرێن، ئەوا نووسەر خۆی
سۆسیالیستیهەم
رێبازی سۆسیالیزمی زانستی دەزانێت و حزبە بەر فراوانەکەی کرێکارانی
جیهانەدا بۆخۆی هەڵبژاردووە.
ولاتێکی دیکەی
(٣) وەنەبێت رێبازی سێیەم لە کوردستاندا نەبێت، بەڵکو کوردستان وەك هەر
لە زەمینەی
جیهانی ئیسلامی، چەندین رێبازی سیاسی ئیسلامی تێدایە. بەلام لەبەر ئەوەی
بەدەر لە
سیاسیی رابردوودا جیۆرێیەکی سیاسییان نەبووەو کێشەی سیاسی لە کوردستاندا
لەسەر رەوتی
ئایینی جەماوەری کوردستان سەری هەڵداوەو بەردەوامە، هێشتا ئەم رێبازە
کردنی کێشە
خەباتی سیاسی خۆی نەسەپاندووەو بەرنامەی روونو ئاشکرای بۆچارەسەر
دوو رێبازە
نەتەوایەتیو کۆمەلایەتییەکان نییە، بۆیە ئەم رێبازە لە ململانێی سیاسی
بۆماوەیەکی
سەرەکییەکەدا، سەبارەت بە ناکۆکی بونیادییان لەگەڵ رێبازی سۆسیالیستی،
لەگەڵ ئەم
دیاریکراو بەلای رێبازی ناسیۆنالیستیدا دەشکێنەوە؛ ئەگەر چی ململانێیان
رێبازەشدا هەیەو تا رادەی شەری دەستەویەخە گەیشتووە.
یەکگرتنی
(٤) تەنها نزیکبوونەوەیەك روویداوە بە خالی ئیجابی بزووتنەوەکە بژمێردرێت
هێشتا ئەم
چەند رێکخراوێکی کۆمۆنیستییە لە حزبی کۆمۆنیزمی کرێکاری عێراقدا بەلام

هەواڵنامەی کتێب

حزبەش بە هۆی گەلێك هۆکاری ناوەکی و دەرەکییەوە نەیتوانیوە سەرجەمی بزوتنەوە چەپە سۆسیالیستییەکە لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە

(٥) لەبەر ئەوەی بەرەی کوردستانی وەك دەسەڵاتێکی رەسمی یەکگرتوو حوکمی کوردستان ناکات وتەنها دوو حزبی بەرە لە حوکمدان، تەنها ئاماژە بۆئەو ناکۆکییانە دەکەین کە لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی بەرەدا هەبوون و لەراگەیاندنی لایەنە جیاجیاکانی بەرەو ئۆپۆزیسیۆنی سۆسیالیستی ئەو کاتەدا رەنگیان دەدایەوە .

(٦) کۆمەڵێك لەو زیندانییانەی ئازاد کران سەر بە رێکخراوی ئاڵای شۆرش بوون. بە پێی زانیارییەکانی ئەم رێکخراوە لەو کاتەدا بریاری ئازاد بوونی زیندانییەکان پەیوەندی بە ئازاد کردنی ئەفسەرە دیلەکانەوە نەبوو، بەڵکو بریارێکی سەر بەخۆی رژێم بوو بۆ بەردانی زیندانییانی کوردو عەرەبیش. ئەم بریارە رژێم لە کۆتایی مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٩١ داجێبەجێی کرد .

## سەرچاوەکان*


(١) ئاگاداری سەبارەت بەهەڵوەشاندنەوەی شوراکان/ کۆمیتەی بەرەی کوردستانی پارێزگای سلێمانی ٢٠/٣/١٩٩١ .

(٢) راگەیاندنێك لە یادی یەك ساڵەی خرۆشانی جەماوەری مانگی ئازاردا( کۆمەڵەی رزگاری چینی کرێکارو یەکێتی خەباتی کۆمۆنیزمی کرێکاری) ناوەراستی ئازاری ١٩٩٢ .

(٣) بەیاننامەی ( حەلقەی ئەنتەر ناسیۆنالی کرێکاری) دەربارەی تەقاندنەوەی کتێبخانەی (راپەرین) لەسلێمانی ١٧ی ئەیلولی ١٩٩٢ .

(٤) مەحزەری کۆبوونەوەی هاوبەش لەنێوان نوێنەری وەزیری بەرگری ولیژنەی تەنسیقی ناوەندی ودکتۆر رۆژ نوری شاوەیس وجبار فرمان نوێنەرانی (پ د ك )و لەشکری یەکەمی یەکێتی نیشتمانی کوردستان/ ٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٩١ .


* بۆ ئەم نووسینە سوودم لە ئۆرگان وبڵاوکراوەی حزبەکانی بەرەی کوردستانی وحزب ورێکخراوو گرووپە چەپەکان وەرگرتووە. رۆژنامەو هەفتە نامەکانی : کوردستانی نوێ، برایەتی، ئاڵای ئازادی، رێگای کوردستان، رێگای ئازادی، بەرەی کوردستانی، سەربەخۆیی، بۆ ئەو زانیارییانەی دەربارەی سیاسەتی حزبەکانی بەرەی کوردستانی و بارو دۆخی کوردستان لە دوای راپەرینەوە نووسیومن، سەرچاوەن. لەبەر زۆری ژمارەی ئەو رۆژنامانە بەپێویستم نەزانی یەکە یەکە ژمارەیان و رۆژی دەرچوونیان بنووسم. دەربارەی رۆژنامەو بڵاو کراوەی چەپەکانیش تەنها ئەوانەم تۆمار کردووە کە راستەوخۆ لەبەر دەستمدا بوون وزانیاریم لێ وەرگرتوون. لەگەڵ ئەوەشدا زانیارییەکان بۆ گەلێك سەرچاوەی دیکەی چەپەکان دەگەرێنەوە کەکاتی خۆی خوێندوومنەتەوەو هێشتا لە یادم ماون ونێستا لە لام نین تا ناوو ژمارەو کاتی دەرچوونیان دەست نیشان بکەم. لەم رووەوە داوای لێبوردن دەکەمو هیوادارم لە دەرفەتێکی دیکەدا پەیدایان بکەمو ئەم کەلێنە پر بکەمەوە. (نووسەر)

(٥) دەربارەی دیاردەی (ئینفراد) لە ناو بەرەی کوردستانیدا . بەلاغی کۆتایی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان . عێراق . ٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٩١ .

(٦) وەلامی پرسیارێك لە هاوڕێ قادر عزیز دەربارەی خۆپیشاندان وئیعتیراز دژ بەبەرە لە مەندێ شارو شارۆچکەدا / ئالای ئازادی / ژمارە(٨) خولی دووەم / کۆتایی کانوونی یەکەمی ١٩٩١ .

(٧) بەیاننامەی (کرێکارانی ئەنتەر ناسیۆنالیست) دەربارەی بارو دۆخی ئەم دواییەی یەکێتی بێکاران /٢٩ / ١٠ / ١٩٩٣ .

(٨) یادداشتێك بۆ ئەندامانی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی لەلایەن (رۆشنبیرانی سلێمانی) یەوە / کانوونی یەکەمی ١٩٩١ .

(٩) دوو رووداوو کۆمەڵێك سەرەنجام/ بلاو کراوەی ( بەرەی هاوکاری بۆ رزگاری گەل) . ئابی ١٩٩١ .

(١٠) کێ ئافرەت دەکوژێ وخزمەتی کێی پێ دەکات / چاودێر / رێگای ئازادی / ئۆرگانی حیزبی سۆسیالیستی کوردستانی عێراق/ ژمارە (٧٠) سالی دەیەم / ئەیلوولی ١٩٩١ .

(١١) خوێن رشتن لە پێناوی چیدا ؟ ژیانی نوێ / ئۆرگانی (بەرەی هاوکاری بۆ رزگاری گەل) . ژمارە (٥) تشرینی یەکەمی ١٩٩١ .

(١٢) مانگرتن . . هەنگاوی سەرەتا لە قۆناغێکی نوێی خەباتی گەلەکەماندا / نووسینی گەرمیانی / رێگای کوردستان / ئۆرگانی هەرێمی کوردستان- حزبی شیوعی عێراق/ ژمارە (٩) سالی (٤٧) کۆتایی کانوونی یەکەمی ١٩٩١ .

(١٣) بەرەو حکومەتی هەرێم وهێرش بۆ سەر ئازادییە سیاسییەکان/ بڕیار جمال/ شۆڕشی کرێکاری ئۆرگانی یەکێتی کرێکارانی کۆمۆنیست ژمارە (٤) سالی یەکەم/ خولی یەکەم /نیسانی ١٩٩٢ .

(١٤) داخستنی رۆژنامەی ((ولات )) هێرشە بۆسەر ئازادی رۆژنامەگەری/ بۆپێشەوە/ ئۆرگانی کۆمیسیۆنی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق ژمارە (١) ٢١ی ئابی ١٩٩٣ .

(١٥) گۆڤاری (پرۆلیتاری) ئۆرگانی رێکخراوی رەوتی کۆمۆنیست ژمارە (٦) تەمموزی ١٩٩١ .

(١٦) ئالای شۆڕش . ئۆرگانی ناوەندی رێکخراوی ئالای شورش/ ژمارەکانی (٨، ٩) ئەیلوول وتشرینی یەکەمی ١٩٩١ ، ژمارە (١٠) تشرینی دووەمی ١٩٩١ ، ژمارە (١١، ١٢) کانوونی یەکەمی ١٩٩١ و کانوونی دووەمی ١٩٩٢ .

(١٧) رێبازی کارگەر/ ئۆرگانی کۆمەڵەی خەباتی سوور/ ژمارە (١) خولی یەکەم/ کانوونی یەکەمی ١٩٩١ .

(١٨) بەرەی کوردستانی/ ئۆرگانی ناوەندی بەرەی کوردستانی/ ژمارە (٥) خولی دووەم/ سالی چوارەم/ کانوونی یەکەمی ١٩٩١ .

(١٩) ژیانی نوێ ژمارە (١) کانوونی دووەمی ١٩٩٢ ، ژمارە (٢) شوباتی ١٩٩٢ .

(٢٠) شوورا/ ئۆرگانی لایەنگرانی دەسەلاتی جەماوەر ژمارە (١) شوباتی ١٩٩٢ .

(٢١) بلێسە ژمارە (٢)خولی (١) مارتی ١٩٩٢ .

(٢٢) بەرنامەی کاری بەرەی کوردستانی/ بەرەی کوردستانی/ ژمارە (٣) تشرینی دووەمی ١٩٩١ .

( ٢٣ ) بۆ پێشەوە ژمارە( ١٢ ) تشرینی دووەمی ١٩٩٢ ، ژمارە ( ٢ ) ٣٠ـی ئەیلوولی ١٩٩٢ .

( ٢٤ ) پەیامی کرێکار ژمارە ( ١١ ) ساڵی دووەم ئەیلوولی ١٩٩٢ .

( ٢٥ ) چەند سەرنجێکی رەخنەگرانە - بەشی دووەم لە بڵاوکراوەی ناسیۆنالیزم لە ترازیدیای کورد. ئەکرەم رەشید - ناوەراستی ئەیلوولی ١٩٩١ .

( ٢٦ ) حوکمی بەرەی کوردستانی یان دەسەڵاتی دیموکراسی - مەلا بەختیار - لە بڵاوکراوەکانی رێکخراوی ئاڵای شۆرش - کانوونی یەکەمی ١٩٩١ .

( ٢٧ ) راپەرین و کارکردەکانی - کاوە - لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی خەباتی سوور - تشرینی یەکەمی ١٩٩١ .

( ٢٨ ) دەربارەی جەنگی عێراق وئێران - لە بڵاوکراوەکانی گرووپی کۆمۆنیستی ئینتەرناسیۆنالیست - نیسانی ١٩٨٨ .

( ٢٩ ) بژی راپەرینی چەکدارانە - لە بڵاوکراوەکانی گرووپی کۆمۆنیستی ئینتەرناسیۆنالیست - ئابی ١٩٩١ .

( ٣٠ ) ئەنجومەنی نیشتمانی سیاسەتێکی بۆرژوا - ئیمپریالیستی و دژی کرێکارییە - سامان کەریم - لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ( سەرنجی کرێکار ) نیسانی ١٩٩٢ .

( ٣١ ) پرۆژەی بەرنامەی حکومەتی شوورایی - پەسەندکراوی کۆبوونەوەی نوێنەرانی شوراکان لە ١٩٩١.٣.٢٢ دا - لە بڵاوکراوەکانی ( بزوتنەوەی لایەنگرانی شووراکان ) .

# وێنە راستگۆکان
# یان سەرمایەداریی بەبێ رووبۆش*

دوارۆژ

**زاهیر باهیر**

(( .....بەڕای من ئەو خەڵکەی لێرەوە ئەگەڕێنەوەو وەك بەهەشت باسی لێوە ئەکەنو واقیعی شتەکان باس ناکەن دوو هۆی هەیە : یەکەمیان فیزلیدانپە جا چ وەکوو شاردنەوەی ڕاستییەکان بێت یان ناساندنی ڕواڵەتە باشەکان. هەڵبەتە ئەمانە خۆیان پشتگیریکەرێکی سیستەمەکەن گەرچی رەنگە هەندێکیان لە ناخدا خۆیان بەدژواری سیستەمەکەش دابنێن ؛ دووەمیان کەسانی تازە گەیشتوو بەم وڵاتەن کە هەتا دوو ساڵی یەکەم جێگای لۆمە نین چونکە هێشتا تازەنو بە حوکمی نەزانینی زمانو چاوو گوێ نەکردنەوەیانو ئاشنا نەبوونیان بە سیستەمی ئێرە، جا ئایا سیستەمی ئابووری بێ یان یاسایی یان ڕۆشنبیری یان هەر شتێکی تر، ئەمە جگە لەوەی زۆربەیەك لەوانە نیشنەکەرانو لەسای سێبەردا سەرمایەیەکیان بەدەستەوەیەو بە حوکمی ئەوە هەر رووکەش ئەبینن‌و تێکەڵی بنەوەی ئەم کۆمەڵە نەبوون، ئەگینا ئەوانەی باسی ئێرە وەك بەهەشت بکەن یان خۆیان گێل ئەکەن یان بەڕاستی گێلنو بەگێلی ئەژین، بۆیە با کەمێك واقیعی ژیانی ئێرەت بۆ باس بکەم.

* ئێمە ناونیشانی ئەم وتارەمان دارشتووە. ئەم وتارە چەند بەشێکی دوو نامەی کاك زاهیرن کە بۆ سکرتێری نووسینی ناردوون. هاوڕێی ناوبراو یەکێکە لەو پەنابەرانەی بۆدەساڵێك دەچێ لە بەریتانیا دەژیو لەوێ ژیان بە کرێکاری دەگوزەرێنێت. لەبەر گرنگی ئەو زانیارییانەی لە نامەکانیدا هاتوون بە پێویستمان زانی، پاش پرسو ڕابەطۆی، پێشکەش بە خوێنەرانی هێژای بکەین. بۆ ئەم مەبەستەش دەقی ئەو بەشانەی هەردوو نامەکەمان ڕێکخستووەو وەکوو خۆیان نووسیومانەتەوەو تەنها هەندێ وشەمان گۆڕیوە تا تێگەیشتنیان بۆ خوێنەران ئاسانتر بێت. [دوارۆژ].

+ بەپێی ئەم بارودۆخە مەوجودەی لە ئازادا هەیە کەس پێشبینی ئەوە ناکات بەیانی لە ئیمڕۆ باشتر بێت. هەموو ڕۆژێ دەوڵەت، بۆ زیاتر کەلەپچەکردنی نەقابە، یاسایەکی نوێ دەرئەکات. یەکێك لەو کارانەی دژی کرێکارانو نەقابە کردوویانە مەسەلەی ئەمێلانی مافی مانگرتنی کوتوپڕو ڕاکێشانی نەقابەیە بۆ دادگاو زیاتر سەپاندنی گوشارو داواکردن لە بەڕێوەبەرایەتی کارە تا ئابونەی کرێکاران نەبڕێتو بە نەقابەی بدات. لەمەو پێش یەکسەر ئابونە لە کرێ ئەشکاو بۆ نەقابە ئەچوو، بەڵام ئێستا ئەیانەوێت کرێکار فۆرم پڕبکاتەوەو داوا لە بەڕێوەبەرایەتی بکات ڕێی لێئەگرێو لە لیستی پارەکەی ئابونە ببڕیو بۆ نەقابەی بنێرێ. دەوڵەت بەمە ئەیەوێت لەدەوری نەقابە کەم بکاتەوە چونکە زۆر کەس فۆرم پڕ ناکەنەوەو هەندێکیش بۆ بیانوویەك ئەگەڕێن بەتایبەتی ئەو مەیلە زۆر باوە کە ئەڵێن: نەقابە هیچ ناکاتو کرێکاران ئەفرۆشێ. ئەمەش بۆ خۆی ڕاستینیەکی تیایە، لە زۆر مانگرتندا نەقابە نەك هەر دەوری نەشیش بسوتێو نەکەبابی نەبووە بەڵکو لەزۆربەیدا دژی مانگرتن بووەوُ داوای لە کرێکارانی مانگرتوو کردووە مەرجەکانی بەڕێوە بەرایەتی قبووڵ بکەن.

ئەمە ڕاستە وەهایە، بەڵام خۆ نەقابە کێیە؟ نەقابە منو تۆو ئەو...هتد، گەر ئەم خەڵکە ڕاست بکەن ئەو کۆمەڵەی لە پشتی مێزەوەنو فەرمان دەرئەکەنو لەگەڵ ئیدارەدا پەیوەندییەکی پتەویان هەیە، زۆر بە ئاسانی تێهەڵەدرێنو دەر ئەکرێن. دوای ئەمەش کێ ئەوانی هەڵبژاردووە؟ بەداخەوەم ئەگەر بڵێم زۆربەی کرێکاران بە چاوو ڕاوی دەوڵەتو نەقابە هەڵخەڵەتاونو لێرە مەیلی ئەوەیان هەیە دەنگ بۆ خەڵکی چەپو سۆشیالیست نەدەن. من بە تاقیکردنەوەی خۆم ئەوەم بۆ ئیسپات بووە، بگرە هەتا لە گیروگرفتماندا لەگەڵ ئیدارە، کاتێ کۆبوونەوە ئەکەینو پاش مشتومڕ پێشنیار پێشکەش ئەکەین تا دەنگی لەسەر بدرێ، ئێمە کەمایەتی دەرئەچینو تائێستا یەکجار کرێکاران پێشنیارەکانی ئێمەیان بەدڵ بوو قبووڵیان کرد. بۆ نموونە چەند مانگێك لەمەوبەر ئیدارە ئەوەی بەسەردا سەپاندین کە لەمانگی نیسانەوە (٧٥٠) پاوەنمان لێئەبڕێ یان ئەبێ قبووڵی هەندێ مەرجی قورس بکەین وەك زیاتر ئیشکردنو زۆرکردنی ئیشو شیددەتی ئیشو گواستنەوەمان لە بەشێکەوە بۆ بەشێکی ترو وەرگرتنی کرێکاری تازە بە مەهارەیەکی کەمتر لە ئێمە. بۆ ئەم مەبەستە سێ کۆبوونەوەمان کرد. ژمارەمان (١٢٠) کرێکار بوو. پاش مشتومڕ ڕامان گۆڕییەوە بۆ ئەوەی مەرجەکانی ئیدارە قبووڵ ئەکەینو

گەر نیسان هاتو ئیدارە پارەکەی کەمکردەوە مانگرتنی نامەحدود بکەین هەتا ئیدارە چۆک دائەدا. هەندێک پێشنیاری وتوویژ (مفاوضە) یان کرد، هەندێکی تر تەرحی ئەوەیان کرد داوا لەئیدارە بکەین مەرجەکان زیاتر روون بکاتەوە. کە پێشنیارەکان کەوتە دەنگەوە (٩٩) کرێکار دەنگیان بۆ دوو پێشنیاریان دا، (٧٢) یان بۆ وتوویژو ئێمە (٢٧) کەس ماینەوە لەگەڵ پێشنیاری مانگرتندا. وتوویژ دەست پێکرا. ئەنجام پارەکە هاتە سەر (٢٥٠) پاوەن بەڵام مەرجەکانی ئیدارە هەروەکوو خۆیان مانەوە، کە بۆ ئەمەش کۆبوونەوەمان کرد زۆر بە پەسەندی کرد.

+ دەربارەی هێرشی حکومەتیش بۆ سەر هەموان، ئەوا لە مانگی نیسانەوە تەکس (باج) زیاد ئەبێت. لێرە باج سەر لیستی کارەباو گاز، کە ئامار (احصاء)یکی وردی بۆ کراوە، دەخرێت. خێزانێکی ئاسایی بەم پێیە داهاتەکەی لە هەفتەیەکدا (١٥) پاوەن دێتە خوارەوە! ئەمە بێ لەوەی کە خۆی (١٠%)ی ئاستی ژیان دابەزیوە بە هۆی گرانبوونی نرخی شتومەکو چوونە سەرەوەی کرێی هاتوچۆو، تەلەفۆنو، پوولی کاغەزو، گرانبوونی شوێنە تەرفیهییەکانی وەک مەسبەحو یانەی یاریکردنو هەندێ لە باخچەکانو...هتد ئەمە جگە لەکرێی خانوو کە زۆر چووەتە سەرەوە.

ئەم دەوڵەتانە لەسەر داهاتی باج بەندن. هەموو شتێ،واتە قوتابخانە، نەخۆشخانە، یانەکان، کەرتی هاتوچۆ، کۆمەڵە خێرخوازەکان، پارەی کاربەدەستە دەوڵەتییەکان، کۆمپانیە تایبەتییەکان، دانیرەی خانوو بەرەو هەموو کارگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان...هتد، هەتا بودجەی هێزەکانیان کە بۆ شەڕ لە وڵاتانی تر ئەینێرن، هەر لە پوولێکەوە بۆ زیاتر لە پارەی باج دەرئەچێ. لێرە باج نزیکەی (١/٣)ی مووچە ئەباتو هەموو کەسێکیش ئەبێ باج بدات.

+ لێرەدا ئەمەوێت بچمە ئەو باسەوە کە چۆن ئەم سیستەمە ناکۆکە بە وجوودی خۆی هەروەکوو چۆن ناکۆکە بە وجوودی کرێکاران. ئەم سیستەمە خەڵک بێ ئیش ئەکات. نیسبەتی بەتاڵە بەرەسمی (٣) ملیۆنو نارەسمی خۆی لە (٤) ملیۆن ئەدات. دەوڵەت بۆ ئەوەی کەمی بێکاری نیشان بدات زۆر فروفێڵ ئەکات. بەدەرکردنی خەڵکی لەسەر ئیشو زیادکردنی باجو راگرتنی کرێ وەک خۆیو بەرزبوونەوەی نرخی کەلوپەل...هتد، توانای کڕین (القدرە

الشرائیه)ی خەڵکی کەم ئەبێتەوە، بەمەش کالاً وەکوو خۆی ئەمێنێتەوەو نافرۆشرێ، سەرەنجام ئەبێ ئەم کارگەو ئەو کەرت دابخرێو جارێکی تر ژمارەی کرێکاران کەم ئەکرێتەوە. بەمانایەکی تر مەسەلەی دەرکردنو کەمکردنەوە کرێکاران وەکوو مەسەلەی قالۆنچە رەشەکان وایە کە ئەچنە کونەوە یەکێکی تر بەدوای خۆیاندا ئەهێنن. هەر بەو شێوەیەش دەرکردنی هەر کرێکارێك کرێکارێکی تر بەدوای خۆیدا ئەهێنێ. لەلایەکی تریشەوە داخستنی قوتابخانەکان یان نەخۆشخانەکان یان دائیرە حکوومەتییەکان مانای بێکارکردنی کۆمەڵێکی تر لەگەڵ کرێکارەکاندا ئەگەیەنێت.

دەرکراوەکان هەموو ئەگەڕێنەوە بۆ دائیرەی بێکاری. میزانییەی دائیرەی بێکاریش بە شێکە لە میزانییەی گشتی، کە بۆ بێکاری، چارەسەری خۆڕایی لە نەخۆشخانەکاندا، فەحسی چاوو، دانسازیو، وەرگرتنی دەرمانو، خانەنشینەکان، ئافرەتی سکپڕو منداڵی خوار (١٦) ساڵی خەرج ئەکرێت. هەروەها میزانییە بۆ بەڕێوەبردنی دائیرە حکوومەتیەکانی وەك خانووبەرەو هاتوچۆو ئاودێریو ژینگە (بیئە)...هتد خەرج ئەکرێت. ئەم پارانە هەمووی لە بودجە (میزانیە)ی گشتی دەرئەچێتو ئەم بودجەیەش لە گیرفانی باج دەرئەچێ. کەواتە کە خەڵکی بێ ئیش ئەبێت مەسەلەکە هەر ئەوە نییە کە ئەچێتەوە سەر دائیرەی بێکاریو بیمەی بێکاریو کرێی خانوو وەرئەگرێ بەڵکو خۆشی وەکوو فەردێك کە باج ئەدا، نەدانی ئەم باجە لەو پارەیەی بودجەی گشتی ئەهێنێتە خوارەوە. جا لەو حاڵەتەدا یان ئەبێ دەوڵەت جارێکی تر هێرش بکاتەوە سەر خەڵك بەکەمکردنەوەی بیمەی بێکاریو خانووبەرە یان بە بڕینی چارەسەرکردنی خۆڕاییو وەرگرتنی دەرمانو خواردنو گەشتی قوتابیانو (منحە)ی زانکۆو...هتد، یان ئەبێ قەرزبکات، بۆیە ناتوانێت وەکوو جاران بەردەوام بێت. دەوڵەت قەرزیش ناکات چونکە ناتوانێت قەرز بداتەوەو (رصید)ی دێتە خوارەوە، یان ئەبێت هەندێك ئیجرائاتی تر بکات وەك کەمکردنەوەی بودجەی عەسکەریو ئەتۆمیو داخستنی بنکە عەسکەرییەکانیان لە وڵاتانی کەو دەستێوەرئەدانی لە ئیشوکاری وڵاتانو جەنگ هەڵئەگیرساندن، واتە دەستبەردار بوونی هەیمەنەی خۆی کە ئەمەش موستەحیلەو نایکات؛ یان ئەبێ پارەی زیاتر لە دەوڵەمەندەکان بستێنێو سەر بودجەی گشتی بخات کە ئەمەشیان هەر نابێت، کەواتە ئەم بنچینەیەیە کە ساڵ بەساڵ رێژەی بێکاری زیاتر ئەبێو باری ژیانی خەڵکیش خراپتر ئەبێت. مەسەلەکە ئاوەهایە بۆیە لەسەرەتادا وتم بەیانی لە ئیمرۆ باشتر نابێ.

+ ئەم حکوومەتە ئەوەندە بێ ئابڕووە ئەڵێت: بڕینی ئەزمەکە لە سارێژبوونەوەدایەو ڕوو لە باشین، لە کاتێکدا بە پێچەوانەوە ڕۆژ بە ڕۆژ توانای کڕین کەم ئەبێتەوەو کالاش لە جێی خۆی ئەمێنێتەوە. ئیتر چۆن ئەزمەکە ئەڕەوێتەوەو بە چی؟

ئایا ئەم وەزعە هەروا ئەمێنێتەوە؟ باوەڕ ناکەم ئەگەرچی حەرەکەتەکە زۆر خاوەو جاری وا هەیە نییە بەڵام زۆر ئومێدم پێیەتی‌و هەر ئەبێ گۆڕان بێ‌و دڵنیاشم هەر ئەبێ، بەڵام کەی‌و لە چ خاڵێکەوە دەست پێ ئەکات‌و لە کوێوەو لەکام وڵاتی ئەورووپا ئەتەقێتەوە نازانم!

ئەم سیستەمە هیچ شتێ ناگرێتە خۆی بۆ نموونە زیادبوونی بێکاری، مەسەلەی تاوانکردن، مەسەلەی ڕاکردنی قوتابی لە قوتابخانەو زۆر شتی تر. بڕوا ئەکەیت زیاتر لەدەجار ئامار کراوە لەسەر پەیوەندی ڕاستەوخۆ لە بەینی تاوان‌و بێکاریدا. لە ساڵی ١٩٩٢ دا دوو ملیۆن‌و نیو تاوان لە بەریتانیادا بە پێی ڕاپۆرتی پۆلیس کراوە؛ خۆشی زیاتر لە سێ ملیۆن ئەبێت بەڵام خەڵکی بێتاقەت بوون‌و لە ڕاپۆرتدان بە پۆلیس بێزار بوون. یان واز هێنانی قوتابی لە قوتابخانە پەیوەندییەکی گەورەی بەوەزعی ئابوورییەوە هەیە بەهۆی ئەوەی ڕێژەی مامۆستا کەم ئەکەنەوە یان پارەیان لێئەبڕن یان پارەی هەقی کرێی پاس بۆ هاتوچۆی قوتابی ئەبڕن، خواردنی خۆڕایی لە قوتابخانە هەڵگیراوە، کەلوپەل‌و جلوبەرگی قوتابخانە ئەبێ پارەی بۆ بدرێ. لەولاشەوە بە حوکمی قورسبوونی وەزعی ئابووری، لەسەر ژیانی ژن‌و مێرد عەکس بۆتەوەو ئەنجامی ئەمەش نیسبەتی تەڵاق‌و جیابوونەوە لەبرەودایەو کاری دەروونی سەر منداڵانی قوتابی کردووە.

ئەمانە ڕەگی مەسەلەکەن کەچی ئەم حکوومەتە ئەوەندە بێ شەرمە بۆ هەموو ئەم شتانە لۆمەی خەڵک ئەکات‌و ئەڵێن: خەڵک بێکارە هۆیەکە خۆیەتی،خۆی تەمبەڵ‌و تەوەزەل‌و ئیشنەکەرە ئەگینا ئیش زۆرە؛ قوتابی لە قوتابخانە ڕائەکات دایک‌و باوک بەرپرسیارن؛ خێزان هەڵئەوەشێتەوە چونکە خەڵک ئەخلاقی کەمبۆتەوە. ئا ئەمەیە بیانووەکانیان. لەم ماوەیەدا بڕیاریان دا دەسەڵات بەدەستی پۆلیس‌و فەرمانبەری قوتابخانەکان بدەن تا بە زۆر قوتابی بۆ قوتابخانە بەرنەوە، هەروەها دایک‌و باوک بۆ بەردادگا ببرێن‌و سزایان

بدرێ، بۆجێبەجێ کردنی ئەمەش پێشدەست (١٤٠) ملیۆن پاوەن تەرخانکرا. ئەگەر ئەم پارەیە لە قوتابخانەکاندا خەرج بکەن زۆر لە ژیانی قوتابی ئەگۆڕێ بەڵام دەوڵەت لە کلکەوە لغاوی مەسەلەکان ئەکاتو ریشەکەی ناگرێو فەرد لەکۆمەڵ جیا ئەکاتەوە. لە ڕاستیشدا بە هوشیاری تەواوەوە وەها ئەکەن، وانەبێ خۆیان تاوانبارنو ئەو کاتەش ئەبێ بڵێن ئێمە توانای ئیدارەی دەوڵەتمان نییەو ئەو شوێنە چۆڵ بکەن. تۆ (تصور) ئەکەیت بە پێی ڕاپۆرتی دەوڵەت خۆی یەک ملیۆنو سێ سەدو بیست هەزار کەس لەسەرەی ئەخۆشخانەکاندان! (تصور) ئەکەیت چارەسەرکردنی دەوڵەت بۆ مەسەلەی زیاد بوونی تاوان زیانکردنی ژمارەی بەندیخانەکان بووە! لە کۆنفرانسی پاریاندا بڕیای دروستکردنی (٥) بەندیخانەی تازەیاندا کە هەر بەندیخانەی (٦٥) ملیون پاوەنی تێئەچێ کە لە حەقیقەتدا بە هەمووی نزیکەی (٢٨٥) ملیۆن پاوەنی ئەوێت. خۆ ئەگەر ئەم پارەیە لەمەسەلەی دۆزینەوی ئیشو کردنەوەی مەڵبەندی ڕاهێنانی کارو باشکردنی قوتابخانەکاندا لە هەموو ڕوویەکەوە خەرج بکەن بێ هیچ گومانێك ژمارەی تاوان دائەبەزێت. حکومەت خۆی ئەزانێ ئەمە چارەسەر نییە چونکە ئامار (احصائیە)ی مانگی کانوونی دووەمی ١٩٩٤ پیشانیدا کە لەسەرەتای ئەمساڵەوە تاوانکردن بە ڕێژەی (٥%) زیادی کردووە، واتە ئەگەر ڕێژەی بەندیخانەکان (٢٠%) زیاد بکەن ئینجا ئەتوانن فریای (١%)ی تاوانەکان بکەون. ئەمە جگە لەوەی موشکیلەکە بەوەش تەواو نابێت چونکە ئەو خەڵکەی ئەیگرن هەر لەیەکەم هەنگاوەوە تا دادگا تا بەندکردن لەبەندیخانەو دواتر (استئناف) کردنەوە خەرجییەکی زۆر ئەبێت بۆ دەوڵەت. بەندیخانەکانی ئێرە پڕ بوونو جێگای تیا نەماوە، هەر ئێستا (٤٤٨) هەزار بەند هەیە. لەئەمریکا ملیۆنێکەو لەناو دەوڵەتانی ئەوروپا تەنها تورکیا لە بەریتانیا زیاتری هەیە. لەبەر ئەوە بڕیاریان داوە لێخۆشبوون (عفو) بۆ ئەوانەی موشکیلەکەیان بچووکە دەربکەن، داواش لە پۆلیس کراوە چاو لە شتی بچووك بپۆشن وەکوو دزی بچووکو ڕووتکردنەوەی سەرجادەو شکاندنی ئۆتۆمۆبیلو ...هتد.

+ ئەو شتانەی سەرەوە تەنها مەعلووماتێکی سادەیەو دەربارەی ئەم وڵاتەو چۆنیەتی سیستەمەکەی کە چۆن ئیش ئەکات. لەم وڵاتەدا هەرچی دیموکراتییەت هەبێ نییە. ڕاستە خەڵك لێرە ئەتوانێ قسە بکات، ڕۆژنامە دەربکات، ڕێکخراو دروست بکات، بەڵام کاشکێ ئەوانە نەبوونایە چونکە بوونیان وای کردووە صەدایەکی گەورەیان بۆ دروست بکات. باشە ئەگەر

دیموکراتییەتو مافی مرۆڤ هەیە بۆچی ئەمانە وەهایە؟ بۆچی تەنانەت وەزیرەکان خۆشیان رەقابەی تەلەفۆنیان لەسەرە؟ ئەو کەسەی زۆر چالاك بێت لە ئەقابەدا یان لە حیزبێکی چەپدا ئیهانە ئەکرێتو لە ئیش دەرئەکرێت. ئەوە خەڵکی رەشو بێگانە بە پەناهەندەییشیانەوە ئەچەوسێنرێنەوەو ئیشیان زۆر بە گران دەست ئەکەوێت. رەنگە ئاگاداریش بن لە هێرشی فاشیو نازییەت بۆ سەر خەڵکی رەشو بێگانە. خەڵکی سەر بە جەیشی رزگاری ئیرلەندەی باکوور کە ئەگیرێن، کەسو کاریشیان ئەگیرێن. کۆمەڵێك لەمانە لە ساڵی ١٩٧٥ دا گیرا بوون پارەکە بێ تاوان دەرچوونو بەرەڵڵا کران. باوکی یەکێکیان کە گیرابوو لە بەندیخانەدا مردبوو.

لێرە بەسەدەها کەس ئەگیرێنو لە ژێر زەختدا ئیعترافی درۆیان پێئەکەنو حوکمیان ئەدەنو پاش (٥) ساڵ زیاتر یان (١٠) ساڵ کە (استئناف) ئەکرێ بە بێ تاوان دەرئەچن.

ئەگەر هەقی مرۆڤ هەیەلەم وڵاتەدا بۆچی کرێکارێك (٣٠) ساڵ ئیش ئەکات دوایی خانە نشین ئەکرێ یەك تۆز لە پارەی بێکاری زیاتر وەرئەگرێ. باشە ئەم مرۆڤە مافی ئەوەی نییە کە پاش (٣٠) ساڵ ئیشکردن مووچەیەکی وەهای هەبێت موحتاج نەبێ؟

ئێستا لە (لەندەن) زیاتر لە (١٠٠) هەزار کەس لا ئەوازەن. باشە ئەم خەڵکانە مافی ئەوەیان نییە خانوویەکی شارەوانییان بە کرێیەکی کەم پێبدرێت. گەر مافی مرۆڤ هەیە بۆچی ئەبێت ملیۆنێكو سێ سەدو بیست هەزار کەس لە لیستی چاوەڕوانی نەخۆشخانەدا بنو هەندێکیان پاش تێپەڕبوونی دووساڵ بەسەر مردنیاندا کارتی سەرەکەیان بۆ ئەنێررێت. ئەم خەڵکانە ساڵەهایەکی زۆر رەنجیان داوە قازانج (ربح) یان دروست کردووە بۆچی پێش ئەوەی بمرن چارەسەریان نەبێ؟ ئەوەیە حەقیقەتی ئەم سیستەمە کە وەکوو لە پێشەوە وتم ناکۆکە بە وجوودی خۆیو ناکۆکە بە وجوودی کرێکاران.

+ لە راستیدا هەتا نەکەوێتە ئیشکردنەوە ناتوانیت لە زۆر شت بگەیت وەکوو مەسەلەی رەگەز پەرستیو دژایەتی کرێکارانی بیانیو رەشپێست، هەروەها باجو جیاوازی نێوان کاری تەواووکاری بە پارچە (فوول تایمو پارت

تایم)، ئەمە جگە لە جیاوازی نێوانی ژنو پیاو لە ڕووی مامەڵەو کرێ وەرگرتنەوە.

ئیش لێرە پشتی پیاو ئەشکێنێ تەنانەت بواری ئەوەت نادا نامەیەکی باش بنووسی گەر لە خۆت نەبڕێی. ئەگەر ئیشیش نەکەیت ئەوە ئازێتو وەڕس ئەبیت. ئەمە جگە لەوەی پارەت نابێت سەری برادەرێکیشت بدەیت تا کەمێک دەردو مەینەتییەکانی خۆتی بۆ هەڵبڕێژیت.

+ حکوومەت لە ئەزمەیەکی گەورەدایە. ئەم ئەزمە ئابوورییە لە سیاسەتو شێوەی مامەڵەکردنیان لەگەڵ خەڵکیدا ڕەنگدەداتەوە. لە ڕیسواییەکەوە بۆ ڕیسواییەکی ترو پەیتا پەیتا درۆو دەلەسە لایەنێکی زەقی سیاسەتە. سیاسەتی درۆو دەلەسە پارتی پارێزگاران (حزب المحافظین)ی لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ دا سەرخست. ئەوان بە ڵێنی کەمکردنەوەی باجو ڕەواندنەوەی ئەزمەو بووژاندنەوەی کۆمەڵگاو دروستکردنی قوتابخانەو نەخۆشخانەو ئاوەدانکردنەوەی خانووەکانی شارەوانیو چارەسەرکردنی کێشەی بێلانەییو خانوو بەرەیان بە خەڵکی ئەدا، ئاکامیش ئێستا بە چاو ئەبینرێت هەموو ئەو بەڵێنانە درۆ دەرچوون. ئەم مانگە (نیسان ١٩٩٤) باجیان زیاد کرد. باجیان لەسەر گازو کارەباو سووتەمەنی دانا. پارەدارەکان کە ئامارییان تا ئێستا گەیشتۆتە (٤٥٠) هەزار کەس بەر لە جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارە، لە مانگی مارتدا پارەی ساڵێکی کارەباو گازو سووتەمەنییان بە نرخەکۆنەکەی دا. ئەوانەی ئەبێت بە پێی نرخی نوێ پارە بدەن خەڵکە بێ پارەکەیە. گەنجینەی دەوڵەت لەمە زیانێکی زۆر ئەکات بەڵام بە زیاد کردنی باج لە چەندین بواری تردا ئەو کەمبوونەوەیەی داهاتی گەنجینە لەسەر حیسابی گیرفانی خەڵکی نەدار پڕ ئەکەنەوە. بۆ نموونە سووی سلفەی خانووکڕین بەرز ئەبێتەوە. ئەو خەڵکەی کە پارەیان لە بانکەکاندا داناوەو پێی ئەڵێن بیمەی خانووکردن (بیولدین سۆسایەتی) و بە نیازی قازانج کردن دایانناوە، بەڵام ئەمان ڕێژەی سوودەکەی کەم ئەکەنەوە. ئەمە جگە لەوەی داهاتی ئەمساڵی بە تێکڕایی (١٥) پاوەن لە هەفتەیەکدا هێناوەتە خوارەوەو هەر ئێستا لەچاو پاردا باجی کرێی خانووو هاتوچۆو خواردەمەنیو خواردنەوەو بەکارهێنانی شوێنەکانی کات بەسەربردن چووەتە سەرەوە.

+ فەزیحەیەکی تری سەردەمی تاچەر لەم ماوەیەدا دەرکەوتو بەفەزیحەی

(مالیزیا) ناوی دەرکرد. بەریتانیا لەو سەردەمەدا ڕێکەوتننامەیەکی لەگەڵ مالیزیادا بۆ یارمەتیدانی مالیزیا بەمەبلەغی (٢٣٧) ملیۆن پاوەن مۆر کردووە تا بەندێک (سدە) دروست بکات. بەڵام دەرکەوت کە لە پشت ئەم یارمەتیدانەوە (صفقە)یەکی سەربازی لە نێوان بەریتانیاو مالیزیادا هەیە کە یەك (بلیون) پاوەنە، لە کاتێکدا کارێکی وەها بە پێی دەستووری بەریتانیا نەشیاوە. ئەمە شەڕو هەرایەکی گەورەی لە نێوان بەریتانیاو مالیزیا دروست کردووەو کێشەکە بەردەمی دادگا خراوەو هەر لەسەرۆکی وەزیرانەوە تا وەزیرو گەورە لێپرسراوانی تر بۆ بەر دادگا بۆ لێکۆڵینەوە ڕاپێچ ئەکرێن.

لێرە سیاسەتێك هەیە پێی ئەڵێن: گەڕانەوە بۆ بنچینەکان (باك تو بەیسك). ئەیانەوێت ئەم سیاسەتە پەیڕەو بکەن لە پەروەردەو ڕۆشنبیریدا. بایەخدان بە بەریتانیا و ڕافە (شرح) کردنی بۆ قوتابیان وەك باشترین و گەورەترین دەوڵەت، گرنگیدان بەدەوری خێزان لە کومەڵداو تۆمەتی بێ ڕەوشتی دانەپاڵ ئەو ژن و پیاوانەی لە ڕێی تەلاقو جیابوونەوەوە خێزان تێکئەدەن، گەڕانەوە بۆ ئاین و کەنیسە، بەربەرەکانی کردنی دزی و پیاوکوشتن و تاڵانکردن لە ڕێی زیادکردنی ژمارەی ئەو پۆلیسانەی لەسەر جادەن، هەروەها بیناکردنی ژمارەیەکی تر بەندیخانەو هەوڵدان بۆ گێڕانەوەی سزای لە سێدارەدان (ئیعدام) کە زیاتر لە (٣٠) ساڵە هەڵگیراوە...ئەمانە ناوەڕۆکی سیاسەتی گەڕانەوە بۆ بنچینەکان پێکئەهێنن.

بۆ چاوگێڕانەوە بە سزای لە سێدارەدان، لە پەرلەماندا مشتومڕی لەسەرکرا. بەڵام پێشنیارەکە بە زۆربەی دەنگ ڕەتکرایەوە. ئەم مەسەلەیە هێشتا زیندووەو لایەنگرانی ناوبەناو دەیخەنە دەنگەوە. لە ڕاستیشدا زۆربە لایەنگری لە سێدارەدانن. بیانووی هەندێك لەوانەی ڕەتینەکەنەوە ئەوەیە کە ئەڵێن: بەدەگمەن ڕێك ئەکەوێت تاوانبار بگیرێت، زۆربەی ئەوانەی لە ڕابردوودا گیراون پاش دە ساڵو هەندێك دوای (٢٠) ساڵ بێ تاوانییان دەرکەوتووە. بۆ نموونە هەندێك لەوانە ئیرلەندی بوون کە دوای (١٦) ساڵ بویان دەرکەوت کە تاوانیان نییەو بە ناڕەوا ئەو هەموو ساڵە گیراون.

ئەم سیاسەتی (گەڕانەوە بۆ بنچینەکان) لەسەر خۆیان زۆر کەوت. نزیکەی (١٠) وەزیرو لێپرسراوی مەدەنی و عەسکەری ناچاربوون بە هۆی گوشاری دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە دەستیان لە کار بکێشنەوە. ئەمانە

سەرەڕای ئەوەی ژندارن پەیوەندییان لەگەڵ ژنانی تردا هەبووە کە لە ڕووی یاسایی‌و عورفی ئاینییەوە قەدەغەیە! تەنانەت سەرۆک وەزیرانیش تۆمەتێکی وەهای بە پاڵ درا. دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەنگوباسی پێوەندی سەرۆک وەزیرانو ئەو ژنەی بەڕێوەبەری گشتی چێشت لێنەرەکانی (داون ستریت)ە بڵاوکردەوە. سەرۆک وەزیران ناچار بوو دادگایان لێبگرێتو ئاکام دەزگای ڕاگەیاندن پۆزش (اعتذار)یان بو عێنایەوە چونکە بۆ دادگای سەلماند کە ئەو لە کارێکی وەهادا نییە.

+ وەها چاوەڕوان ئەکرێت ئیمساڵ مانگرتنێکی زۆر ڕوودات. هەندێ لە نەقابەکان داخ- چیرەیانە لە دەوڵەت بە تایبەتی نەقابەکانی پۆستو تەلەفۆنو مامۆستایان.

لێرە نەقابەیەکی سەرەکی مامۆستایان هەیە (١٨٠) هەزار ئەندامیان هەیە. لە ٢-١٩٩٤/٤/٥ کۆنفرانسی ساڵانەیان هەبوو. بەزۆربەی دەنگ بڕیاریان داوە قوتابیانی کەمتر لە (١٤) ساڵان تاقینەکەنەوە. ئەمە کێشەیەکە لە پارەوە لەگەڵ دەوڵەتدا سەری هەڵداوە. دەوڵەت تاقیکردنەوەی سەپاندووە. پار نەقابە تاقیکردنەوی رەتکردەوەو بۆیان چووە سەر. ئیمساڵ نەقابەیەکی بچوکتر هەیە بۆتە کۆسپ لە ڕێیاندا چونکە ئەوان بڕیاریانداوە قوتابییەکان تاقیبکەنەوە.

+ فەزیحەیەکی تر لەم وڵاتەدا کەوتۆتەوەو قسەو باسی زۆری لەسەرە. دیارە ئەزانن کە سوپای ئیرلەندەی باکوور لە ڕێی تەقاندنەوەی نارنجۆکو کوشتنی پۆلیسو ئەمنی تایبەتی، گوشارێکی زۆری لەسەر دەوڵەت هەیە.

حکومەت بەرهەڵستیان ئەکاتو ئێستا جگە لە ڕێی یاساو دادگا، زیاتر لە (٢٠) ڕێکخراویان لە ئیرلەندەی باکوور بە ناوی (لۆیالیست) واتە دڵسۆزەکان یان دەروێشەکانی یاساو ڕژێم (بەریتانیاو ئیرلەندەی باکوور) دروست کردووە. ئەم ڕێکخراوانە چەکدارکراونو بە ئاشکرا هێرش بۆ (بار)و ماڵەکانی ئیرلەندییەکان ئەبەنو کوێرانە تەقەیان لێئەکەنو گوێ بەوە نادەن هەر کەسێك پێوە ئەبێت، منداڵ بێت، ژن بێت، پیروپەککەوتە بێت.

ئەم ڕێکخراوانە لە سوپای ئیرلەندی تیرۆریستترن. دەوڵەت بەم ڕێگا ناشیرینە بەرهەڵستی وەزعەکە ئەکاتو ناعادیلانە سیاسەتی تۆقاندن بەرامبەر ئیرلەندییەکان بەکار ئەهێنێت بە گرتنو کوشتنو بێکارکردنیانەوە.

ڕێکخراوی (شین فەین) کە باڵی سیاسی سوپای ئیرلەندی باکوورە لە ژێر زەختدایە. ئەوە (٢٠) ساڵە سەرۆکی ئەم ڕێکخراوە ڕێگەی چوونە دەرەوەی لێ قەدەغە کراوە. چەند جارێك تا ئێستا هەوڵی کوشتنی دراوە، جارێکیشیان خۆی‌و کورەکەی بەسەختی بریندار بوون. ئەمە جگە لەوەی لە کاتی گرتنیشیدا ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆر دراوە. سەرکردەکانی تری ئەم ڕێکخراوە ڕێگەی قسەکردنیان لەسەر تەلەفزیۆن‌و رادیۆ لێگیراوە، کە ئەوە پێچەوانەی نەریتی باوی بەناو دیموکراتییە لە بەریتانیا. بەڵام لە ئیرلەندەی باشوور ئێستا ئەم قەدەغە کردنە نەماوە چونکە حکومەتی نوێ لە مانگی دوانزەی پارەوە بە ئاشکرا لەگەڵ ڕێکخراوی (شین فەین) دا خەریکی وتوویێژن بە هۆی گوشاری خەڵکی ئیرلەندەو ئەو خۆنیشاندانە گەورە گەورانەی لەوێ بەرپا بوو.

ئیمساڵ سەرۆکی ڕێکخراوی (شین فەین) ڤیزەی درایەو بۆ ئەمریکا چوو. بەمەش توانییان وەحشییەت‌و ئیرهابی بەریتانیا ڕوونبکەنەوەو لایەنگیرییەکی زۆر پەیدا بکەن چ لەناو خەڵک‌و چ لەناو بەرپرسیارانی حکوومەتدا.

+ تەکنۆلۆژیای نوێ بە کۆمپیوتەرو رۆبۆت‌و ئەلکترۆنی نوێ‌و ...هتد، نەهامەتی‌و برسێتی‌و بێکاری زیاتری بۆ کرێکارانی ئێرە هێناوە. لێرەدا بە کورتی هەندێ راستی لەم بارەیەوە دەنووسم.

- دائیرەی تەلەفۆن لە بەریتانیا، ساڵی پار، هەموو چرکەیەك (٩٨) پاوەنی قازانج کردووە. لەماوەی دەمانگدا، واتە لە ئازارەوە هەتا کانوونی یەکەمی ١٩٩٣، ١٩و٢ بلیۆن پاوەن قازانجی کردووە، کەچی لە ساڵی ١٩٩٠ وە تا ئێستا زیاتر لە (٢٥٠٠) کرێکاری دەرکردووە؛ ئەوەشی کەماوەتەوە کرێکانیان ڕاوەستاوەو هیچیان بۆ زیاد ناکەن، سەرەرای ئەوەش ئیشی زیاتریان پێئەکەن‌و هەلومەرجی ئیشکردنیان خراپتر بووە.

- بانکی (بارکەلی) کە بانکێکی گەورەیە ساڵی پار (٦٤٨) ملیۆن پاوەنی قازانجی کردووە. ئەم بانکە بە نیازە هەزاران کرێکار دەربکات‌و هەندێ لە لقەکانی خۆی دابخات.

- بازاڕی (ساینس یەری) کە بازاڕێکی گەورەیەو هەموو شتێکی تیادا ئەفرۆشرێتو لقیان لە سەرانسەری بەریتانیادا هەیەو لە ڕیزی بازاڕە گەورەکانی وەك (ماکس سپێنسەر، سەیف وەی، وەڵ وەرسو تێسکۆ)یە هەر پار (٨٦٤) ملیۆن پاوەنی قازانج کردووە.

- دائیرەی گاز لە بەریتانیا نیازی وایە (٢٥) هەزار کرێکار لە ئێستاوە تا ساڵو نیوێکی تر دەربکات. قازانجەکەشی زۆر خەیاڵییە.

- نووسینگەی هێڵی ئاسمانی بەریتانیا قازانجی پاریان (٢٩٠) ملیۆن پاوەن بوو، کەچی هەوڵی ئەوەیاندا کرێکارێکی زۆر، چ لە نووسینگەکانیانو چ لە فرۆکەخانەکانو تەنانەت لە فرۆکەوانەکانیش دەربکەن.

ئەوانەی باسم کردن بە پێی ئاماری رەسمی، کە بەبەراورد لەگەڵ ساڵانی هەشتادا زۆر زۆرە. دیارە قازانج لەو ساڵانەدا ئەوەندە زۆر نەبووە لەگەڵ ئەوەشدا وەزعی کرێکاران لە ساڵانی حەفتاکانو سەرەتای هەشتاکانداو تا ساڵەکانی ٩٨٣ و ٩٨٤ یش زۆر لە ئێستا باشتر بوو لە ڕووی بێکاریو کەمی نرخو زۆری بیمەو خۆڕایی بوونی زۆر لە هۆیەکانی کات بەسەربردنو چارەکردنی نەخۆشیو خەرجی قوتابخانەو زانکۆو ئیمتیازاتی خانەنشینەکانو ئافرەتانو منداڵانو...هتد.

+ ئەم وەزعە خراپەی بۆ کرێکاران لە سایەی تەکنۆلۆژیادا هاتۆتە پێشەوە، هەندێ دەستکەوتیشی لەدەست داون و وردە وردە لێیان ئەسێنرێتەوە. ئەو دەستکەوتانەش، کرێکاران بە خوێنی خۆیان بەدەستیان هێناوە. ئەمە لە ڕووی پەیرەوکردنی دیموکراسیشەوە کاری خۆی کردووە بۆ نموونە:

- جاری جاران کە خۆ پیشاندانێك ئەکراو بەیەکدادان لەگەڵ پۆلیسدا ڕووی ئەدا، وێنەگرەکانو ڕاگەیاندن (اعلام) وێنەیان ئەگرتو تۆماریشیان ئەکرد. لەم ڕووەوە سەربەست بوون ئەم وێنانە هەڵگرن یان بەدەسگاکانی دەوڵەتی بدەن. بەڵام ئێستا وا نەماوە.

لە ١٩٩٢/١٠/١٦ دا گەورەترین خۆپیشاندان دژی نازییەکان کراو زیاتر لە (٥٠) هەزار کەس کەوتنە سەر شەقامەکان، ژمارەیەکی زۆر پۆلیسو خەڵک بریندار بوون. دەوڵەت بەڕەسمی داوای لەوێنەگرەکان کرد کە وێنەی ئەوانەی پاشایان شکاندووە ((ئاژاوەچییەکان)) تەسلیم بکەن. بۆ ئەم مەبەستە پۆلیس هەندێ لەڕۆژنامەکانی بۆ دادگا ڕاکێشا. ئێستاش یاساکەیان گۆڕیوەو پۆلیس لەمەودوا هەقی ئەوەی هەیە دەست بەسەر ئەو ڤیدیۆو کامیرایانەدا بگرێ کە موستەمسەکاتی تیایە! هەتا هەندێ لە ڕۆژنامەکانی سەر بەدەوڵەت وەکوو ڕۆژنامەی (صەن) بەڕەسمی هەندێ لەو وێنانەیان بڵاو کردەوەو پاداشتیان بەو کەسانەدا کە ئەوانەیان تەسلیمی پۆلیس کردبوو.

- جاران خەڵکی مافی بێدەنگبوونی لەبەرامبەر پۆلیسو دادگا هەبوو. ئەگەر کەسێك خۆی نەیویستایە وەڵامی پرسیاری پۆلیسو دادگا بداتەوە، ناچار نەئەکراو هەقی خۆی بوو. بەڵام ئەمەشیان گۆڕیو پار لە کۆنفرانسی پارێزگاران (المحافظين) بڕیار لەسەر لابردنی ئەم هەقە دراو مافی ئەوەیان بە پۆلیسو دادگا دا خۆیان چۆنیان بوێ ئاوا تەفسیری بێدەنگی بکەن! ئەگەر چی زۆربەی حاکمەکانو ڕێکخراوە ئینسانییەکان هەتا ئێستاش ڕەخنە لە دەوڵەت ئەگرن. ڕۆژی ١٩٩٤/٤/١٣ ڕۆژنامەیەك بۆ پشتگیری ئەوە نووسیبووی کە وەزیری ناوخۆ دەسەلاتی ئەوەی هەیە حاکم بەرێ بۆ بەر دادگا یان سزای بدات ئەگەر دژی بڕیارەکەی دەوڵەت بێتو هەقی بێدەنگی بە تاوانبار بدات.

- تا ئێستا پۆلیسو دەوڵەت هەقی ئەوەیان نەبوو حسابی بانکیی خەڵك بزانن. بەڵام ئێستا لەم مانگەوە (نیسانی ١٩٩٤) ئەو یاسایەشیان گۆڕیو پۆلیس هەقی (مطلق)ی هەیە بزانێت! هەرئەوە بەڵکو بڕیاری توندیان بۆ ئیدارەی بانکەکان دەرکردووە، کە ئەگەر یەکێك لە پڕێکا پارەکەی زیادی کرد، ئەبێ پۆلیس ئاگادار بکرێت. هەروەها خاوەن پارەکە بانگ ئەکرێت بۆ لێپرسینەوەی چۆنیەتی زیادبوونو سەرچاوەی پارەکە. ئەمە بێ لەوەی پەیوەندییەکیان لە نێوان بانکەکانو دائیرەی ئیجرامی بەریتانی بۆ ئەم مەبەستە دروستکردووە، گوایا بەهانەیان بەربەرەکانی کردنی تاوانبارانو دەڵاڵەکانی تلیاکو تیرۆریستەکانی وەك سوپای ئیرلەندەی باکوورە.

+ وە ئەبێت وەزعی ئەمریکا لە بەریتانیا باشتر بێت. ڕۆژنامەی (گاردیان) ڕۆژی ١٩٩٤/٤/١٣ ڕاپۆرتێکی دەربارەی منداڵ لە ئەمریکا بەناو نیشانی «برسێتی هەڕەشە لە داهاتووی چواریەکی منداڵانی ئەمریکا ئەکات» نووسیوەو بە کورتی ئەڵێ: چواریەکی منداڵانی ئەمریکا برسینو لە ژیان مەحروومن. ئەم ڕێژەیە سێ ملیۆن منداڵ ئەکات. دواتر ئەڵێ: ڕێژەی منداڵانی هەژار (٢٥٪) زیادی کردووە، لە (١.٨) ملیۆنەوە بۆ (٢.٢) ملیۆن لەساڵەکانی هەشتاوە بۆ ئێستا بەرزبۆتەوە. ئەمانە نەك هەر برسێتی بەڵکو نەخۆشیش هەڕەشەیان لێئەکات بە هۆی نەخوێندەواریو نەبوونی پارەوە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانیان. بە پێی ئەم ئامارە ئەمریکا دێتە دامێنی لیستی وڵاتە پیشەسازییەکانەوە، لەکاتێکدا لە ڕووی تەکنۆلۆژییەوە لەسەرەوەی لیستی ئەو وڵاتانەوەیە. هەروەها ڕاپۆرتەکە ئەڵێت: ژمارەی ئەو منداڵانەی خەڵکی بەخێویان ئەکات یان ئەچنە هەتیوخانەکانەوە لەماوەی نێوان ساڵی ١٩٨٧ و ساڵی ١٩٩١ دا بۆ (٥٠٪) بازی داوە.

+ لە فەڕەنسا، هەر لە کۆتایی ساڵی پارەوە، مانگرتنێك تەواو نابێت مانگرتنێکی تر دەست پێئەکات. مانگرتن لە کرێکارانی (مطار)و گواستنەوەوە دەستیپێکرد لەسەر کەمکردنەوەی ژمارەی کرێکارو کرێی کەمو هەلومەرجی ئیشکردنو سەرکەوتنێکی گەورەیان بەدەستهێنا. دوای ئەوانیش ماسیگرەکانو کرێکارانی کێڵگەکان مانیانگرتو ئەمانیش توانییان هەندێك لە داواکانیان بسەپێنن. لە سەرەتای ئەم مانگەشەوە (نیسان ١٩٩٤) خۆپیشاندانی گەورە گەورە هەیەو قوتابیانو نەقابەکانی کرێکارانی بەریدو تەلەفۆنو گواستنەوە تیایا بەشدارن. ئەم خۆپیشاندانانە لەوەوە دەستی پێکرد کە حکوومەت بڕیاری دا کرێی ئەو قوتابییانەی کەیەکەم جار ئیش ئەکەن بەڕێژەی (٢٠٪) لەلانی کەمی کرێ دابەزێنێ. ئەم ڕێژەیە نزیکەی (٥٠٠) پاوەن واتە (٧٠٠) دۆلار ئەکات.

(١) لە فەڕەنسا ڕۆژی وا هەیە (٣٠٠) هەزار کەس ئەڕژێنە سەرجادەکان. پاش بەیەکادانێکی خوێناوی لەگەڵ پۆلیسدا حکوومەت ناچار بوو چوار تەنازولیان بۆ بکات. بەمە حکوومەتی ئێستای سەرۆك وەزیران زۆر لاواز بووەو ڕەنگە واز بهێنێت. لەلایەکی ترەوە بەمە مەوقیفی حیزبە چەپو کۆمۆنیستییەکان ڕۆژ بە ڕۆژ بەهێزتر ئەبێتەوە. بە پێی سەرژمێرییەکی هەڵبژاردن کە کراوە ڕێژەی دەنگیان زیادی کردووە. لە پارەوە بۆ مانگی سێی ئیمساڵ لە لە(٢٩٪) وە گەیشتۆتە (٤٨٪). تا ئێستاش خۆپیشاندانەکان بەردەوامن.

+ لە ئیسپانیا، ڕێژەی بێکاری لەناو هێزی کاردا (١٦%)یە. حکوومەت کە خۆی بە سۆشیالیست ئەزانێ لە هێرشکردن ناکەوێو لەسەر دەرکردنی کرێکارانو کەمکردنەوەی بیمەکان بەردەوامە. لەمانگی یانزەی پارەوە پەیتا پەیتا خۆ پیشاندان هەیەو بۆ سێ ڕۆژیش مانگرتنی گشتی ڕوویدا. دوو ڕۆژیان نەقابەکانی کرێکارانی (پورتوگال) بە مانگرتنی گشتی پشتگیری مانگرتنی کرێکارانی ئیسپانیایان کرد.

+ لە ئەندەنووسیا، بە هۆی خراپی وەزعی ئابووریو کرێی کەمو هەلومەرجی سەختی ئیشکردن، بۆ ماوەیەکی زۆر مانگرتنی گشتی ڕوویداو سەرەنجام حکوومەت چۆکی بۆ داواکارییەکان داداو لە کرێی کرێکارێکی ئاساییەوە کە (٩٦ پێنس) بوو، بۆ یەک پاوەنو (١٦ پێنس)، واتە (١١٦ پێنس) سەرکەوت. کۆمپانیا تایبەتییەکان نارازی بوون بۆیە دەوڵەت لە ژێر گوشاردا تا ١٩٩٤/٢/٩ مۆڵەتی دانیو هەڕەشەی گرتنی بەڕێوەبەری کۆمپانییەکانی کرد کە بۆ سێ مانگ ئەگیرێنو غەرامەشیان لێئەسێنێ. ئەمریکا ویستی دەستی تێوەربداو هەڕەشەی ڕاگرتنی یارمەتی پێدانی قەرزی لەدەوڵەت کرد ئەگەر چارەسەری مانگرتنو خۆ پیشاندانەکان نەکات.

+ لە ئیتالیا، بە بەردەوامی مانگرتنو خۆپیشاندان هەیە. لە ساڵی ١٩٨٧ وە تا ئێستا، بەهۆی ئەو ئەزمە سیاسیو ئابورییەوە کەهەیە، سێ جار سەرۆکی وەزیران گۆڕاوە. بێکاریو گرانی لەلایەکو فەزیحەی بەرتیل خواردنو بۆگەنکردنی سیستەمەکەو دەستتێکەڵاو بوون لەگەڵ (مافیا) دا، زیاتر رقو کینی خەڵکی ئەستوور کردووە. لەولاشەوە هەموو ئەو شتانە زەمینەی بۆ بەهێزبوونی فاشییەکانو ڕاستڕەوەکان خۆشکرد. ئەوەبوو ڕاستڕەوەکان هاتنە سەر حوکمو ئەمەش یارمەتییەکی گەورەیە بۆ نەشونماکردنی فاشیەکانو بەشدار بوونیان لە حوکمدا.

+ لە ڕووسیا خەڵکیو کرێکاران سەدەها رەحمەت بۆکفن دز ئەنێرن. بێکاریو نەخۆشیو ڕێژەی کوشتنوشێت بوون، دروست بوونی شەبەکەی گەورە گەورەی مافیا لە پاڵ ڕاوڕووتی دەوڵەتو جەندرمەکانی بە ناوی بازاڕی سەربەستەوە، ئەو وەزعەی خولقاندووە کە خەڵکی کاڵەک بە ئەژنۆ

بشکێنن. یاڵتسن نەك بڕوای خۆی لەلای وڵاتانی گروپی (٧)و ئەمریکاو یابان دۆڕان بەڵکو لەلای خەڵکی ڕووسیاش ڕەصیدی نەماوە. بۆیە هەر ئەو کرێکارانەی کانەکان کە گەورەترین پشتگیری ئەو بوون، ئیمڕۆ لە نیزاعێکی گەورەدان لەگەڵیا چونکە لەمانگی دوانزەی پارەوە تا ئیمڕۆ (ناوەڕاستی نیـ انی ١٩٩٤) یەك ڕۆبڵیان وەرنەگرتووە. ئەو قەرزی کرێیەی کرێکاران کە لەلای دەوڵەتە (١٢٠) بلیۆن ڕۆبڵ واتە (٤٥٩) ملیۆن پاوەن ئەکات.

لە کۆتایی مانگی سێی ئەمساڵدا، (٦٠٠) کەس لە سەرۆکی کرێکارانی کانەکان کۆبوونەوەیەکیان لەگەڵ جێگری سەرۆك وەزیران سازکردو ڕایانگەیاند کە هەتا ١٩٩٤/٤/١٢ حکومەت مۆڵەتی هەیەو ئەگەر پارەیان نەداتێ مانگرتنێکی سەرومڕ ئەکەن. بەمەش هەڕەشە لە خستنی یاڵتسن ئەکەن. یەکێك لەو سەرۆکانە وتی: یاڵتسن سەلماندی کە لیاقەتو کەفائەتی ئەوەی نییە کۆمەڵ بەڕێوە بەرێ بۆیە ئەبێت دابەزێ. لەلایەکی تریشەوە هێزی تازەی نازییەکان بەسەرکردایەتی ڤلادیمیر ڤیرۆنۆفسکی لە زیاد بوونایەو هەڕەشە لە بەشەرییەت ئەکاتو حیساب بۆ کەسو بو هیچ هێزێك ناکات.

+ ئەڵمانیاش وەزعی ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر ئەبێت. پێشتر بێزوویان بەیەکگرتنەوەی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاواوە ئەکرد. وایانئەزانی گەر ئەو یەکگرتنە دروست بێت ئەڵمانیا ئەبووژێتەوەو بێکاری دائەبەزێتو خۆشگوزەرانی ڕوو لە خەڵکی ئەکات. بەڵام ئەو پێشبینییەی سەرمایەداری بەتەواوی پێچەوانە بوو، بێکاری زیاترو بێ خانوو بەرەیەتیو دابەزینی بودجەی دەوڵەتی زیاتر کرد بە هۆی خەرجکردنی پارەیەکی زۆر بۆ بیمەکانو چارەسەرکردنی نەخۆشیو ئاوەدانکردنەوەو...هتد سەرمایەداری هەر بیر لەوە ئەکاتەوە بازاڕ بۆ سەرفکردنی کاڵا بدۆزێتەوە بەڵام بیر لە لایەنەکانی تر ناکاتەوە، بە تایبەتی، ئەوەی کە خەڵکی داهاتی مەحدود بوو یان بێکار بوو یان لەو ئاستەدا نەبوو کە ژیانی باشتر بێت، بویە بە تەئکید کاڵا لەبازاڕدا ئەمێنێتەوەو کەڵەکە ئەبێت بەمەش جارێکی تر دەورەکە ئەڕواتو ڕێژەی کرێکاران کەمتر ئەبێتەوە.

یەکگرتنەوەی هەردوو بەشی ئەڵمانیا بزوتنەوەی کرێکارانی بەهێزتر کرد. تا ئێستا مانگرتنو خۆپیشاندان لە ئەڵمانیا بەردەوامە بەتایبەتی لەبەشی

ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانیا کە زۆربەیان کرێکارانی کانی ئاسنو کارگەی ئاسن دروستکردنن.

بەڕاستی کاتی خۆی خەڵکی لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتدا بێکار نەبوون، چارەسەرکردن (علاج)ی بەئاسانی دەستکەتووەو کراوە، قوتابخانەو نەخۆشخانەی تەواویان هەبووە، بێ خانووبەرە نەبوون. خەڵکی کە قوتابخانەی تەواوکردووە قەلەقی ئەوە نەبووە کە ئیشی دەستناکەوێت، بەڵام سەربەستی‌ی جنێودان بەدەوڵەتو موعارەزەی دەوڵەتیان نەبووە. ئێستا ئەم سەربەستییە هەیە بەڵام باقی شتەکانی تر هیچی نییە.

خەڵکی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا گیانی خۆشە بووە بە بێکاری‌و بێ خانووبەرەیی‌و بێ عیلاج‌و برسێتی، بەڵام لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات لەبەرئەوەی ئەوانە نەبووە بۆیە وا بەئاسانی لەگەڵ ئەم وەزعە ڕانایەت و دەستەمۆ نابێت. لەبەر ئەوە موعارەزە ئەکات، مانئەگرێت، خۆپیشاندان ئەکات.

+ لە ڕۆمانیا بە حوکمی گەڕانەوەی موڵکییەتی تایبەتی نرخی قوتابخانەو نەخۆشخانە وا بەرز بۆتەوە خەڵکی ناتوانن منداڵەکانیان بۆ قوتابخانە بنێرن یان عیلاجیان بکەن. ئەمە بێ لەوەی ڕێژەی خۆکوشتن بەرزبۆتەوە. لەدوای ساڵی ١٩٩٠ وە بێکاری‌و برسێتی بە پلەیەکە، مەترسی هاتنە خوارەوەی نەسلی هەیە سەبارەت بەوەی ناتوانن منداڵ بەخێو بکەن بۆیە نامێڵن بیانبێت.

+ لە چین هەمان شێوەیە. لە شارێکی وەکوو (شەنگەهای) کە (١٢و٥) ملیۆن دانیشتوانێتی، دزی‌و جەردەیی‌و تاڵانییەکی زۆر پەیدا بووە. دەزگای ڕاگەیاندن تاوانەکەی خستۆتە سەر شانی تازە شارییەکان کە لە لادێوە، لە بێئیشی‌و بێ گوزەرانیدا، هاتوونەتە شارو لە شاریش ئیش‌و ژیان نییە.

ڕۆژنامەیەک دەربارەی ئەم شارە ئەڵێت: (٥و٢) ملیۆن خەڵکی لە لادێوە هاتوونەتە ناو (شەنگەهای)ەوە بە هۆی ڕیفۆرمی تازە لەزەوی‌و بازاڕدا، کە بۆتە مایەی ئەوەی خەڵکی زەوییەکانیان یان کێڵگەکانیان لەدەست بدەن.

بە کورتی ئەمە وەزعی ئەم وڵاتانەیە کە ناوبانگیان بەسەربەستی‌و دیموکراسی دەرچووە، ئەمە ئەو بەهەشتەیە کە بۆتانی باس ئەکەن، ئەوە

ژیانی ڕاستەقینەی خەڵکەکەی، ئەوە مامەڵەی حکوومەتو پۆلیسو دەزگاکانی. گەر بوار هەبوو بۆ داماتوو گەلێ لایەنی ترت بۆ باس ئەکەم. من دەمێکە بڕیاری ئەوەم داوە سەرمایەداری لە کتێبدا نەخوێنمەوە بۆیە کەباسی ئەکەم تەنها پشت بە واقیعەکەو بە ئەرقامی ڕەسمی ئەبەستم،...))

# شەنو کەوی زاراوەکان

**دەروازە**

ئەم گۆشەیە سەکۆیەکی بڵندی بیروڕای ئازادی نووسەران، بۆ شەنو کەو کردنی زاراوە فیکریو سیاسیەکانو چاوپێداگێڕانەوەیان، دەبێت. نیازی وروژاندنی مشتومڕێکی فراوانی فیکریو سیاسی لە دڵ گرتووە. ئامانجی قووڵکردنەوەی تێگەیشتنە لەو چەمکانەو لەو جیهانەی ململانێی تێدا دەکەین.

ئەو نووسینانەی لەم گۆشەیەدا بڵاو دەکرێنەوە بیروڕای نووسەرەکانیان دەردەبڕن، بۆیە بواری پێداچوونەوەو لێکۆڵینەوەو توێژینەوەو بەرپەرچدانەوەی زانستیانەیان بۆ نووسەرانی دیکە هەڵدەخرێت. هیوادارین قەڵەمی بەبڕشتی نووسەران بە گشتیو نووسەرە سۆسیالیستەکان بە تایبەتی گۆشەکە بە ئاوەدانی بهێڵنەوە.

## چەپ

زریان امین

چەمکی سیاسی‌ی چەپ چی دەگەیەنێ؟ پێوەندگی چەپی بوون چی‌یە؟ کێ چەپەو چ جۆرە چەپێکە؟ ئەمانە کۆمەڵێک پرسیارن رووبەڕووی هەر کەسێک دەبنەوە کە لە بواری جووڵانەوەی سیاسیدا ئاگادارییەکی هەبێتو بەتەنگ سۆراخکردنی رووکارو ئاکامەکانی خەباتی سیاسییەوە بێت. زاراوەی چەپ لە رۆژانی هەرەسهێنانی دەوڵەتەکانی بلۆکی ڕۆژهەڵاتەوە، لە گەردەوی بیرو لێکدانەوەی جیاجیادایە. هەندێک لەو حزبو رێکخراوانەی بە ناوی

کۆمۆنیستیو کرێکارییەوە کاریان دەکرد، وەك ئەوەی شەرم لە ناوەکەی خۆیان بکەن! یان بۆ سەردانەواندن لە ئاستی ئەو گێژەڵووکە ئەنتی کۆمۆنیستییەی لە جیهاندا بە ناوی دیموکراسییەوە هەڵی کرد، یان وەك رامانو دوودڵیو پێداویستی هاوتایی هێشتنەوە لە نێوان پرنسیپەکانی پێشوویانو ئاڵوگۆڕێك کە بەسەر نەخشەی سیاسی جیهاندا هاتووە، وشەی «چەپ» یان بە تەوێڵی خۆیانەوە ناوەو بەناوی حزبو رێکخراوی چەپەوە کاردەکەن، بێ ئەوەی ناسنامەی چەپی بوونی ئاشکراو روونیان هەبێتو هێڵێکی رەپو راست لەنێوان شێوە تێگەیشتنە جیاجیاکانی ئەم چەمکەدا بکێشن.

وە نەبێت زاراوەی چەپ هەر لەلایەن کەسانی سەر بەرێبازی سۆسیالیزمەوە بەکار بهێنرێت، بەڵکو بۆرژوایش، بۆ لێکدانەوەی بارودۆخی سیاسیو هەڵسەنگاندنی پلەو توانای سیاسی ئەو توێژو هێزە سیاسییانەی لە ململانێی دەست بەسەراگرتنی دەسگای دەوڵەتدان، زاراوەی چەپ بەکار دەهێنێت. لەلای ئەوانیش راستو ناوەندو چەپ لە سیاسەتدا هەیە، لەم پۆلینە سێ لایەنییەشدا، دیسان، راستو ناوەندو چەپ بۆ هەرلایەنێکیان دادەنێن. بەم پێیە، چەپی راستو چەپی ناوەندو چەپی چەپ، کۆمەڵە زاراوەیەکی پەیوەند بە چەمکی چەپن لەیاریکردنی سیاسیی بۆرژوادا هەن.

چەپ، وەك چەمکێکی سیاسی، لە خودی بیرو بۆچوونی تایبەتییەوە پێناسە ناکرێت. دیدگای خودی مرۆڤ نەدەبێتە پێوانگی چەمکەکانو نە ناسنامەی هیچ زاراوەیەکی پێ دیاری دەکرێت، چونکە زاراوەکان پوختەو هەڵێنجراوی واقیعێك بەرجەستە دەکەن. ئەگەر باری سەرنجی جیاجیای خەڵکی وەربگرینو دەرگای پێناسەکردنی چەمکەکان بەم شێوەیە ئاوەڵا بکەین، ئەوا بۆ هەر زاراوەیەك هێندەی ژمارەی ئەو کەسانەی بەو چەمکانەوە خەریکن پێناسەمان بەردەست دەکەوێت؛ جا ئەو کەسانە هەر لەکەسانی ئاساییەوە تا توێژەرەوەو زاناو پسپۆرانی بوارە جیاجیاکانی ژیانو زانست بن. رێگای زانستی بۆ ناسینی ناوەرۆکو مەبەستی زاراوەکان ئەوەیە لە روانگەیەکی مێژووییەوە تێی بڕوانین، چونکە چەمکەکان - بە تایبەتی چەمکە سیاسییەکان - مێژووی سەرهەڵدانو گەشەکردنیان هەیە. ناوەرۆکو ئامانجەکانیان لەگەڵ بزوتنەوەی پەرەسەندنی مێژوودا، گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە. چینە کۆمەڵایەتییەکان، لەهەر سەردەمێکدا، بۆ چەمکە سیاسییەکان پێناسەی جیاواز

جیاوازیان کردووە. چەمکە سیاسییەکان لە (تفاصیل)ی پێکهاتەکانیانو ئەو بەشانەی پێکیان هێناون، ئامانجی جیاجیایان، بە پێی ئەرکەکانی کاتو ئاستی پەرەسەندنی ژیانی سیاسیو ئاڵوگۆڕە بنەڕەتییەکانی ئابووریو سیاسەت، هەبووە. بۆیە دەشێت یەك زاراوە چەندین پێناسەی جیاجیای، لەسەرێکەوە بە پێی کاتە مێژووییەکەو لەسەرێکی دیکەوە بە پێی بەکارهێنانی لەلایەن چینە جیاجیاکانەوە، بۆ بکرێت. لە هەردوو باریشدا، هەر پێناسەیەك چۆن بکەوێتەوەو چۆن دابڕێژرێت، دیدگای چینێك دەردەبڕێتو جیهانبینییەکی تێدا ڕەنگدەداتەوە.

چەمکی چەپ، هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانییەوەو بە درێژایی مێژووی بەکارهێنانی تا ئیمڕۆ رایەڵێکی سەرەکی تێدابووەو سەرانسەری مێژووی بەکار هێنانی وەك زاراوەیەك، بەیەکەوە گرێ دەدات. چەمکی چەپ هەمیشە پوختەی فیکرو هەڵوێستێکی رادیکاڵ، لە نێو جەرگەی سیاسەتە جۆر بە جۆرو چینو توێژە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکاندا، بووە. رادیکاڵ بوونی فیکرو هەڵوێست سیمای چەپێتی وەك فیکرو بزوتنەوەیەکی سیاسی -کۆمەڵایەتی نەخشاندووە کە گۆڕانکاریی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگاکان لە دیدگای چینە چەوساوەکانەوە دەبینێت. واتە چ وەك فیکرو چ وەك بزوتنەوە داواکاریو پێداویستییە هەرە ژیانسازەکانی چینە بندەستەکان دەردەبڕێتو بۆ وەدیهێنانیان تێدەکۆشێت. ئەم بزوتنەوەیە راستەو راست لە بەرامبەر چینە باڵا دەستو باوەکانی کۆمەڵ، بەهەموو حزبو رێکخراوو ئامرازەکانی دەسەڵاتی سیاسییانەوە، کە لە ریزبەندیی کۆمەڵایەتیدا راستی کۆمەڵ پێکدەهێنن، شێوەی خۆی وەرگرتووەو ناسنامەی خۆی دیاری کردووە. کەواتە راستو چەپ دوو جەمسەری کۆمەڵایەتی جیاوازبوونو جیاوازن کە: چەوسێنەرو چەوساوە، داراو نەدار، دەوڵەمەندو هەژار، سەردەستو بن دەست، پارێزگارو شۆڕشگێڕ، ریفۆرمو شۆڕش...هتد، لە خۆیان دەگرنو لە هەر قۆناخێکی مێژوویيو پلەیەکی گەشەکردنی کۆمەڵگاکاندا جۆرێك لەو ململانێ دوولایەنییانە زەق دەکەنەوە.

چەمکە سیاسییەکان، بەدەر لە پێکهاتەی سیاسی -کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکان، شێوەو ناسنامەو گەوهەری خۆیان وەرناگرن، چونکە ئەم چەمکانە، بە توندی، بەنەخشەی چینایەتی هەرقۆناغێكو هەر پلەیەکی گەشەکردنەوە بەندنو، بە پێی ئاڵوگۆڕکردنی پەیتا پەیتای ململانێی ژێرخانی

كۆمەڵو جیۆرێی جیاجیای چینەكان لە بەرهەمهێناندا، لەفیكرو هەڵوێستی ئەو چینانەدا پێناسەی نوێیان بۆ دادەنرێتەوە تا لەگەڵ پێویستییەكانی خەباتدا، بۆ گۆرانكاریی بنەڕەتی لەبەر تیشكی ئەركەكانی ئەو قۆناغەدا، بگونجێن.

چەپ وەك چەمكێكی سیاسی لە مێژوی پتر لەدوو سەد ساڵەی پەیدابوونیدا گەلێك گۆڕانكاریی بەسەردا هاتووە. ئەم گۆڕانكارییانە هەمیشە شەقلێكی جیهانییان هەبووە. ئەم چەمكە هەرگیز لە چوارچێوەیەكی خۆجێیەتی (محلی) زۆر تەسكدا بەكارنەهێنراوە. واتە چەمكەكە لەسەر بنچینەی هەرێمایەتیو نەتەوەیی شوێنی جیاجیاو دابراو لەیەكتر بنیاد نەنراوە، بەڵكو بەرهەنجامی پوختە كردنو دڵۆپاندن و چڕكردنەوەی پێداویستییە هەرە گرنگەكانی گۆڕانكاریی كۆمەڵایەتی و مێژوویی سەردەمێكی دیاریكراو لە نێو پێكهاتەیەكی سیاسی - كۆمەڵایەتی دیاریكراودا بووە. بۆیە پێناسە كردنی چەپ دەبێت لەبەرتیشكی ئەركە بابەتییەكەی گەشەكردنی كۆمەڵایەتی و یاسای بزوتنەوەی بەرەوپێشەوە چووی مێژوو وگۆڕانكارییە جیهانییە هاوچەرخەكان بكرێت. بەو پێیە مەیلە چەپەكان لەجیهاندا لە نێو مەیلە كۆمەڵایەتییەكانی ناوخۆی هەر وڵاتێكدا پێگەی خۆیان دەبیننەوەو لە بەرنامەو ئامانجە سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتییەكاندا ڕەنگدەدەنەوە.

سەرمایەداری لەگەشەكردنی خۆیدا بەپلوی ئیمپریالیزم گەیشت. ئەم گۆڕانكاریی یە لە سروشتی سیستەمی سەرمایەدا قۆناخێكی نوێی خستەوەو چەرخێكی نوێی هێنایەكایەوە ئەویش چەرخی ئیمپریالیزم و شۆڕشی سۆسیالیستی بوو. بزوتنەوەی چەپ، بەئاسۆی جیاجیای چینایەتییەوە، دەبوو جیۆرێی خۆی لەم چەرخە نوێیەدا بگرتایەو لەبەرامبەر سەرمایەداری قۆناغی ئیمپریالیزمدا رابوەستایەو بەپێی چەرخەكە ئەركەكانی گۆڕانكاریی دیاری بكردایە. لەوسەردەمە بەلشەفیزم رادیكاڵترین مەیلێكی چەپ لەنێو بزوتنەوەیەكی سۆسیالیستی ی بەرفراواندا بوو. خاڵی یەكانگیریی مەیلە چەپە جیاوازەكانیش خەباتی دژە ئیمپریالیستی بوو. ئەم مەیلە دژە ئیمپریالیستییە، لە گشتێتی خۆیدا، ئاسۆیەكی وردە بۆرژوازی رادیكاڵ و وردەبۆرژوازی نەتەوەیی سەرچاوەی بوو. بەلشەفیزم ڕێبازو ئاڵای ئەو چەپە سۆسیالیستییە كرێكارییە بوو كەلە نێو ئەم بزوتنەوە چەپە دژە ئیمپریالیستییەدا ڕۆڵی پێشڕەوی هەبوو. خەباتی بەلشەفیزم، خەباتی دژە

سەرمایەداری، وەك ناوەرۆکی مەیلی دژە ئیمپریالیستی، بوو. بۆیە چەپی راستەقینە خۆی لە بەلشەفیزمدا دەنواند. هەرلەبەرئەوەیش لایەنگیری ی بەلشەفیزم خاڵی شانازی هەموو ئەو مەیلە کۆمەڵایەتییە رادیکاڵانە، بەچەپ بوونی خۆیانەوە بوو. لە جوغزی پشتگیری بەلشەفیزمدا ناسنامەی چەپێتی دەناسرا. واتە مەسەلەی سۆسیالیزم و شۆڕشی سۆسیالیستی و دیکتاتۆری پرولیتاریاو ئینتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتاری گەوەری رادیکاڵترین چەپێکی ئەوسەردەمە بوو.

ئیمرۆ، پاش ئەوەی سیستەمی سەرمایەداری ی دەوڵەتی لەشۆرەوی و وڵاتانی بلۆکی رۆژهەڵاتو هەموو ئەو وڵاتانەی دیکە کە بوختانی سۆسیالیست بوونیان بەخۆیان دەکردو ئێستاش نەیارەکانی سۆسیالیزم هەر ئەو بوختانەیان بۆ دەکەن، هەرەسیان هێناوەو لەبەرامبەر بلۆکی سەرمایە داری ی بازاڕی ئازادو مۆنۆپۆلە فرەناسنامەکاندا بەتەواوەتی تووشی بنبەست بوون: بارو دۆخێکی نوێ لە جیهاندا سەری هەڵداوە. لەلایەك جیهان بۆ سیستەمی سەرمایە یەکدەست بۆتەوەو کێبەرکێی دوو جەمسەرە ئابووری و دوو زلهێزە سیاسی و سەربازییەکە لەنێواندا نەماوەو سەرمایەداری وەك سیستەمێکی گشتی بووەوەی دەسەڵاتدار لەهەر چوار قوڕنەی جیهاندا باوە. جەمسەر بەندیی ئەم جیهانە سەرمایەدارییە لەسێ تەوەرە یان سێ فراکسیۆنی ئابووری گەورەدا خۆی گرد دەکاتەوە. ئەو سێ جەمسەرە ئابوورییە ئەمریکاو بازاڕی ئەورووپای هاوبەش و ژاپۆنن. ئەم جەمسەربەندییە پێشبینی کامڵبوونی لە دەمەی داهاتوودا دەکرێت. شان بەشانی ئەم جەمسەربەندییە ئابووری و سیاسییە لە ئاستی نێو دەوڵە تیدا، بۆ گشتی کردنەوەی سیستەمی سەرمایەو شەرعییەت پێدان بە بوونی جێ پێی دەوڵەتە ئیمپریالیستییەکان لە هەموو گۆشەیەکی جیهاندا، سیستەمی نوێی جیهانی هاتۆتە ئاراوە. بەکورتی ئیمپریالیزمی جیهانی باڵی بەسەرهەموو جیهاندا کێشاوە. سیستەمی سەرمایەداری بەگوڕو تاوو تینێکی دیکەوە، تەواوی بەشەرییەتی خستۆتە ژێر رکێفی خۆیەوە. ئەم دەست بەسەرداگرتنە ئابووری و سیاسییە بە سەر جیهاندا، چ وەك جەمسەربەندیی ئابووری سێ تەوەرە ئابوورییەکەو، چ وەك سیستەمی نوێی جیهانی، زێدەبایی لە ئاستی جیهانداو، کە ڵەکەی سەرمایەی لە ئاستێکی فراواندا، بۆ سەرمایەداری ی سەردەم دابین کردووە.

بارودۆخی سیاسی و ئە و هە لومە رجە ئابوورییە جیهانییە بەردەوامیی
بە چە رخی ئیمپریالیزم‌و شۆڕشی سۆسیالیستی داوە. هێشتا سەردەم ئەلتەر
ناتیفی سۆسیالیستی تێنەپەڕاندووە. گەشەکردنی زانست و تەکنۆلۆژیای ژێر
رکێف و دەسەڵاتی سەرمایە ناتوانێت ئەلتەرناتیفێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی
دیکە، لەدەرەوەی رەوتە مێژوویییەکەی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی
کۆمەڵگابەشەرییەکان، پیادە بکات، بۆیە سۆسیالیزم وەك ئاسۆو ئامانجی
چەرخەکە بەردەوامیی هەیە . ئیمرۆ، ئەگەرچی بزوتنەوەی سۆسیالیستی
لەداکشاندایەو سەرمایە داری خەریکی مکیاجکردنی سەرو سیمای خۆیەتی،
بەڵام یەك ئاسۆی رزگاری لەبەردەمی بەشەرییەتدا ماوەتەوە، ئەویش
سۆسیالیزمە، سۆسیالیزمێك کەخاوەنداریی تایبەتی نەهێڵێت‌و کاری کری
گرتە هەڵوە شێنێت و زێدەبایی کاروکەڵکە بوونی سەرمایە لە ئاستێکی
جیهانیدا کۆتایی پێ بهێنێت.

لەم دیدگایەوە، چەپ لەم سەردەمەدا، فیکرو بزوتنەوەی دژە
سەرمایەدارییە لەهەلومەرجی خۆڕێکخستنەوەیداو لەجیهانێکی سێ
جەمسەریی نوێدا، بزوتنەوەیەکە بەرنامەی تێکۆشان بۆ سۆسیالیزم دەگرێتە
بەر. ئەم چەپە لە ئەدەبی سیاسیدا دەتوانرێت بە چەپی کرێکاری یان چەپی
سۆسیالیستی یان کۆمۆنیستی ناوببرێت، جیۆرێی ئەم چەپە لە جووڵانەوەی
سیاسیدا لەگەڵ جیۆرێی بەلشەفیزم لەجووڵانەوەی سیاسی سەرەتای ئەم
سەدەیەدا هاوتایە. گرنگترین تایبەتمەندی ئەم چەپە رادیکاڵ بوونەوەی
ئامانجەکانی‌و سیفەتی کرێکارانەو شێوەی ئینتەرناسیۆنالیستی ئیدو
بۆچوونی تێۆری‌و پراکتیکی رێکخراوەییەتی. ئەم چەپە لەئاستێکی جیهانیدا
لەچەپی دژە ئیمپریالیستییەکەی جاران دوور کەوتۆتەوە، لە دەرەوەی بزافی
چەپی سۆسیالیستی کرێکاران، لەهەناوی کۆمەڵگای سەرمایە داری ی
سەردەست و بندەستدا، چەپێکی هاوپەیمان بەو بەرنامەو ئاسۆرادیکاڵەی
جارانەوە، لە ئاستێکی ئینتەرناسیۆنالیستیدا، بۆ چەپی سۆسیالیستی ئەم
سەردەمە نابینرێت.

چەپ ی دەرەوەی بزافی چەپی سۆسیالیستی، کەلەچوارچێوەو
سنووری هەر وڵاتێکدا هەیە، ئاسۆیەکی نەتەوەیی سنوور بۆکێشراو فیکرو
سیاسەت‌و پراکتیکی لەمەنگەنە دەدات و قاڵبرێژیان دەکات. واتە لەکەناری
چەپە سۆسیالیستییەکەدا یان لەتەکیدا، لەسنووری سیاسی‌و لاتانی ئەم

نەتەوایەتی جیهانەدا، مەیلێکی دیکە بەناوی چەپەوە هەیە لەسەر بنەمای شێوەی خۆی گرتووە. ئەم مەیلە، بەجیا لەگۆڕانکارییە جیهانییەکان، بەمیوای گۆڕانکارییەکی رادیکاڵە لەناوخۆدا. ئەم مەیلە دیدگای نەتەوەیی بۆگۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان دەخاتەڕوو. ئاسۆیەکی رادیکاڵی ناکرێکاری مەیەو سنووری پەیوەندییەکانی سەرمایە داری وبازنەی سیستەمی سەرمایەداری نابەزێنی وبە دووربینی بەرژەوەندی نەتەوایەتییەوە لەجیهان دەڕوانێت. ئەم مەیلە خۆ بەچەپ زانە بەچەپی ناسیۆنالیستی(نەتەوەیی) ناسراوە. کەواتە لەسەر ئاستی هەر کۆمەڵگایەک ململانێی چینایەتی نێوان چینە جیاجیاکانی کۆمەڵ بەردەوامە. لەم ململانێیەدا دووچەپی جیاواز بەدوو فیکرو دووسیاسەتو دوو ئاسۆو دووپراکتیکی جیاوازەوە هەن وبەرامبەر یەکتریو لەسایەی یەک بارودۆخی سیاسی ناوکۆییەوە لەخەباتدان. لەدیدگای سۆسیالیزمەوە ئەنجامی شیکردنەوە بەو ڕاستییەمان دەگەیەنێت کەکێشمە کێشمی پێشڕەویی لەنێوان ئەم دوو چەپەداو سەرەنجامی بەیە کاچوونی ناکۆکییە بنەڕەتییەکانی جیهان، ئاڵای پێشڕەوایەتی گۆڕانکارییە جیهانییەکان بۆ بەرژەوەندی کرێکاران وزەحمەتکێشان لەدەستی چەپێکدا دەهێڵێتەوە، کەواقیعی پەرەسەندنی مێژووی بەشەرییەت ئەو گۆڕانکارییە وەک ئەلتەرناتیفی دنیای سەرمایە داریی گەشە کردووی خاوەن زانستو تەکنۆلۆژیای ئێجگار پەرەسەندووی ئێستا، بخوازێت. ئیدوئامانج وبەرنامەی مەیلە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، ئەگەرچی هەندێکی بەناوی چەپیشەوە بێت، بەحوکمی گەشەکردنی سەرمایە داری، چەرخی ماشێنی سەرمایەداریی جیهانی دەیانجنێت. ئەوەی دواڕۆژی دەبێت تەنها چەپی سۆسیالیستییە، سەبارەت بەوەی هەرلەسەرەتاوە، ئەم چەپە لەبەرامبەر سەرمایەدا دەخەملێت وبۆ بنکۆڵ کردن و دارزاندنی چەرخی سەرمایە دێتە گۆڕێو بەئاسۆو ئامانجێکی وەهاوە پێشڕەوی دەکات، کەئەلتەرناتیفی گۆڕانکاریی بنەڕەتی ئەم جیهانە گەرمکیەتی.

بارودۆخی چەپ لەجیهانی ئیمرۆدا، بەپێی ئەو پێناسەیەی بۆ چەپ کراو، لەرێی ئەو جیاکردنەوەیەی لەسەر بنچینەی ناسنامەی چینایەتی دەستنیشانکرا، چەپێتی دەکاتە ناسنامەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی ئەم سەردەمەو(چەپ) ەکانی دیکە لەپەراوێزی ئەو چەپە سۆسیالیستییەدا ڕادەگرێت. ململانێ یان تەبابی نێوان ئەم دووچەپە پابەندی ئامانجە ستراتیژی وتاکتیکییەکان دەبن. لەئاستی جیهانیدا، ستراتیژی شۆڕش دژی

سیستەمی سەرمایە لەداواو خواست وبەرنامەی چەپی سۆسیالیستیدا خۆی دەنوێنێ. چەپی نەتەوایەتی لەبواری وەدیهێنانی ئەو ستراتیژەدا ناتوانێت هیچ رۆڵێکی کاریگەری هەبێت، چونکە لەبنچینەدا ئەوستراتیژەی لەپێش چاوی خۆی دانەناوەو بەدوای خەباتێکەوە نییە ئەوستراتیژە وەدەیبهێنێ. ئەم چەپە مەگەر لەئاستی، نەتەوەییو لەسنووری بەرتەسکی وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکاندا بتوانێت بەرنامەیەکی رادیکاڵ بۆ چۆنایەتی گۆڕانکارییەکان دوای وەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتی دابڕێژێت، کە دیسان، لە ڕووبەڕوو بوونەوەی دینامیزمی بازاڕی سەرمایەی جیهانیدا تووشی بنبەست دەبێت. لەگەڵ ئەوەیشدا، لە هەندێ قۆناخی مێژوویی بەر لە وەدیهێنانی مافی بڕیاردانی چ ەنووس لە وڵاتانی ژێر دەستەدا، توانای یەکگرتنی ئەو دووچەپە لەبەرەیەکی رادیکاڵی یەکگرتوودا هەیە کە لەدەوری بەرنامەیەکی رادیکاڵی ئەوتۆ کۆ ببنەوە، زەمینەی گۆڕانکاریی ریشەیی کۆمەڵگا لە خزمەتی کرێکاران و زەحمەتکێشان خۆش بکاتو، یەکگرتنو ململانێی دژە چینایەتییەکان لە رەوتێکی کۆمەڵایەتی بەرەوپێش کشاودا بەرجەستە بکات.

# دیداری دووەم
# هەرەسهێنانی شۆرەوی‌و دەوڵەتەکانی بلۆکی رۆژهەڵات

ئامادەکردن‌و رێکخستنی : فوئاد قەرەداغی

دوا رۆژ

لەیەکەم ژمارەی گۆڤارەکەماندا فایلێکمان بۆ مەسەلەی هەرەسهێنانی شۆرەوی‌و دەوڵەتەکانی بلۆکی رۆژهەلات کردەوە . دەستەیەك لە بەرگریکارانی فیکری سۆسیالیستی لە نێو بزوتنەوەی نەتەوایەتیدا بیرو بۆچوونی خۆیان تێدا دەربڕی . وا لەم ژمارەیەشدا ڕووی هەمان ئەو پرسیارانەی لەو برایانەمان کردبوو ، بەشێوەیەکی مەنهەجیتر ، لە هەڵسوڕاوانی چەند رێکخراوێکی سیاسی دیکەی دەکەین ، کە لەچەپی بەشدارانی دیداری یەکەمدا رادەوەستن .

ئێمە خوازیاری ئەوە بووین هەموو رێکخراوو گرووپە ناسراوەکانی چەپ بەشداری ئەم پۆلیمیکە ( مناظرە ) یان بکردبایەو وەك ئەم رێکخراوانە بەدەنگمانەوە بهاتنایە ، تا لەگەڵ سوپاس‌و پێزانینی خۆماندا ، بیرو ڕاکانیانمان بڵاو بکردایەتەوەو ، فایلێکی چڕو پڕو تێرو تەسەلمان دەربارەی هەرەس ، لە دیدگای چەپی سۆسیالیستییەوە ، پێکبهێنایە . لەگەڵ ئەوەشدا لاپەڕەکانی ( دوا ڕۆژ ) بۆ هاوبەشی کردنی هەموو بەرگریکاران لە فیکرو فەلسەفەو رێبازی سۆسیالیزمی زانستی ئاوەڵایەو لێکۆڵینەوەی هەرەس ، تاچەند ژمارەیەکی دیکەش ، بەشێکی نەگۆڕی گۆڤارەکە دەبێت .

لەم دیدارەدا ئەم هاوڕێیانە بەشداربیان کرد:
١) هاوڕێ ئازاد مەحمود سەرنووسەری گۆڤاری شۆڕشی کرێکاری ئۆرگانی یەکێتی کرێکارانی کۆمۆنیست.
٢) هاوڕێ ئازاد دلێر لە هەڵسوڕاوانی ڕێکخستنی (کرێکارانی ئەنتەرناسیۆنالیست). *

فوئاد: هاوڕێیان...

ئیمڕۆ بزوتنەوەی سۆسیالیستی لە هەموو لایەکەوە بەر تیرو تەشەری نەیارانی کەوتووە. هەرەسهێنانی شۆرەوی و دەوڵەتەکانی بلۆکی ڕۆژهەڵات زەمینەیەکی نوێی بۆ ئەو دوژمنایەتییە دێرینەی نەیارانی سۆسیالیزم خۆشکردووە، تا مەرگی ئەم بزوتنەوەیەو مارکسیزم رابگەیەنن و بانگەشە بۆ سیستەمی سەرمایەداری بکەن.

دیارە گەشە کردنی بزوتنەوەکەو سەرهەڵدانی سەردەمێکی نوێ لە خەباتی سۆسیالیستی کرێکاران لە ئاستی جیهاندا، کەمو زۆر لە ژێر کاریگەرێتی ئەو هەرەسەدا دەبێت، بۆیە پێداچوونەوەو هەڵسەنگاندنی ئەو ئەزموونەی ناوی سۆسیالیزم بوو، ئەرکی یەکەم هەنگاوی بزوتنەوەکە لەم قۆناغە نوێیەی تێکۆشانیدا دەبێت. هەڵبەت حزبو ڕێکخراوو کەسانی سۆسیالیست باری گرانی ئەو ئەرکەیان لە ئەستۆ دەکەوێت. لەم بڕوایەوە ڕووی ئەم پرسیارانە، بەمەبەستی پێداچوونەوەو لێکۆڵینەوەی هەرەسەکە لە ئێوەی بەڕێز دەکەینو خوازیاری هاوکاریتانینو پێشەکیش سوپاستان دەکەینوڕێزو پێزانینی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (دوارۆژ) تان پێڕا دەگەیەنینو ، بەم پرسیارە، دەرگای مشتو مڕو لێکۆڵینەوەکە دەکەینەوە...

پرسیارەکە : سەرەتا دەمانەوێت پرنسیپێکی زانستی هەیە بە بیرتانی بخەینەوە ، ئەویش پەیڕەو کردنی مەنهەجێکی دیاریکراوە لە لێکۆڵینەوەدا ، جا ئەو لێکۆڵینەوەیە لە هەر بوارێکدا بێت . لێکۆڵینەوەی هەرەسهێنانی شۆرەوی و دەوڵەتەکانی بلۆکی ڕۆژهەڵاتیش لەمە بەدەر نییە . ئایا بەڕای بەڕێزتان چ مەنهەجێك ( میتۆدێك ) بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە پەیڕەو بکرێتو هەڵسەنگاندن لەسەر بنچینەی چ مەنهەجێك دروستەو پێکانی حەقیقەت دەرەخسێنێ؟

---

* بۆ جیاکردنەوەی بیروڕای هەردوو هاوڕێیان (ئازاد) ، لە نووسینی وەڵامەکاندا ، دووەمیان بە (دلێر) ناودەبەین .

ئازاد: تا ئەو جێگایە کە باسەکەمان هەڵدەگەڕێتەوە سەر باسی میتۆد (مەنهەج)ی لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی شۆڕشی ئۆکتۆبەرو پاشانیش جێگربوونو هەرەسهێنانی سەرمایەداریی دەوڵەتی ژێرناوی (سۆسیالیزم) لە ئەوروپای شەرقیو سۆڤێتی پێشوودا، من بەش بە حاڵی خۆم جگە لە میتۆدی مارکسیزم، هیچ میتۆدێکی دیکە نابینمەوە کە بتوانێت بە شێوەیەکی زانستیانەو واقیعیانە ئەو پرۆسەو ئەزموونە شیبکاتەوەو هەڵیبسەنگێنێ. میتۆدی مارکسیزم، بە پێچەوانەی هەر جۆرە میتۆدێکی میتافیزیکیو ئایدیالیستییەوە، کە لەتێڕوانینو شیکردنەوەی خۆیدا بۆ جیهانی ماددیو بۆ مێژوو، ناتوانێت لە ئاستی (مشاهدات)ی (حسی)و واقیعیەتی (ملموس) زیاتر بڕوات؛ میتۆدێکە کە لە خودی خۆیدا ڕەخنەگرو شۆڕشگێڕە کە پەنجە دەخاتە سەر بنچینەی یاساکانی زاڵ بەسەر بزوتنەوەو گۆڕانی جیهانی ماددیو مێژوودا. ئەم میتۆدە لە شیکردنەوەو تێڕوانینی خۆیدا بۆ جیهانی ماددیو مێژوو، پشت بە تەجریداتی زانستی دەبەستێتو بۆ دۆزینەوەی دینامیزمەکانی ئاڵوگۆڕو گۆڕانی ئەوانە، هەنگاو بە هەنگاو ڕۆدەچێتە ناخی پەیوەندییە دیاریکراوو دیاریکەرەکانو تا لە ئەنجامدا یاساکانی زاڵ بەسەر جووڵانەوەیاندا ڕووندەکاتەوە.

لە میتۆدو تێڕوانینی مارکسدا بۆ کۆمەڵگاو بۆ مێژوو، تەئکید لەسەر ئەوە کراوە کە بوونی کۆمەڵایەتی ئینسان هەستە کۆمەڵایەتییەکەی دیاری دەکات، بەم مانایە کۆمەڵگا پێشمەرجی بوونی ئینسانەکانەو ئینسانەکان بۆ مانەوەی ماددیو فیزیکی خۆیان، ناچار دەبن کە لەهەر قۆناغێکی مێژووییدا پێبخەنە ناو چوارچێوەی ئەو پەیوەندییە دیاریکراوانەوە کە سەر بەخۆیە لە ئیرادەی ئەوان، واتە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان کە گونجاوە لەگەڵ قۆناغێکی دیاریکراو لەگەشەی هێزە بەرهەمهێنەرە ماددییەکانی کۆمەڵگادا. مارکس یاساکانی گۆڕانو ئاڵوگۆڕی کۆمەڵگاو مێژوولە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر لەچوارچێوەی هەمان پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا دەدۆزێتەوەو جێگاو شوێنی فکرو بەگشتی مەسەلە سەرخانییەکانی تری کۆمەڵگا لەڕەوەندی گۆڕانکاریو ئاڵوگۆڕیاندا ڕووندەکاتەوە. یان بە واتایەکی باوتر، خاڵی دەستپێکردنی ماتریالیزمی مێژوویی مارکس شەخسییەتە سیاسییەکان، حزبەکانو چینە کۆمەڵایەتییەکان نییە، بەڵکو لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانە، ئەو پەیوەندییانەی کە شەخسییەتە سیاسییەکان، حزبو چینە کۆمەڵایەتییەکانی لە چوارچێوەی

یاساکانو زەروورەتە بابەتییەکاندا هێناوەتە بوونو لەلایەنی دیاریکراوی سیاسیو کۆمەلایەتییەوە حەرەکەتیان پێدەکات.

ئەگەر لە گۆشەنیگای هەمان میتۆدو ماتریالیستی مارکسەوە بڕوانینە مێژووی شۆڕشی ئۆکتۆبەرو کۆمەڵگای سۆڤیەت، هەروەها ڕەوەندی هەرەسهێنانی کەمپی سەرمایەداری دەوڵەتی سۆڤیەتو ئەورووپای شەرقی، ئەو کات دەبینین کە ئەو ڕووداوانە لە چوارچێوەی مێژوویەکی دیاریکراوو کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا بووەو بە پێی کۆمەڵە یاسایەکی بابەتی جووڵاوەتەوەو کاری کردووە...

ڕوونتر بڵێم: شۆڕش، یان هەر ئاڵوگۆڕێکی سەرخانی تر کە لە کۆمەڵگادا ڕوودەدات ئاکامی توندو تیژ بوونەوەی ناکۆکییە ژێرخانیو ئابوورییەکانی کۆمەڵگایەو بە پێی یاساکانی زاڵ بەسەر ئەودا دەجووڵێتەوە. لەبەر ئەوە پێشمەرجی لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنی سۆسیالیستی ئێمە چ بۆ ئەزموونی شۆڕشی کرێکاریٚ ١٩١٧ی ڕووسیاو چ بۆ پرۆسەی هەرەسهێنانی سۆسیالیزمە بۆرژواییەکانی سۆڤیەتو ئەورووپای شەرقی، کۆمەڵگاو پەیوەندییە ژێرخانیو ئابوورییەکانی ئەو کۆمەڵگایانە، نەک مەسەلەو ڕووداوە سەرخانییەکان، بەم مانایە مەسەلە سەرخانییەکان لە مەنهەجی لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنی ئێمەدا ڕۆڵێکی (ثانوی) یان دەدرێتیٚ. ئێمە لەو بڕوایەداین کە تەنها بەشیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی مەسەلە ئابوورییەکانی پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەتوانرێت هۆیەکانی تێکشکانو هەرەسهێنانی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا لە ڕووسیادا ڕوون بکرێتەوە. پرسیاری سەرەکی ئێمە لەسەر شۆڕشی ئۆکتۆبەر ئەمەیە: بۆچی دەسەڵاتی سیاسی بەدەست هاتوو لەلایەن چینی کرێکاری ڕووسیاوە، نەیتوانی بکەوێتە خزمەتی بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستییەوە لەو وڵاتەدا؟ بۆچی ئابووریو بەرهەمهێنانی سۆسیالیستی لەسۆڤیەتدا دانەمەزرا؟ بۆ دەستڕاگەیشتن بە حەقیقەتو بۆ وەرگرتنەوەی وەڵامی ڕاستو دروستی ئەو پرسیارەو بەدەستهێنانی ئەزموونێکی سۆسیالیستی لەو شۆڕشە، لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنی ئێمە لەسەر چەند ئاستی دیاریکراوی ئابووریو سیاسییەوە دەست پێدەکات، کە لێرەدا ئەوەندەی ماوە هەبێت لە چەند سەردێرێکدا ئاماژەیان پێدەدەم:

١) زەمینە مێژوویی، کۆمەلایەتیو سیاسییەکانی ڕوودانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر.

٢) کۆمۆنیزمی جەنگی، یان سیاسەتی ئابووری دەوڵەتی سۆفیەتی ١٩١٨-١٩٢١.
٣) سەرمایەداری دەوڵەتیو جێگاو شوێنی (نیپ) واتە سیاسەتی ئابووری نوێ ١٩٢١-١٩٢٢ لەو سەردەمەدا.
٤) ئیستراتیژی بەلشەفیکەکانو دەرکیان بۆ شۆڕشی ئابووری.
٥) ڕۆڵی لێنین لە چارەنووسی سەرکەوتن، یان تێکدانی شۆڕشدا.
٦) قەوارەگرتنی باڵەجۆراو جۆرەکانی ناو حیزبی بەلشەفیک (ئۆپۆزیسیۆنی چەپو باڵی ناوەڕاستو ڕاست) لەسەر ئاڵوگۆڕی ئابووری کۆمەڵگاو هەڵسەنگاندی ئاڵتەرناتیفەکانیان.
٧) (مالعمل)ی ئابووریو سیاسی هێڵی لێنین (سۆسیالیست)ی لە ١٩٢٤-١٩٢٩ دا.
٨) تیۆری سۆسیالیزم لەیەک وڵاتداو مەسەلەکانی شۆڕشی جیهانی.
٩) هوشیاریو دەرکی چینی کرێکاری سۆفیەت لە سۆسیالیزم.
١٠) چۆنیەتی سەرکەوتنی باڵی ستالین لە موجادەلاتی ناوخۆی حزبو جێگیر بوونی ئاڵتەرناتیفە ئابوورییەکەی.
١١) نیزامی سۆفیەت لە ١٩٣٠-١٩٩٠ و جێگاو شوێنی لە جیهانی سەرمایەداریدا.

لەسەر بناغەی لێکۆڵینەوە لەو مەسەلانە، تا ئێستا ئێمە بە چەند ئەنجامگیرییەکی تیۆری-سیاسی گەیشتووین لەسەر پرۆسەی تێکشکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەرو ڕژێمی ئیمپریالیستی سۆفیەتیو هەرەسهێنانی ئەو:

أ-بەر تەسکو تەتیس مانەوەی شۆڕش لە چوارچێوەی ڕووسیاو خامۆش بوونەوەی بارودوخی شۆڕشگێرانە لە ئەوروپا بە گشتیو بەتایبەتیش لە ئەڵمانیادا، لە هەمان ساڵانی ١٩٢٠ دا.

ب- گەمارۆی ئابووریو عەسکەری هێزە گەورە ئیمپریالیستییەکانی ئەو دەورەیە.

ج- نەبوونی ئاڵتەرناتیفێکی سۆسیالیستی بۆ بەرەو پێش بردنی ئابووریو تەکنۆلۆژی دواکەوتووی ڕووسیا لە ١٩٢٤ بە دواوە.

د - تێکشکانی یەکجارەکی شۆڕشی ئۆکتۆبەرو جێگیربوونی سەرمایەداری دەوڵەتی لەسەرەتای سییەکانەوەو جیابوونەوەو پێکهاتنی کەلێن لە نێوان چینی کرێکارو حزبو دەوڵەتی فەرمانڕەوا لە سۆفیەتدا، هەر لەو ساڵانەدا.

هـ- لە ١٩٣٠ بە دواوە سۆفیەت یەکێك بووە لە هێزە ئیمپریالیستییەکانی جیهان.

و- هەرەسهێنانی کەمپی ئیمپریالیستی سۆفیەتی، لە بناغەیی ترین ئاستدا هەڵدەگەڕێتەوە سەر ئەو ئەزمە ئابووریو تەکنۆلۆژییەی کە لە کۆتایی ساڵانی ١٩٦٠ وە دووچاری ىرو بوو.

بەهەر حاڵ، ئێمە لە دیراسەی خۆماندا دەربارەی شۆڕشی ئۆکتۆبەرو کۆمەڵگای سۆفیەتی، بەو ئەنجامە گەیشتووین کە لە سۆفیەتدا هەرگیز کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی بە مانا مارکسیو ئابوورییەکەی دانەمەزراوەو لە ساڵانی ١٩٢٤-١٩٢٩ بە دواوە، ئیتر مێژووی حزبو دەوڵەتی فەرمانڕەوا لەو وڵاتەدا بەشێك لە مێژووی کارکردو جووڵانەوەی سەرمایەداری جیهانی، بەڵام مێژوو نووسانی چەواشەکەرو دوو ڕووی بۆرژوازی جیهانی بۆ بێ ئیعتیبار کردنی سۆسیالیزمو کۆمۆنیزم لەلای خەڵکی جیهان، تێکۆشاون مێژووی دیکتاتۆری سەرمایەداری دەوڵەتی سۆفیەتی بە مێژووی دیکتاتۆری پرۆلیتاریاو سۆسیالیزمو کۆمۆنیزم لە قەڵەم بدەنو یەکسانی بکەن بە یەکتری.

دلێر: پێشەکی زۆر سوپاسی ئەو بەڕێزانە دەکەین کە ئەم دیدارەیان ئامادەکردووە.

سەبارەت بە وەڵامی پرسیارەکان، ئێمە لامان ڕوونە کە هاوڕێیانی بەشداربوو، دەتوانن گەلێك زیاتر درێژە بە وەڵامەکان بدەنو ڕۆشنتر لەسەر مەسەلەکان قسەو باس بکەن، لەبەر ئەوە ئێمە هەوڵ ئەدەین بەپێی توانا خۆمان لە دووبارە کردنەوەی ئەو باسو خواسانە بپارێزین کە هاوڕێیان بەرادەی پێویست لێی ئەدوێن، بۆیە تەنها بە کورتی ئیشارەت بە تەئکید کردن لەسەر

خالی تایبەتی ئەکەین کە روانگەی دیاریکراوی (کرێکارانی ئەنتەرناسیۆنالیست) سەبارەت بەو مەسەلانە دەردەخات.

بە بڕوای ئێمە تا ئەو جێگایەی مەسەلەکە پەیوەندی بە پەیڕەوکردنی مەنهەجێکی دیاریکراوەوە هەیە بۆ لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنی هەرەسهێنانی شۆرەوی لە روانگەیەکی زانستییەوە، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوەیەکی ئەسلی کە ئەویش کێشەی نێوان کارو سەرمایەیە، هەر لە هەناوی ئەم کێشمە کێشمە چینایەتییەوە دەتوانین هەوڵی دۆزینەوەو بەدەستەوە گرتنی مەنهەجێکی دیاریکراوی لەو بابەتە بدەین کە پشت بەستووە بە زانستو یاساکانی حەتمییەتی بەرەو پێشەوە چوونی مێژووی ململانێی چینایەتی، کە سەر ئەنجام ئەو مەنهەجەش بە غەیری کۆمۆنیزم کە جیهانبینی چینی کرێکارە، ناکرێو نابێ شتێکی تر بێ، چونکە بە پێی ماهییەتی چینەکان لە کۆمەڵی سەرمایەداریدا تەنیا مارکسیزم وەك زەرورەتێکی مێژوویی بۆ گەیشتن بەدەسەڵاتو دامەزراندنی سۆشیالیزم پێویستییەکی حەیاتی بە لێکۆڵینەوەی زانستی بۆ هەر دیاردەو ڕووداوێکی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی هەیە، بە تایبەتی مەسەلەی شۆرەویو دۆزینەوەی هۆکارو هەڵسەنگاندنی چۆنییەتی هەرەسهێنانی لە دیدێکی واقیع بینانەوە، چونکە ئەم مەسەلەیە نیسبەت بە چینی کرێکار بایەخو گرنگی خۆی هەیە، هەم لەلایەکەوە کە دەیان ساڵە شۆرەوی بەناوی سۆشیالیزمەوە خۆی ناساندووەو، هەم لەلایەکی ترەوە کە لە شۆرەویدا یەکەم ئەزموونی سەرکەوتنی شۆڕشی کرێکاری شکستی خواردو سەرمایەداریی دەوڵەتی دەسەڵاتی گرتە دەست.

فوئاد: زۆربەی ئەو رەخنانەی ئاڕاستەی سیستەمی شۆرەویو بلۆکی ڕۆژهەڵاتی جاران کراونو دەکرێن، وەك سیستەمی سۆسیالیستی ناویان دەبەنو قسە لە ناتەواوییەکانیان دەکەن. ئایا ئەو سیستەمانە سۆسیالیستی بوون؟ ئەگەر سۆسیالیستی بوون چۆن هەرەسیان هێنا؟ ئەگەر سوسیالیست نەبوون، ئەی چ جۆرە سیستەمێك بوون؟ چۆن دەیسەلمێنن ئەوانە سۆسیالیست نەبوون؟

ئازاد: لە پرسیارەکەتاندا کۆمەڵێك مەسەلەی جیاواز دەبینرێن کە پێویستییان بەباسی سەربەخۆو جیاواز هەیە. هەروەك لە پرسیاری پێشوودا بە شێوەیەکی سەرپێیی ئاماژەم بۆ کرد، شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی ئێمە

ڕووی لە شۆڕشی سۆسیالیستی ئۆکتۆبەرو ئەزموونی ئەوە. بەڵام مەسەلەیەک کە لەم پرسیارەدا خۆی بەرجەستە کردۆتەوەو پرسیارێکی تری لەلای من درووست کردووە، ئەمەیە کە ئێمە دەمانەوێت لە کام هەرەسو ئەزموون قسە بکەین؟ هەرەسی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، یان هەرەسهێنانی کەمپی سەرمایەداری دەوڵەتی ژێر ناوی سۆسیالیزم لە سۆڤیەتو ئەورووپای شەرقیو جیهاندا؟ ئەم دوو مەسەلەیە، دوو مەسەلەی لێك جیاوازنو بەڕای من تێکەڵ کردنیشیان نەك هەر دووچاری سەرەگێژەی فیکریمان دەکات، بەڵکو لە لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنەکەشماندا دەمانباتەوە ناو خانەی هەمان ئەو ڕەخنەو هەڵسەنگاندنانەی کە ئەمڕۆ بەشێکی تر لەسەرمایەداری جیهانی (سەرمایەداری بازاڕی ئازادو لیبرالیزمی ڕۆژئاواو لایەنگرانی لە جیهاندا) ئاڕاستەی شۆڕشی ئۆکتۆبەرو سەرمایەداری دەوڵەتی سۆڤیەتو ئەورووپای شەرقی دەکەن. پێشتر وتم کە لە ساڵانی ١٩٢٤-١٩٢٨ بە دواوە مێژووی دەوڵەتو حزبی فەرمانڕەوا لە سۆڤیەتدا، مێژووی کارکردو جووڵانەوەی سەرمایەداری بووەو مێژوونووسانی بۆرژوازی بەدەستی ئەنقەستو بەبەرنامەوە ئەو مێژووە دەشێوێننو بە مێژووی سۆسیالیزمو کۆمۆنیزمییەوە دەبەستن.

سەرەڕای ئەوەش، مەسەلەیەکی تر هەیە لە پەیوەند بە سۆڤیەتو وڵاتانی بەناو سۆسیالیستی پێشووی ئەورووپای شەرقیدا، کە بۆ خۆی قسە هەڵدەگریو پێویستی بە ڕوونکردنەوەیە، ئەو مەسەلەیەش جیاوازی نێوان پرۆسەی جێگیربوونی سەرمایەداری دەوڵەتییە لە سۆڤیەتو وڵاتانی ئەورووپای شەرقیدا، ئەوە ڕاستە کە لە سۆڤیەتو وڵاتانی ئەورووپای شەرقیدا یەك مۆدێلی ئابووریو سیاسی هەبووە، بەڵام واقیعییەت ئەوەیە کە پرۆسەی جێگیربوونی ئەو مۆدێلە ئابووریو سیاسییە، هەم لەڕووی مێژووییو هەم لە ڕووی میکانیزمە ماددیو کۆمەڵایەتییەکانیەوە (بەجیا لە هەندێ کارکردو تایبەتمەندی تر) جیاواز بووە لەگەڵ جێگیربوونی ئەم پرۆسەیەدا کە بۆ نموونە لە ئەڵمانیای شەرقی، یان لە ڕۆمانیاو...تاد بەسەرئەنجام گەیشت. جێگیربوونی سەرمایەداریی دەوڵەتی لە سۆڤیەتدا بەرئەنجامی شکستی ئابووری - سیاسی شۆڕشی سۆسیالیستی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ بوو؛ ئەمە لەلایەك، لە لایەکی تریشەوە من لەو بڕوایەدام کە ئەو سیستەمانەی لە ئەورووپای شەرقیدا بە ناوی سۆسیالیزمەوە قسەیان دەکرد نەك هەر سۆسیالیستی نەبوون، بەڵکو تەنانەت ئەو شۆڕشو ڕاپەڕینە جەماوەرییانەی کە چەندین ساڵ بەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەردا ڕوویاندا لە وڵاتانی ئەورووپای شەرقیدا، هەرچەندە کە لایەنی ڕادیکاڵو سۆسیالیستییان تێدا هەبووە، بەڵام

لە گشتییەتی خۆیاندا شۆڕش‌و ڕاپەڕینی گشت ((گەلی))و بۆ ((سەربەخۆیی نیشتمانی)) بوون کە سەر ئەنجام حزبە تەحریفی‌و بەناو شیوعیەکانیان بەدەسەلات گەیاند، کە بەدەسەلات گەیشتنیان هاوکات بوو لەگەڵ کارکردن بۆ بنیاتنانی هەمان مۆدێلی ئابووری‌و سیاسی سەرمایەداریی دەوڵەتی سۆڤیەتی، لەبەر ئەوە وەکوو کۆمۆنیستێك هەرگیز لەو بڕوایەدا نیم‌و نەبووم کە چ شۆڕشەکانی وڵاتانی ئەورووپای شەرقی‌و چ حزب‌و دەوڵەتانی فەرمانڕوا لەسەردەمی جەنگی ساردا هیچیان سۆسیالیستی بووبن. ئەوە تەنها شۆڕشی ئۆکتۆبەرە کە ئێمە وەك شۆڕشێکی کرێکاری ڕەسەن چاوی لێدەکەین‌و بە شۆڕشێکی سۆسیالیستی دەزانین، کە ئەویش لە نیوەی ڕێداو لە هەمان ساڵەکانی ١٩٢٤ وە، سەرەتای تێکشکان‌و باشەکشەی خۆی دەست پێکردو لەسەرەتای ١٩٣٠ دا بە تەواوی هەرەسی هێنا، بەم مانایە کە دەسەلاتی سیاسی بەدەست هاتووی پرۆلیتاریای ڕوسیا نەیتوانی ئاڵوگۆڕی ئابووری لەو کۆمەڵگایەدا بە مانا مارکسیستی و سۆسیالیستییەکەی بهێنێتەدی، کە هەر خودی ئەو واقعییەتەش بوو بووە هۆی ئەوە کە جارێکی تر بۆرژوازی بریندارکراوی ڕوسیا بتوانێ بزینە ناسیۆنال-پیشەسازییەکانی خۆی بەدەرمانی ((تێزی سۆسیالیزم لە یەك وڵات))و ((هەموو شتێك لە پێناوی پەرەپێدانی پیشەسازیکردنی ڕوسیا)) دا ساڕێژ بکاتەوە...لە وەلامی ئەو پرسیارەشدا کە ئایا گەر ئەوانە سۆسیالیستی بوون بۆ هەرەسیان هێنا، من وتم کە ئەوانە سۆسیالیستی نەبوون‌و سەرمایەداریی دەوڵەتی بوون کە من هۆی هەرەسە کەیان هەڵدەگێڕمەوە سەر ئەو ئەزمە ئابووری‌و تەکنۆلۆژییەی کە لە کۆتاییەکانی ١٩٦٠ وە هەم سۆڤیەت‌و هەم وڵاتانی تری ئەورووپای شەرقی دووچاری بوون.

سەلماندنی ئەوە کە ئەو سیستەمانە سەرمایەداری بوون (کە بوون) یان سۆسیالیزم، بۆ ئێمە کارێکی قورس نییە (ئەگەر قورسییەك لە گۆڕێدا بێت کەمبوونی ماوەی گفتوگۆکەیە)، چونکە بە هێنانە گۆڕێی پرسیارێکی سادەتری وەك ئەمە کە: سەرمایەداری‌و سۆسیالیزم چ جۆرە نیزامێکی بەرهەمهێنان‌و جیاوازییەکانیان لە چیدایە؟ مەسەلەکە زۆر ئاسان ڕوون دەبێتەوە. تا ئەو جێگایەی کە من تێگەیشتووم نیزامی سەرمایەداری یەك نیزامی بەرهەمهێنانی مێژوویی دیاریکراوە، هەروەك نیزامە چینایەتییەکانی پێش خۆی، کۆڵەکە بنچینەییەکانی ژیان (بەرهەمهێنان، گۆڕینەوە، دابەشکردن، بەکارهێنان)ی لەسەر ڕێکخراوەیەکی کۆمەلایەتی کار بنیات ناوە، کە جێبەجێ بوونی پرۆسەی کۆمەلایەتی کارو چۆنیەتی شێوەی

بەشداری کردنی ئینسانەکانی کۆمەڵگای لە پرۆسەی کۆمەڵایەتی بەرهەمهێناندا، لەسەر بناغەی یاسایەك دارشتووە کە ئەو یاسایە تایبەتمەندییەکی دیاریکراوی پێدەبەخشیو لە نیزامە چینایەتییەکانی تری بەر لەخۆی جیا دەکاتەوە. یان بە واتایەکی تر، نیزامی سەرمایەداری بە هەمان شێوەی نیزامە چینایەتییەکانی بەر لەخۆی بناغەکەی لەسەر خاوەنداریی تایبەتی بۆرژواکان بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا دامەزراندووەو ئەوەی کە تایبەتمەندییەکی جیاواز دەبەخشێ پێیو لەنیزامەکانی پێش لەخۆی جیای دەکاتەوە، ئەوەیە کە لەم نیزامەدا بەرهەمهێنانی کالآیی (الانتاج السلعي) زاڵەو سیفەتی کالآیی بەسەر کۆمەڵگادا تەحەکوم دەکا، ئەم پرۆسەی بەکالآ بوونە هەموو بەشەکانی پرۆسەی کار دەگرێتەوەو تیایدا رەنگدەداتەوە. لەبەر ئەوە نەك تەنها توخمی بابەتی کار (واتە کەرەستەی خاوو ئامرازی کار) بەڵکو توخمی خودیانەی ئەویش (واتە هێزی کار) بەناچاری سیفەتی کالآیی بەخۆیەوە دەگرێتو وەك هەر کالآیەکی دیکە هەقی کرینو فرۆشتن، یان تەبادولی دەدرێتێ، کە ئەم راستییەش تایبەتی سیستەمی سەرمایەدارییەو نەك فۆرماسیۆنە (تشکیلە) ئابووری - کۆمەڵایەتییەکانی بەر لەخۆی، مامەڵەو تەبادولی نێوان هێزی کارو سەرمایە لەرێگای پوولەوە ئەنجام دەدرێتو پوول ئەڵقەی پێکەوە بەستنیەتی. بەهای گۆرینەوەی هێزی کار، وەك هەر کالآیەکی تر لەسەر بناغەی خەرجی تێچوونو بەرهەمهێنانەکەیەوە، واتە تێچوونو خەرجی سەر لەنوێ بەرهەمهێنانەوەی هێزی کار یان کرێکارەوە دیاری دەکرێت. ئەنجامدانی ئەم مامەڵەو گۆرینەوەیە لە لایەك توانای بەشداری کردنی کرێکار لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی دا فەراهەم دەهێنێو لەلایەکی تریشەوە توانای بوون بەخاوەنو موڵکدار بوونی زێدەکاری کرێکار دەبەخشێت بەسەرمایەدار. لەبەر ئەوە لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا لە لایەك مەرجی بەشداری کردنی بەرهەمهێنەری راستەوخۆ (کرێکار) لە پرۆسەی کاردا پابەند دەبێت بەوەوە کە ئەو لەسەرەتادا کارەکەی بفرۆشێت، لە لایەکی تریشەوە ئەوە چۆنیەتی وەبەرهێنانی زێدەبایی پرۆسەی کارە کە دەبێتە مەرجی بەشداری کردنی سەرمایە لە مامەڵەو گۆرینەوەی لەگەڵ هێزی کاردا.

لەم رووەوەیە کە دەکرێت بڵێم لە چوارچێوەی نیزامی سەرمایەداریدا، بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی، هەرچەندە لە رێگای بەرانبەرکێی کارو سەرمایەوە ئەنجام دەدرێت، بەڵام ئەوە سەر لەنوێ بەرهەمهێنانەوەی دووەمیانە کە ئیمکانی ئەوەی یەکەمیان فەراهەم دەهێنی. ئەوە ئیتر چۆنیەتی کەڵەکەی سەرمایەیە کە چۆنیەتی هەلومەرجی سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی خاوەنی

هێزی کار دیاری دەکات. لەبەر ئەوە رزگاری یەکجاریو واقیعی بەرهەمهێنەرانی راستەخۆ (کرێکاران) لە پەیوەندییە دیلی هێنەرەکانی سەرمایەداری تەنها کاتێك بە ئەنجام دەگات کە ئەم رژێمەی بەرهەمهێنان سەرەوگۆڕ بکرێتو لە جێگایدا نیزامێکی بەرهەمهێنانی نوی (سۆسیالیزم) بنیات بنرێت. ئەوە یەك راستی بابەتییە کە هەرگیز ناتوانرێ ئەم نیزامە بە قازانجی بەرهەمهێنەرانی راستەوخۆ (کرێکاران) منطقی بکرێت، چونکە (منطق)ی بوونی ئەم نیزامە بە قازانجی کرێکاران، بە پێچەوانەی (منطقی)ی وەبەرهێنانی زێدەباییە. سەرمایەداری لەهەر شێوەو مۆدێلێکی دابێت (کلاسیك، دەوڵەتیو تێکەڵاو)و فۆرمی خاوەنداریی سەرمایە بەهەر شێوەیەك بێت (فەردی، هاوبەش، دەوڵەتیو ئیحتیکاری) هیچ لەو راستییە بابەتییە ناگۆڕێت کە ئەم نیزامە نیزامێکی چەوسێنەرەو لەسەر پایەی کۆیلەیەتی ئینسان بنیات نراوەو دەبێت سەر ئەنجام بەهۆی شۆڕشی کۆمەڵایەتی کۆیلەکانییەوە لە گۆڕ بنرێتو نیزامێکی بەرزترو پێشکەوتوو تر (سۆسیالیزم) جێگای بگرێتەوە. بەم شێوەیە ئێمە گەیشتینە لایەنی دووەمی پرسیارەکە، واتە ئەوە کە سۆسیالیزم چ جۆرە نیزامێکەو جیاوازی لەگەڵ نیزامی سەرمایەداریدا چییە؟

هێزی کاری کرێکار خولقێنەری هەموو بەرهەمو داهاتەکانی کۆمەڵگای سەرمایەدارییە، بە کاڵا بوونی هێزی کار بەمانای بە کاڵا بوونی هەموو ئەو بەرهەمو داهاتانەیە؛ وە بەپێچەوانەشەوە هەر کاتێك هێزی کار سیفەتی کاڵایی بوونی خۆی لەدەستدا، ئەوا ئابووریی کاڵاییش بە هەموو پێناسەو زاراوەکانییەوە (بەهای گۆڕینەوە، پووڵ، یاسای بەها، سەرمایە، قازانج، بەکرێدان، باج،...) هەڵدەوەشێتەوە. بە واتایەکی تر، هەڵوەشانەوەو لە نێوبردنی شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، واتە لەنێوبردنو هەڵوەشانەوەی بەرهەمهێنانی کاڵایی، کە ئەمەش بۆخۆی لەکاتێکدا مومکین دەبێت کە ئەم نیزامە بەشۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار سەرەوگۆڕکرابێتو ئیتر ئینسانەکان ناچارنەبن لە پرۆسەی کاردا هێزی کاری خۆیان بفرۆشن. لە سۆسیالیزمدا سیفەتی سۆسیالیستی بەرهەمهێنان، لەهەمان سەرەتای کارەوە سیفەتێکی گشتیو بەکۆمەڵ دەبەخشێت بەبەرهەمەکان. ئەو گۆڕینەوەیە کە لە هەمان سەرەتای بەرهەمهێنانەوە قەوارە دەگرێت بەسەر بەهای بەرهەمەکاندا زاڵ نییە، بەڵکو بەسەر چالاکی دیاریکراوو پێداویستییەکانو ئامانجی بە کۆمەڵدا زاڵ دەبێت کە ئەوەش

سەرتاپا پابەندی بەشداری کردنی تاکە لە دنیای بەکۆمەڵدا. لە سۆسیالیزمدا ئەوە گشتی بوونی کارەکە دەکەوێتە پێش گۆڕینەوەو کاری تاکە کەس، راستەوخۆ کاری کۆمەڵایەتییە. بە واتایەکی تر، تاکە کەس دەتوانێت بەشێک لە بەرهەمی کۆمەڵایەتی وەربگرێت کە بەپێی کاتی کارەکەیەتی. لە سۆسیالیزمدا لەباتی کار دابەش کردن کە بەناچاری بەهای گۆڕینەوە پێکدەهێنێت، رێکخراوەیەکی نوێی کار دابەشکردن پێکدەهێنرێت کە ئەنجامی ئەو، بەشداری کردنی تاکە کەس دەبێت لە بەکارهێنانی بەکۆمەڵدا. بەکورتی بڵێم، سۆسیالیزم بەمانای جێگیرکردنی پەیوەندییەکانی ژێرخانێکی ئابووری نوێیە بە کۆمەڵگاداو ئەویش بە مانای دامەزراندنی خاوەنداریەی کۆمەڵایەتییە بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا کە کارکردنو بەرهەمهێنان نەک بۆ قازانج، بەڵکو بۆ خۆشگوزەرانی ئینسانەکانی کۆمەڵگایەو لەیەک قسەدا سۆسیالیزم یانی ((لەهەر کەس بەپێی تواناو بۆ هەرکەس بەپێی کارەکەی))..

بەهەرحاڵ ئەوەی کە لە سۆڤیەتدا هەبووە (هەروەها لە وڵاتانی ئەورووپای شەرقی)، سەرەرای کارکردنو خەباتی چینی کرێکاری سۆڤیەت بۆ جێگیر کردنی ئەم نیزامە ئابووری، سیاسیو کۆمەڵایەتییە، نیزامێک بووە کە بە پێچەوانەی ئەمەی دووەمیانەوە بووەو رێکی ئەوەی یەکەمیان (سەرمایەداری) بووە، بەڵام لە شێوەی تایبەتی خۆیدا، کە ئەویش شێوەو مۆدێلی سەرمایەداریەی دەوڵەتی بووەو ئەو مۆدێلە سەرمایەدارییەش تایبەتمەندیەی دیاریکراوی خۆی هەیە کەلەم گفتوگۆیەدا مەودای چوونە سەر باسکردنی نییە...

دلێر: بێگومان دەیان ساڵە لەناو بزوتنەوەی کۆمۆنیستی لە ئاستی دنیادا ئەو مەسەلەیە کۆتایی پێهاتووەو ئەوە ساغکراوەتەوە کە شۆرەویو سەرجەمی وڵاتانی سەر بەبلۆکی رۆژهەڵات سیستەمی سۆشیالیستی نەبوونو لە هیچ کام لەو وڵاتانەدا دەسەڵاتی چینی کرێکار لەئارادانەبوو، بەڵکو بە پێچەوانەوە سەرمایەداری بوون.

ئەو میتۆدەی کە پێی وایە شۆرەویو بلۆکەکەی سیستەمی سۆشیالیستی بوون، ئەو میتۆدە بە تەواوەتی سەقەتەو ئەمرۆ دەوڵەتانی ئیمپریالیستیو بۆرژوازی جیهانی لە شەرێکی چینایەتیدا لە بەرامبەر کۆمۆنیزمو چینی کرێکاردا بەدەستیانەوە گرتووەو پەیرەوی دەکەن.

ئەگەر تۆزێ وردتر لە مێژووی شۆڕەوی بڕوانین، ئەو ڕاستییانە ڕۆشن دەدرەوشێنەوە کە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەرو بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات لەلایەن شوراکرێکارییەکان جارێکی تر لە ئەنجامی کۆمەڵێ هۆکاری زاتیو بابەتیو هەوڵەکانی بۆرژوازی لە ئاستی جیهانیو (محلی) دا، شۆڕش شکستی خواردو چینی کرێکار لە مەیدانی سیاسیدا لە دەسەڵات هێنرایە خوارەوەو سەرمایەداری بە شێوەیەکی دیاریکراو هاتەوە سەر شانۆی دەسەڵات بە تایبەتی لە نیوەی دووەمی بیستەکانەوە، لە کاتێکدا کۆمەڵێ پاشەکشە لە شۆڕشدا بەدیهات لە ڕووی ئابوورییەوە، لێرەوە بەرە بەرە هەلومەرجی سەرمایەداری بەرجەستەتر خۆی پیشانداو خودی پرۆسەی بەرهەمهێنانو دابەشکردنی داهات لەژێر چاودێری شوراکان هێنرانە دەرەوەو خرانە ژێر دەستی دەوڵەتەوە، بەم شێوەیە گەشەی سەرمایەداری لە شۆڕەوی جاراندا زەمینەی بۆ گەشەی بیرۆکراتییەتو دەسەڵاتی تاکڕەوی حزبو کەسەکان خۆشکرد.

ئێمە دەمانەوێ لێرەدا ئیشارە بەمەسەلەیەک بکەین کە لەناو (کرێکارانی ئەنتەرناسیۆنالیست) دا ڕوانگەی جیاواز بۆ ئەم مەسەلەیە بەرچاو دەکەون. هەیە زیاتر درێژە پێدەری ڕەخنەکانی سەرکردە بەلشەفییەکانی ترە لە ستالینو دەسەڵاتی بیرۆکراتیو ...هتد،وە ئەم بیرۆکراتییەتە بەهۆی یەکەمی کرمێ بوونی دەوڵەتو شووراو حزبو شۆڕشو، بەواتایەکی روون، بە هۆی لەباربردنی شۆڕشی سۆسیالیستی لە شۆڕەویدا دەزانن.

دیارە هۆکاری بابەتی زۆرن کە زەمینەی شکستی شۆڕشی ئۆکتۆبەریان هێنایە ئاراوە، بە تایبەتی ئاکامەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی. بەڵام هۆکاری بنچینەیی لەم چەند خاڵەدا بەرجەستە دەبێتەوە:

١) سەرنەکەوتنی بەدیلی ئابووری کرێکاران، بە واتای خاوەندارێتی گشتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لە ڕێگەی دەسەڵاتی شورا کرێکارییەکانەوە.

٢) هۆیەکی تر کە پەیوەندی بە هۆی پێشووەوە هەیەو لەوێوە زەمینەی بۆ خۆشبوو، ئەویش هاتنە کایەی دەسەڵاتێکی بیرۆکراتی ناسیۆنالیستی بوو کە لە ژێر ناوی بەرگریکردن لە نیشتمانو سەرکەوتنی سۆسیالیزم لە تاکە

وڵاتێکداو پێکەوە ژیانی ئاشتی (التعایش السلمی) گورزی گرانی لە ئەنتەرناسیۆنالیستی کرێکاری وەشاندو بەو بیانووانەی کە لەسەرەوە باسمان کرد کەوتە سەنگەری بەرگریکردن لە حکومەتە سەرمایەدارییەکانی وڵاتانی ئەڵمانیاو بەریتانیاو ...تاد، تەقەللای کێشکردنی بزوتنەوەی کرێکاران بەرەو سازش (مساومە)و ڕێککەوتنو دوورکەوتنەوە لە خەباتی شۆڕشگێرانە.

٣) کۆمەڵێ هۆی تریش کە دەوریان هەبوو لە داڕزینو ئەستاندنەوەی دەستکەوتە کرێکاریو شۆڕشگێرییەکان وەك گەمارۆی ئیمپریالیستیو هاریکاری هێزە بۆرژوازیو کۆنەپارێزەکانو قەلاچۆکردنی کەسو گروپە شۆڕشگێرەکان، سەپاندنی دەسەڵات بەسەر کرێکارانو جوتیارانو نەتەوە جیاجیاکانو زیندوکردنەوەی د.مودەزگا سەرکوتگەرییەکان.

بەم شێوەیە سەرمایەداری توانی بگەرێتەوە بۆ دەسەڵاتو کاریگەری خۆی لەسەر هەلو مەرجی جیهانی سەرمایەداری دابنێو وەك بلۆکێکی دیاریکراو شکل بگرێت.

فوئاد: ئەو رەخنەیەی ئیمرۆ لە ئارادایەو لە ئەزموونی شۆرەوی و دەوڵەتەکانی بلۆکی رۆژهەڵات دەگیرێت، لەسەر لایەنەکانی سەرخانی کۆمەڵایەتی چەق دەبەستێت. بۆ نموونە: مەسەلەی دیکتاتۆریو دیموکراسی، دەوری تاکە کەس وەك ستالین، چارەسەر نەکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی، بایەخ نەدان بە لایەنی رۆحی، بیرۆکراسی، دۆگماتیزم، پێشبڕکێی خۆپڕ چەك کردن، بەهەڵەدا چوون لە شیکردنەوەی ماهییەتی ئیمپریالیزم ..هتد، بە هۆکارەکانی هەرەس دەزانێت لەبری ئەوەی بە ئەنجامیان دا بنێت. لە ڕوانگەی بەرێزتانەوە دەبێت رەخنەی زانستی پشت بە چ بنەمایەك ببەستێتو چۆن ئەو دیاردانەی سەرەوە شیدەکرێنەوە؟

دلێر: دەستبردنی مارکسیستەکان بۆ لێکۆڵینەوەی هەر دیاردەیەکی لەم جۆرە، هەرگیز نابێ لەدەستبردن بۆ دیاردەیەکی ترو هاوکاتو هاو زەمانەوە هەستێت، بەڵکو دەبێ ئیشارە بە هۆکاری بنەڕەتیو گشتی ئەم دیاردانە بکرێ.

رەخنەی مارکسیستی لە بنەڕەتدا کە پشت بە ماتریالیزمی مێژوویی دەبەستێت، لەهەر دیاردەو ڕووداوێکدا هۆیە سەرەکیو ریشەییەکان دەدۆزێتەوەو دەناسێت؛ دیاردە بەدیهاتووەکانیش لە درێژایی زەماندا بەدەوری خۆیان کاریگەری لەسەر رەوتی گەشەو بەرەو پێش چوونی وەزعەکە دائەنێن.

ئەو دیاردانەی کە بەڕێزتان ناوتان بردوون، دیارە ئەوانیش بەڵگەی زیاترن بۆ سەرمایەداری بوونی ئەو رژێمەو غەیرەکرێکاری بوونی، وەك دوورکەوتنەوە لە وەڵامدانەوەی داخوازییە ئابوورییەکانو ئاراستە کردنی ئابووری وڵات ڕووەو ئابووری سەربازیو پێشبرکێ لەگەڵ رۆژئاوادا، سەندنەوەی دەسەڵات لە شوراکان لە مەیدانی ئابووریو سیاسیو کۆمەڵایەتیدا، دان نەنان بەمافی دیاریکردنی چارەنووسی میللەتانو ریگرتن لەسەر بەخۆیی تەواوەتیو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆیانو پیادەکردنی سیاسەتی پشتگیری کردنی بۆرژوازی نیشتمانی لە وڵاتانی دواکەوتووو ژێر دەستەی ئیمپریالیزمداو...هتد. ئەوەی لێرەدا ئێمە مەبەستمانە بیڵێین ئەوەیە کە ئەم دیاردانەی سەرەوە بەرئەنجامی حەتمیو ئاسایی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بوون لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوودا.

دیارە ئەم دیاردانە کاریگەری خۆیان هەبووە لەسەر وەزعیەتی بۆرژوازی لە شۆرەویداو تەنانەت لەسەر هەرەسەکەش. بەڵام هۆکاری سەرەکیو بنچینەیی دەگەرێتەوە بۆ پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنانی سەرمایەداریو هەلومەرجی بابەتی سەرمایەداریی دەوڵەتی بە بەراورد لەگەڵ سەرمایەداریی بازاڕدا.

ئازاد: تایبەتمەندی بنچینەیی میتافیزیکییەتی بۆرژوازی لە شیکردنەوەو تەفسیر کردنی کۆمەڵگاو مێژوودا، ئەم خاڵە پێکدەهێنێت، کە بە پێچەوانەی ماتریالیزمی دیالێکتیکی مارکسەوە، لەجیاتی دەستپێکردن لە جووڵانەوەو پرۆسەکانەوە لە شتەکانو دیاردەکانەوە دەست پێدەکات. بەم مانایە کە

شتەکانو دیاردەکان لە پەیوەندیو جوولانەوەیان جیا دەکاتەوەو شتەکانو دیاردەکان بە شێوەیەکی وشکو لێکجیا لە پەیوەندییان جیا دەکاتەوەو دەیبینێ. یان بە واتای مارکس (( شێوەی بیرکردنەوەی زانایانی بۆرژوا، لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە دەماخی ئەوان، هەرگیز بێجگە لە شێوەی دەرەوەی پەیوەندییەکان هیچ عەکس ناکاتەوەو فیکری ئەوان ناتوانێت پەی ببات بە پەیوەندی پێکەوە بەستراوەکانیانو لە راستیدا ئەگەر بڕیار بێت بەم شێوەیە کار بکرێت، واتە بیرکردنەوە لە ئاستی شێوەی دەرەوەی دیاردەکانو واقیعییەتی مەلموسدا بمێنێتەوە، ئیتر زانست چ زەرورەتێکی هەیە)) [نامەیەکی مارکس بۆ ئەنگلز]. بەهەر حاڵ لەوەلامی پرسیاری یەکەمدا تەئکیدم لەسەر ئەوە کرد کە رەخنەی زانستیو سۆسیالیستی بۆ ئەزموونی شۆڕشی کرێکاری لە سەرەتادا، رەخنەیەکی ئابووری-سیاسییە. کەسانێك کە دێن ئەزموونی سۆڤیەت لەو دیاردانەوە هەڵدەسەنگێنن، بە بڕوای من ئەمە هەر ئەو شێوە میتۆدە بۆرژوازییەیە کە مارکس دەیداتە بەر رەخنە. سیاسەتمەدارو مێژوو نووسێکی بۆرژواو میتۆدەکەی ناتوانن لەبەر درەختەکان جەنگەڵ ببینن،و لێرەوەیە کە ئەزموونی شۆڕشی کرێکاری ئۆکتۆبەر لەروانگەی توێژێکی تر لە بۆرژوازی (سەرمایەداری بازارو لیبرالیزم )یەوە دەداتە بەر رەخنەو سەرمایەداریی دەوڵەتیو هەرەسهێنانی ئەو یەکسان دەکات بەهەرەسی شۆڕشی ئۆکتۆبەرو سۆسیالیزم. من پێشتر ووتم کە شیکردنەوەی ماتریالیستی مارکس بۆ کۆمەڵگایەکی دیاریکراو، لە هەنگاوی یەکەمداو بەر لەوەی بچێتە سەر لێکدانەوەی بەشە پێکهێنەرەکانی، ئەو کۆمەڵگایە وەك ئۆرگانیزمێکی زیندوو دەبینێتەوەو گۆڕانو ئاڵوگۆڕو کارو کاردانەوەی بەشە پێکهێنەرەکانی لەسەر یەکتری دەبەستێتەوە بە یاسا زاڵەکان بەسەر بەرهەمهێنانو ژێرخانی ئابووری کۆمەڵگادا! ئێمەش هەرگیز نکوولی لە پاشە کشەو بۆ دواوە گەڕانەوەی ئەو ئاڵوگۆڕو مەسەلە سەرخانیو ئیدارییانەی سۆڤیەت ناکەین، بەلام ئەوانە هەرگیز وەلامی ئەم پرسیارە نادەنەوە کە بۆچی ئابووریو بەرهەمهێنانی سۆسیالیستی لە سۆڤیەتدا جێگیر نەبوو، یان هەوڵەکان بێ سەرئەنجام مانەوە؟ لەبەر ئەوە رێك خاڵی جیاکەرەوەی میتۆدۆلۆژی ئێمە بۆ ئەزموونی سۆڤیەت لەو پرسیارەوە دەستپێدەکات. بەبڕوای ئێمە ئەو جۆرە لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنانە لە دوا ئەنجامیشدا ناتوانن بە شێوەیەکی هەمە لایەنە ئەو دیاردانەش کە خۆیان پەنجە دەخەنە سەریان ڕوون بکەنەوە. لە ڕوانگەی چینی کرێکارو مارکسیزمەوە، شۆڕشی سۆسیالیستی لە بناغەوە شۆڕشێکی ئابوورییەو تەنها لەسەر ئەو

بناغەوەیە کە دەتوانێت شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بێت. تەوەرەی شۆڕشی کۆمەڵایەتی‌و سۆسیالیستی، ئاڵوگۆڕو گۆڕانی شۆڕشگێرانەی ئابووری کۆمەڵگایە. مەسەلەی دیموکراسی‌و ...بەهیچ شێوەیەك ناتوانێت ڕەخنەیەکی زانستیانەو دیالێکتیکی بێت لە شۆڕشی کرێکاریی سۆڤیەت، چونکە کاتێك ستالینێك پەیدا دەبێت‌و بە شێوەیەکی توندو تیژ جوتیاران دەستکۆتا دەکات، ئەمە بزوێنەرێکی نەفسی‌و خودی شەخسی ستالین نییە، بەڵکو ئەمە بەرجەستە بوونی ئەو توندو تیژییە چینایەتییەیە کە بۆرژوازی پیشە سازی روسیا، هەروەك بۆرژوازی بەریتانیاو ...لەسەرەتای سەرهەڵدانیەوە، لەبەرانبەر جوتیاران‌و وردە بەرهەمهێنەراندا بوویەتی. لەبەر ئەوە کەسێك کە قسە لە توندو تیژی‌و دیکتاتۆری‌و کەللە ڕەقی ستالین دەکات، دەبێت فاکتەرە بزوێنەرە دەرەکی‌و چینایەتییەکەی بۆ ئەو پراتیکە تەوزیح بدات.

مەسەلەیەکی تر کە لە پرسیارەکەدا سەرنجی ڕاکێشام‌و لە زمانی زۆرێك لە نووسەران‌و پسپۆڕانی بۆرژوازییەوە دەبیستم ئەوەیە کە دەڵێن: هۆی هەرەسهێنانی شۆڕشی ئۆکتۆبەرو سەرمایەداریی دەوڵەتی‌ی ژێر ناوی سۆسیالیزم، دەگەڕێتەوە سەر بەهەڵەدا چوونی لینین لە شیکردنەوەی ئیمپریالیزمدا، بەڵام بەڕای من ئەو جۆرە تێڕوانینە بۆ لینین‌و شیکردنەوەی ئەو لەسەر ئیمپریالیزم کە لە کتێبی ((ئیمپریالیزم بەرزترین قۆناغی سەرمایەدارییە)) دا بەیانی کردووە، هیچ شتێك نییە جگە لە ئیتتیهام کردنێکی بێ ناوەڕۆکی سیاسییانەی لینین‌و سەنگەرگرتنێکی ڕاستڕەوانە لەبەرامبەر ئەو ڕابەرە تێکۆشەرەی ڕێگای ڕزگاری مرۆڤایەتیدا. ئەوەندەی کە من سەرەنجم داوەتە سەر شیکردنەوەکەی لینین لەسەر ئیمپریالیزم، بەش بەحاڵی خۆم بە زانستی ترین شیکردنەوەی دەبینم لەسەر سەرمایەداری لە دوا قۆناغی خۆیدا، بە تایبەتی ئەمڕۆ ئەو پێشبینیانەی ئەو دەربارەی ئیمپریالیزم هەزاران جار ڕاستی بوونی خۆیان سەلماندووەو ئەمڕۆ کەسێك بیەوێت ئیمپریالیزم بناسێ‌و خەباتی لە دژ بکات، بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەو شیکردنەوەیە مومکین نییە...

فوئاد: هەندێك هۆکاری هەرەسهێنان بۆ وشکەوە بوون‌و بنبەستی مارکسیزم دەگێڕنەوەو لە ڕێی بەراوردکردنی تیۆری‌و پراکتیك لە ئەزموونەکەدا هەرەسەکە لێکدەدەنەوە. ئێوە لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟

ئازاد: مارکسیزم وەك بەیانی فیکریی بزوتنەوەی دژی سەرمایەداری چینی کرێکارو زانستی رزگاری یەکجارەکی ئەو لە رژێمی کۆیلەیەتی کرێ گرتەیی سەرمایە، مەسەلەیەکەو مەسەلەی سۆڤیەتو پراکتیکەو تیۆری ستالینو دەوڵەتەکەی شتێکی ترە. هەزار سۆڤیەت بێتو بڕوات بەقەدەر نووکە دەرزییەك ئەو حەقیقەتە کەم ناکاتەوە کە مارەسیزم هەم زانستی کۆمەڵو مێژوو ناسییەو هەم رەخنەی شۆڕشگێڕانەی فیکریو سیاسی پرۆلیتاریایە لەم رژێمە.

مارکسیزم سەرەڕای ئەوەی کە بە سۆڤیەتو ئەورووپای شەرقییەوە گرێنادرێت، لە هەمان کاتدا وەك زانستی رزگاری ئەو چینە کۆمەڵایەتییە (کرێکار) دەمێنێتەوەو هەردەم لەگەشەو بەرەو پێشەوە چووندا دەبێت، چونکە کۆمەڵە راستییەکی مێژوویی‌و چینایەتی روون کردۆتەوە کە هەتا سەرمایەدار هەبێت، هەتا چەوساوەو چەوسێنەر هەبێت، ئەویش بەهێزی خۆی دەمێنێتەوە.

دلێر: بۆرژوازی جیهانی بەر لە رووخانی بلۆکی ڕۆژهەڵاتیش گەلێك جارو بەگەلێك وەسیلەی جۆراو جۆر هەوڵی داوە بە بنبەست گەیشتنی کۆمۆنیزمو تیۆری مارکسیزم بسەلمێنێ؛ هەرەسهێنانی شۆرەوی زەمینەی ئەم هەولانەی بۆرژوازی خۆشترکردو دەرفەتێکی گونجاوتری بۆ پێکهێنا تا کاریگەرتر هێرش بکاتە سەر چینی کرێکارو ئاسۆو ئامانجە چینایەتییەکەیو، بنبەستی بەشێك لە بۆرژوازی کە لە ڕوانگەی چینی کرێکارەوە بەسەرمایەداریی دەوڵەتی ناسراوە، بە بنبەستی مارکسیزم لەقەڵەم بداو سۆشیالیزم وەك خەیاڵو سەرمایەداریش وەك رژێمێکی ئەبەدی بە گوێی کرێکاراندا بدات.

گەرچی لەمەو پێش بە ڕۆشنی ئاماژەمان بەوەکرد کە چۆن دەسەڵاتی چینی کرێکار لە شۆرەویدا شکستی خواردو جارێکی تر بۆرژوازی دەسەڵاتی گرتەوە دەست. ئێستا با بزانین مارکسیزم چ جێو شوێنێکی کۆمەڵایەتی هەیەو بە چ پاسایەکی بابەتیو مێژوویی هەر بە زیندوویی دەمێنێتەوەو لە هیچ کاتو ساتێکدا تووشی بنبەست بوون نابێت؟

مارکسیزم عەقیدەیەکی وشكو بەستەڵەك نییە. لە ئەنجامی وەحیو

ئیلهامێکی ئایارەوە یان داهێنانی فلانە پیاو چاکو ڕۆشنبیرو سەرکردە نییەو سەری هەڵنەداوە، بەڵکو مارکسیزم بەرهەمی کەلەپووری مێژووی کێشەی چینایەتییە لە هەناوی کۆمەڵی سەرمایەداریدا لە میانەی زانستو فەلسەفەو ئابووریو مێژوو..تاد تا لەم سیستەمەدا کێشەی چینایەتیو کاری کرێ گرتەو قازانجو بازاڕ هەبێت مارکسیزمیش وەك عیلمی ڕزگاری چینی کرێکار هەر زیندووەو ڕابەری کارکردنە لە مەیدانی تیۆریو سیاسیو پراکتیکدا، بۆیە پێویستە کۆمۆنیستەکان ئەم لافو گەزافانەی بۆرژوازیو دەوڵەتانی ئیمپریالیستی پووچەڵ بکەنەوەو بەبەڵگەی واقیعیو ڕۆشن کرۆکی مەسەلەکە بۆ بیروڕای گشتیو بە تایبەت بۆ کرێکارانو زەحمەتکێشان دەربخەن.

پێویستە کرێکاران بە ڕۆشنی لەوە حاڵی ببن کە هەرەسهێنانی شۆرەوی بنبەستی مارکسیزم نییە؛ بەڵکو ناشایستەییو بێ توانایی بۆرژوازییە لە حوکمڕانی کۆمەڵگادا، بەڵگەیەکی بابەتییە بۆ ئەوە کە هیچ چەشنێك لە ئابووری سەرمایەرداری، نە دەوڵەتیو نە بازاڕ، هیچ شێوەیەکی دەسەڵاتدارێتی بۆرژوازی، نە دیکتاتۆریو نە پەرلەمانیو نە فرە حزب..هتد ناتوانێ لە بەڕێوە بردنی کۆمەڵدا وەڵامدەرەوەی داخوازیو داواکارییەکانی جەماوەری بەش مەینەت بێ. تەنهاو تەنها هەڵوەشاندنەوەی خاوەنداریی تایبەتییە، لە ڕێگەی دەسەڵاتی شورا کرێکارییەکانەوە کە دەتوانێ زامنی بەڕێوە بردنی کۆمەڵگا بێو هەلومەرجی ئازادیو یەکسانی واقیعی بڕەخسێنێو کۆمەڵ لە لێواری مەرگو نەمانو شەڕو شۆڕی سەرمایەداران دووربخاتەوە.

فوئاد: لەم جیهانەی ئیمڕۆدا، کە سەرمایەداری باڵادەستەو هەتا دێت زیاتر جیهانگیر دەبێتەوە؛ ئایا ئەم سیستەمەی سەرمایە دەتوانێت بەدیلی سۆسیالیزم بێت؟ ئایا ناکۆکی کارو سەرمایەی پێ چارەسەر دەکرێت؟ ئایا خۆشگوزەرانی بۆ بەشەرییەت دابین دەکات؟ زانستو تەکنۆلۆژیا چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە بنەبڕ دەکات؟ ئەگەر نا، بەڵگەتان چییەو ئاسۆی دوارۆژی ئەم جیهانە چۆن دەبینن؟

دلێر: سەرمایەداری هەرچەندە گەشەکردوو و جیهانگیرتریش بێ ناتوانێ ببێتە بەدیل بو سۆشیالیزم، چونکە دامەزراندنی سۆشیالیزم بەستراوەتەوە

بە هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارێتی تایبەتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، کە پایەی بنچینەیی بوونی سەرمایەدارییەو پەیوەندییەکانی نێوان کارو سەرمایەی راگرتووە.

بۆ زیاتر پووچەڵکردنەوە یان سەلماندنی ئەو راستییەی کە سەرمایەداری لە توانایدا نییە ببێتە بەدیل بۆ سۆشیالیزم، بە پێویستی دەزانین ئاورێک لە باری ژیانو گوزەرانی خەڵک بدەینەوە کە چۆن لەگەڵ ماهییەتی ئەم دنیایەدا نایەتەوە.

ئەمرۆ زۆربەی جەماوەری چینو توێژەکان بە تایبەتی کرێکارانو زەحمەتکێشان هەستیان بەبێ توانایی ئەم سیستەمە کردووە لە وەڵامدانەوە بە داخوازییە ئابوورییەکانی خەڵکو داخستنی زۆر لە کارگەو کارخانەکانو بوونی سوپایەکی بێکاری فراوانو بێ سەرەو بەرەی بەرهەم هێنانو کەڵەکەی بەرهەمێکی زۆر، بێ بازاڕی، کەمبوونەوەی وەزعی ریفاهیو تەندروستی هاوولاتیان، تیرۆرو گرتنو پێشێل کردنی ئازادییە دیموکراسییەکان، بەرز بوونەوەی تەوژمی کۆنەپەرستیو راسیستیو شەڕی خوێناویو کۆنەپەرستانەی نێوان میللەتە جۆراو جۆرەکانو ...هتد سیمایەکی واقیعی داڕزیوو کرمێ بوونی ئەم سیستەمە نیشان ئەدەن.

چاوخشاندنێک بە وەزعی کرێکارانی ئەمریکاو بەریتانیاو ئەڵمانیاو تەنانەت سوێدی تا دوێنێ کرو هێمنیشدا ئەم راستییانە دەسەلمێننو بەسەرکردنەوەیەکی سەرپێیی شەڕەکانی بۆسنەو هەرسکو شەڕی کۆمارەکانی پێشووی سۆڤیەتو شەڕی خەلیجو ...هتد نەک هەر مژدە دەری بەدیهاتنی خۆشگوزەرانی بۆ مرۆڤ نییە، بەڵکو ڕاگەیاندنی مەرگی بەکۆمەڵی مرۆڤو تەلاچۆو لێ سەندنەوەی دەستکەوتەکانیانو ژیانەوەی بیروڕای کۆنەپەرستو داڕزیوەکانی سەدەکانی ناوەڕاستە. بۆیە تەنیا بەدیل کە دەتوانێ چارەسەری هەموو ئەم شتانە بکاو بۆ یەکجاری بنەبڕی چەوسانەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە بکات بریتییە لە هەڵوەشانەوەی ئەم سیستەمەو پێکهێنانی ئاڵو گۆڕێکی ئەساسی لەژێر بینای کۆمەڵگادا.

زانستو تەکنۆلۆژیا نەک هەر ناتوانێ چەوسانەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە بنەبڕ بکات، بەڵکو لە ژێر سایەی نیزامی سەرمایەداریدا ئاکامو

بەرهەمەکەی لەوە باشترو زیاتر نییە کە ئەمرۆ لە ولاتانی ئەوروپای پێشکەوتوودا دەبینرێن هەر لە بەکۆمەڵ دەرکردنی کرێکارانو سەخت کردنی هەلومەرجی کارکردنو خۆ پڕ چەک کردنو بەرپاکردنی شەڕی وێرانکارانەو هتد. وەهەر پێشکەوتنێکیش لەم بوارەدا بێتەدی بۆرژوازی لە پێناوی پاراستنی دەسەڵاتو زۆرترین قازانجدا بەکاری دەهێنێت.

بە پێی هەموو ئەم واقیعییەتانە تەنیا ئاسۆی ڕوونی دوارۆژ هەر دامەزراندنی سۆشیالیزمە لە ڕێگەی شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکارەوە.

ئەگەر چی ئەمرۆ بزوتنەوەکەمان بە هەلومەرجێکی تایبەتیدا تێدەپەڕێو دەیان کۆسپو تەگەرە بەرۆکیان بە کرێکارانو هێزە کۆمۆنیستە شۆڕشگێڕەکان گرتووە، بەلام ئەوە هیچ لەو ڕاستییە کەم ناکاتەوە کە تەنیا بەدیلی ئەم دنیایە سۆشیالیزمە! بەڵکو زیاتر پێویستیمان بە هەوڵو تێکۆشانە بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنو کەلەبەرانەو تەخت کردنی ئەو کەندو کۆسپانەی کە پێشیان بە حەرەکەتی بزوتنەوەکەمان گرتووە، بە تایبەتی لە کاتێکدا خودی هەرەسی شۆرەوی گرنگییەکەی زیاتر سەلماندون، وەک زەرورەتی هەستانەوەو ژیانەوەی ئەنتەرناسیۆنالێکی نوێی پرۆلیتاری، ئەنتەرناسیۆنالێك کە هاوکاری بەرنامەیی‌و سیاسی‌و ڕێکخراوەیی کرێکارانی جیهان بەرجەستە بکاو زادەی هۆشیارانەی وەزعییەتی ئێستا بێت نەك شتێکی ڕواڵەتی‌و بانسەری (فوقي)، بەڵکو لەمەیدانی عەمەلیدا ناکامی‌و مایە پووچی تێزە بۆرژوازییەکانی لەمەڕ دامەزراندنی سۆشیالیزم لە تاکە ولاتێکداو قۆناغ بەندییەکانی شۆڕش بخاتە ڕووو پووچیان بکاتەوە، کە ئەمانە بەڕوونی لەبەرنامەو پرۆژەی کاری ((کرێکارانی ئەنتەرناسیۆنالیست)) دا تەئکیدیان لەسەر کراوە.

بە بڕوای ئێمە مێژووی چەند ساڵی داهاتوو بریتی دەبێ لە خۆڕاگرتنو پاراستنی دەستکەوتە بەبیهاتووەکانی کرێکارانو خۆ دابڕینی تەواو لە بزوتنەوە غەیرەکرێکارییەکانو گەشەکردنی هەمە لایەنەی کۆمۆنیزم کە لە دوا شیکردنەوەدا بەپێی زەروورەتێکی مێژوویی ئەم دنیایەی ئەمرۆ ژێرەو ژوور دەکاتو سۆشیالیزم وەك سیستەمێکی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی دەسەڵاتی شورا کرێکارییەکانەوە بەسەر هەموو مەیدانەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەچەسپێت.

ئازاد: هەروەك لە وەڵامی پرسیارێکی تردا ئاماژەم بۆ کرد، سەرمایەداری‌و سۆسیالیزم دوو ڕژێمی بەرهەمهێنانی مێژوویی‌و کۆمەڵایەتی دژ بەیەکن، کە یەکێکیان تەعبیر لە چەوسانەوەو کۆیلەیەتی ئینسان دەکات‌و ئەوی تریشیان تەعبیر لە هەنگاوی یەکەم بۆ رزگاری‌ی ئینسان‌و گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی یەکسان‌و ئازاد (کۆمۆنیزم) دەکات. دیارە ئەوەی یەکەمیان (سەرمایەداری) هەرگیز ناتوانێت ببێتە ئاڵتەرناتیڤی ئەوەی دووەمیان (سۆسیالیزم)، بە پێچەوانەوە ئەوە ئەوەی دووەمیانە کە دەبێتە ئاڵتەرناتیڤی ئەوەی یەکەمیان. ئەمە حوکمی مێژووەو خۆش خەیاڵی‌ی کۆمەڵە کەسێك نییە لە کۆمەڵگادا، چونکە رزگاری‌و گەیشتن بە ئازادی‌و یەکسانی ئاوات‌و هیوای هەزاران ساڵەی بەشەرییەتی چەوساوە بووەو تا دەست ڕاگەیشتن پێی، ئەو ئاوات‌و ئارەزووە هەر بە هێزی خۆی دەمێنێتەوە...

زانست‌و تەکنەلۆژیا لە ژێر سایەی رژێمی سەرمایەداریدا چەندە بەرەو پێشەوە بچن نەك هەر ناکۆکی کارو سەرمایەیان پێ چارەسەر ناکرێت، بەڵکو ئەو ناکۆکییە لە چوار چێوە مێژوویی‌و جیهانییەکەیدا توندو تیژتر دەکاتەوەو هەر بەو ڕادەیەش کوێرەوەرییەکانی ئینسانی کرێکارو زەحمەتکێش، وەك جەنگ، بێکاری، هەژاری، گرانی...تاد پەرە پێدەدات. بە کورتی بڵێم: ئەمڕۆ سەرەڕای هەر جۆرە پێشکەوتنێکی گەورەی زانست‌و تەکنۆلۆژیا لە جیهاندا، جیهانی سەرمایەداری لەگەڵ دەیان هەزار گیروگرفت‌و ناکۆکیدا بەرەو ڕوو بووەتەوە، کە ئەم گیروگرفتانە دنیای ئەمڕۆ بە خاڵی وەرچەرخانێك دەگەیەنن کە ئاسۆی رزگاری یەکجاری بە ڕووی بەشەرییەتی چەوساوە پەخش دەکاتەوە لە چوارچێوە مێژوویی‌و جیهانییەکەیدا، واتە هەر ئەوشتەی کە ماتریالیزمی مێژوویی دەربارەی گۆڕانی کۆمەڵگاو مێژوو پێشبینی کردبوو ئەمڕۆ خۆی لە واقعییەت نزیکتر کردووەتەوە. بێگومان گەیشتن بەو خاڵی وەرچەرخانە لە کورتترین ماوەدا، پابەندە بەوەوە کە تا چەندە پرۆلیتاریای جیهانی پەی بە ئەرك‌و پەیامە مێژووییەکەی خۆی دەبات‌و تا چەند دەتوانێت هەرچی زیاتر خۆی لەژێر ئەم شیعارەدا (کرێکارانی جیهان یەکگرن) ڕێك بخات؟.

# ڕاگەیاندنێک دەربارەی هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆیی لە کوردستاندا!

جەماوەری خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان

بۆ جارێکی دیکە حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان سەنگەریان لە یەکتری گرتەوەو شەڕێکی سەرتاسەرییان دژی یەکتری ڕاگەیاند. ئەمە یەکەم جار نییە میلیشیا چەکدارەکان دەست بە خوێنی یەکتریدا بکەنو چارەنووسی خەڵکی بەشمەینەتی کوردستان بەر مەترسییەکی حەقیقی بخەن. جەماوەری خەڵکی کوردستانو هێزە پێشکەوتنخوازەکان ئەم حەقیقەتە دەزانن و چاوەڕوان بوون لە هەر کات و ساتێکدا بیانوویەکی بچووک ببێتە چەخماخەی هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆ.

شەڕی ئەمڕۆ درێژەپێدانی زنجیرەی ئەو کارەساتە لەمێژینەی شەڕی ناوخۆیە کەسەرجەم جەماوەری خەڵکی کوردستان (٣٠) ساڵە بە دەستییەوە دەناڵێنن. جا ئەگەر لە دەورانی پێشوودا بە حوکمی هەل و مەرجی سیاسی ئەوسای کوردستان هەر لایەنە بەڵگەو بیانووی بۆ شەڕی ناوخۆ هێنابێتەوەو، بەم یان بەو شێوە خەڵکیان قایل و دەم کوت کردبێت، ئەوا لەسایەی هەل و مەرجی سیاسی ئێستای کوردستان دا هیچ بیانوویەک بۆ شەڕو پێکدادانی نێوان ئەم دوو هێزە نییە کە حوکمڕانی کوردستانیان نیواونیو بەش کردووە. حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان لە پێناوی یەک لایی کردنەوەی ناکۆکییەکانی نێوانیان و تاکڕەوی سیاسی لە گۆڕەپانی کوردستاندا، بێ ئەوەی تۆزقاڵێک پەندو عیبرەت لە کوێرەوەرییەکانی شەڕی ناوخۆی ئێستا و ڕابردوو، چ لەسەر ئاستی جیهان و ناوچەکەو چ لە ئاستی کوردستاندا وەربگرن، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بارودۆخەکە بەرەو گرژی و هەڵچوون و چارەنووسێکی نادیارتر دەبەن.

ئەوەی حەقیقەتە هەر لایەنە دەیەوێ بە تەنها حوکمی کوردستان بکاو دەسەڵاتی سیاسی بگرێتە دەست ئەمیش بۆ خۆی هەوڵدانێکە بۆ ئیحتکارکردنی حوکمو بەلاوەنانی پرنسیپەکانی دیموکراسییەتو فرە حیزبی کە هەر یەک لەو مێزانە لە ئەدەبیاتی سیاسییاندا بانگەشەی

بۆدەکەن. ئەمڕۆ تەنووری ئاگری شەڕی ناوخۆ لە هەلو مەرجێك دا داخراوە کە لە لایەك حکومەتی فاشی بەغدا هەڕەشەی (جدی) لە داگیرکردنەوەی کوردستان دەکاو بۆ ئەم مەبەستە هەرچی پیلانو کاری دوژمنکارانە هەیە ئەنجامی دەدا، لەلایەکی دیکەشەوە هێزە ئیقلیمی‌یەکان، ئەوانەی هەمیشە دوژمنی سەرسەختی مافە ڕەواکانی گەلی کورد بوون، یەك دەست و هاوئاهەنگی یەکتری تەونی پیلان گێڕی دەچنو دیانەوێ ئەم بارە سیاسی‌یەی ئەمڕۆی کوردستان زیندە بەچاڵ بکەن.

ئێمە پێمان وایە کوردستانێکی کاولکراوو گەلێکی ڕووتو برسی بەرگەی شەڕی ناوخۆ و ئاسەواری ترسناکی ئەم شەڕە ناگرێ. درێژەپێدانی شەڕو پێکدادان بە قازانجی دوژمنانی مەسەلەی ڕەواو عادلانەی جەماوەر تەواو دەبێت و ئاو بەئاشی ڕژێمی فاشیو ئەو هێزە نێو دەوڵەتی و ئیقلیمی‌یانەدا دەکات کە نەخشەو پیلانی هەمە جۆریان بۆ داڕشتووە. ئەم شەڕە ئەگریسەی یەخەی هەموو خەڵکی کوردستانی گرتووە بێجگە لە برسێتیو گرانی و کوێرەوەری و بە فیڕۆدانی خوێنی کرێکارانو زەحمەتکێشانی کوردستان هیچ بەرەنجامێکی دیکەی لێ چاوەڕوان ناکرێ بەڵکو ئەوە هەر خەڵکی هەژارو برسی و ڕەشو ڕووتی کوردستانە دەبنە سووتەمەنی ئاگرەکەیو ئەوەش هەر هێزە نێودەوڵەتیو ئیقلیمی‌یەکانە باری دەستێوەردان و هاڕینی دوا ئاواتو ئامانجی ڕزگاریخوازانەو هەق خوازانەی گەلی ستەمدیدەی کوردیان بۆ دەرەخسێ.

ئێمە پێمان وایە کەجەنگی ناوخۆیی ئەم جارە لە بنەڕەتدا بۆ ئەو قەیرانە قووڵەی حوکم دەگەڕێتەوە کە لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری (١٩٩١)ەوە، لەڕێی یاسای هەڵبژاردنو پیادەکردنی پەرلەمانو حکوومەتی نیوە بەنیوە هاتە ئاراوە، ئەو یاسایەی بەرەی کوردستانی دایڕشتو بێ ئیستفتای جەماوەر سەپاندی، ئەو حکومەتو پەرلەمانەی لەمێژووی رابردوو و ئێستای ئەم دونیایەدا لە وێنەی نەبووەو نی‌یە. سروشتی ئەم حکوومەتە قۆرخ کردنی دەسەڵاتو بەرتەسك کردنەوەی ئازادی و سڕینەوەی دیموکراسی و دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی جەماوەر بوو لە حوکم کردنی خۆی دا. هەڵبەت بوونی میلیشیای جیاجیای حیزبەکانو بالادەستی چەكو زمانی گوللەو سەروەریتی بالی عەسکەری لە

بەڕێوەبردنی حوکمداو هەڵپەکردنی کۆکردنەوەی دەنگو فراوان کردنی نفوزی سیاسی، ڕۆڵی کاریگەریان لە ئاڵۆز کردنو پاشان تەقاندنەوەی ناکۆکییەکاندا هەبوو کە سەرئەنجامەکەشی بەم شەڕە خوێناوییە شکایەوە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی ژیاندنەوەی پەیوەندی عەشایەری لەلایەن هەردوو هێزە دەسەڵاتدارەکەوە، دەرفەتێکی باشی بۆ خیانەتکارانو پیاوانی زووی ڕژێم ڕەخساند خۆیان لەناو ڕیزەکانی ئەم لایەنو ئەو لایەندا ببیننەوەو ئەمڕۆش لە کوشتارگای شەڕی ناوخۆدا ڕۆڵی کاریگەر ببینو جارێکی دیکەش دەستیان بە خوێنی جەماوەری چەوساوەی کوردستان سوور بکەن.

ئەی جەماوەری کرێکارانو زەحمەتکێشانی کوردستان!

ئێمە دەنگمان دەخەینە پاڵ دەنگی نارەزاییو بێزاری ئێوەی خێرنەدیو، لە دژی یەکتر کوشتنی ناوخۆییو پەنجەی مەحکوم کردنی ئەم شەڕە شان بە شانی هەموو حیزبو ڕێکخراوە سیاسیو پیشەییو جەماوەری و کەسانی خێرخوازو ئاشتی پەروەر لە کوردستاندا بەرز دەکەینەوەو ڕوو لە لێپرسراوانی هەردوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە دەکەین کە بە پیر خواستی خەڵکییەوە بچن و سەر بۆ بەرژەوەندی باڵای مەسەلەی کوردو دوارۆژی نەوەکانی ئەم گەلە دانەوێننو هەرچی زووەو بەپەلە شەڕ ڕابگرنو لە ڕێگەی وتووێژەوە کێشەو ناکۆکییەکانیان تاوتووبکەن. هەروەها ڕوو ئەکەینە جەماوەری کوردستان کە بە شێوەی جۆراوجۆر گوشاری خۆیان ئاڕاستەی ئەم دوو حیزبە دەسەڵاتدارە بکەن تا کۆتایی بەم دۆخە نائاساییو نالەبارە بهێنن.

ئێمە پێمان وایە کە پەرلەمانو حکوومەتی هەرێمی کوردستان شکستی خواردووەو هەڵوەشاوەتەوەو بەیەکادانی چەکدارەکانی هەردوو لایەنی هاوبەش، شەرعییەتی یاسایییانی پووچەڵ کردووەتەوە، هەر لایەنەو بە پێی دەسەڵاتی ناوچەیی خۆی نوێنەری ئەو لایەنی لەکار خستووە. بۆیە بەستنی بەپەلەی کۆنگرێسێکی نیشتمانی بە پێویست دەزانین کە هەموو حیزبو ڕێکخراوو گروپو چینو توێژە کۆمەڵایەتییەکانی تێدا بەشداربن، بۆ ناوبژی نێوان لایەنەکانی شەڕەکە لەلایەک و بۆ هەڵبژاردنی حکومەتێکی کاتی لەلایەکی دیکەوە کە ئەرکی بەڕێوەبردنی کوردستان لە ئەستۆ بگرێ و هەڵو مەرجی حوکمێکی شێوە

نوێ یان هەڵبژاردنێکی نوێ ئامادە بکات. گەڕانەوە بۆ ڕای جەماوەر و سەرپشك کردنی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان لە بڕیاردانی مەسەلە چارەنووس سازەکاندا ڕێگەی راستەقینەی دەرچوونە لەم قەیرانە کوشندەیە.

ئێمە بۆ بەدیهێنانی ئاشتی و بنبڕکردنی شەڕی ناوخۆییو ئاگربڕی ئەو مەترسییانەی دووچاری گەلەکەمان بووە، ئەم راگەیاندنەمان بە پێویست زانی و بەتەنگەوە هاتن و بە پیرەوە چوونی، ئەرکی بەپەلە و لە دوا خستن نەهاتووی ئەمڕۆیە و پشت گوێ خستنی ئۆباڵی مێژوویی دەخاتە ئەستۆی ئەوانەی دەستکەوتی خەباتو قوربانییەکانی ڕاپەڕینو بەرژەوەندی باڵای جەماوەر بە قوربانی دەسکەوتی حیزبایەتی تەسکی خۆیان دەکەن.

جەماوەر شەڕو برسێتی ناوێت — نان و ئازادی دەوێت

دەستەی نووسەرانی گۆڤاری:
..دوارۆژ..ئەڵتەرناتیف..شەبەنگ..بڵێسە..ئەدەبو هونەری کرێکاری..

١٩٩٤/٥/١٩
(چاپی یەکەم)
١٩٩٤/٥/٢٤
(چاپی دووەم)

* ڕێکخستنی ئەلکترۆنی (تنضید): نووسینگەی زانین بۆ کاروباری کۆمپیوتەر، گەڕەکی مەهاباد، هەولێر

* دەرهێنانی هونەری: نووسینگەی ئومێد / عبدالقادر علي مردان.

# DUWAROĴ

*IDEOLOGICAL,*
*POLITICAL,*
*INDEPENDENT*
*MAGAZINE*

هەواڵنامەی کتێب

دوارۆژ

# المستقبل

مجله فكريه سياسيه مستقله

العدد 2 تموز 1994